




سەید قوتب



حەسەن بەننا

# ئەوانەی لە کوردستان ئایین وەک سیاسەت بەکاردەهێنن دەیانەوێت نەریت و کولتوور و مێژووی پڕشکۆمان بشێوێنن



پێش ئەوەی باس لە مەترسی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت لە کوردستان بکەین، پێویستمان بەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئایا ئەو پارت وبزاڤە ئیسلامیانەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەن بەشێکن لە مێژوو و رەسەنایەتی گەلی کوردستان ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە موناقەشەی ئەم پرسە گرنگە بکەین و ئەو هەقیقەتە بۆ گەلی خۆمان روونبکەینەوە کە لایەنێکی سیاسیی وەك یەکگرتووی ئیسلامی هەڵگری ئایدۆلۆژیەتێکی بێگانەیە نەك ئیسلامی ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە موناقەشەی ئەوە بکەین کە ئەبو موصعەبی زەرقاوی، بورهانەدین رەبانی،حیکمەت یار، حەسەن بەننا، سەید قوتب، لای کورد وەك سەرچاوەی ئیسلام سەیرناکرێن و کەسیش ناتوانێت ئەم کەسانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەك رابەرانی ئیسلام پێناسە بکات؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەدەنگی بەرز باسی ئەوە بکەین، ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستان هەموو هەوڵیان بۆ شێواندنی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانە و لەبەر ئەوەی خۆیان لەو مێژووە بێ بەشن، یان لە رۆژە سەختەکانی ئەنفال و کیمیابارانیدا رۆڵی تێکدەریان گێڕاوە، وەك مۆستا سەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری گشتی ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان لە دوای کیمبارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال بە ئۆردوگای ئاوارەکاندا گەڕاوە کە خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی کوردستان لە مقاوەمەت دژی رژێمی بەعس پەشیمان بکاتەوە ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە باسی ئەوە بکەین گۆڕینی ئیسلامەتی و بیروباوەڕی موسڵمانی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شێواندنی بە بیانووی بانگێشە کردن بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری بێگانە کە سەرچاوەکەی فیکرێکی عەرەبچێتیە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە هاوڵاتیانی خۆمان بڵێین یەکگرتووی ئیسلامی هەڵتاندەخەڵەتێنێت و هەرگیز ئیخوانی موسلمین موسڵمانی کورد وەك موسڵمانی تورك وپاکستانی سەیر ناکات و لەدیدی ئەواندا لەبەر ئەوەی موسڵمانی تورك یان پاکستانی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ ی خۆیانن، مافی خۆیانە ئیسلام بۆ پێشخستنی وڵاتی خۆیان بەکاربهێنن و ئەو مافە بەکورد رەوانابینن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هاوڵاتیانی کوردستان لەو راستیانە تێبگەن، مەرجی ئەندام لە هەر رێکخراو یان پارتێکی ئیسلامی سەر بەئیخوانی موسلمین (بەتایبەتی ئەوانەی وەك کورد بێ دەوڵەتن) دەبێت زمانی عەرەبی بزانن یان دەبێت خۆی فێری زمانی

●●●

**ئەوانەی دوێنێ تێزابیان بە ئافرەت و ژنانی کوردستان دەکرد و کتێبخانەکانیان دەتەقاندەوە و پەرلەمان و دیموکراسیان بە کوفر لە قەڵەم دەدا، دەبێت راشکاوانە پابەندی خۆیان بە بنەماکانی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکان و ئازادی تاك رابگەیەنن**

●●●

●●●

**دیموکراسیەت گەمەی دەستی وڵاتانی دراوسێی و ناحەزانی هەرێمی کوردستان نییە**

●●●

> ئەوە دیموکراسیەت نییە کەسێکی وەک مامۆستا سەلاحەدین بەهادین کەخۆی بە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان دەزانێت، لەژێر لێوەوە بەرگری لە جاشێکی وەک ئەرشەد زێباری بکات

عەرەبی بکات؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە گژ ئەو بیربۆچوونەی بێگانەدا بچینەوە کە لەژێر پەردەی ئیسلامدا خەریکە ڕیزەکانی ناو میللەتی کورد تێکدات و برایەتی نێوان کوردی موسڵمان و کوردی ئێزدی دەشێوێنێت، کوردی شیعە وسونە لەیەکتری جیادەکاتەوە ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەدەنگی بەرز بە هاوڵاتیانی خۆمان بڵێین ئینتمای نیشتمانی بۆ ئەم خاکە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە لە جێبەجێکردنی پلانی ئیخوانی عەرەبی و بەرنامەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی گەورەترە؟ بەئاشکرا بڵێین منی کوردی موسڵمان مەلك چەکۆی کریستیان برامە کە خوێنی لەگەڵ خوێنی شەهیدانی من تێکەڵی ئەو خاکە بووە و هەرگیز سۆدانیەك یان سۆماڵیەك برای من نین و هیچ خاڵێکی هاوبەشیش لە نێوانماندا نییە ؟ کاتی ئەوە نەهاتووە ڕاشکاوانە باسی ئەوە بکەین کە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان بە ئیخوان موسلمین دەزانن، هەر هەموویان بارەگاکانیان لانکەی پەروەردەکردنی بیری توندڕەوی و پاشانیش تیرۆرست دروستکردنە؟ ئایا شتێکی شاراوە دەڵێن ئەگەر بڵێین ئەوانەی ئاراستەی ئیخوان موسلیمنیان لە ئاراستەیەکی خەیری و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕی بۆ ئاراستەیەکی سیاسیی وەك حەسەن بەننا و سەید قوتب دامەزرێنەری بیری تیرۆریزمن لە ئیسلامدا و هەر ئەوان تیرۆریان تێکەڵی ئیسلام کرد و لە پێناوی عەرەبچێتی، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان ناشرین کرد ؟ ئایا ئەبو موسعەبی زەرقاوی، خالید ئیسلامبولی، ئێستاش ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماس دیاریە جوانەکانی قوتابخانەکانی ئیخوان موسلمین نین؟ ئەمانە و دەیان و سەدان پرسیاری دیکە بابەتی موناقەشە و هەڵسەنگاندنی واقیعیانە و مەدەنیانەیە و دەبێت ئەوانەی دوێنێ بە ناوی ئاشتیخوازی بڕوانەبوون بەچەك خەڵکیان لە خەبات وموقاوەمەت سارد دەکردەوە و ئەمڕۆ بە ناوی مەدەنیەت خەڵکی کوردستان لە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان نائومێد دەکەن، دەبێت ناسنامەکانیان ئاشکرا بکرێت، ئەوانەی لە پاکستان و ئەفغانستان مەشقدراون و دەیانەوێت ئەزموونی تالیبان لە کوردستان دووبارە بکەنەوە، دەبێت ناسنامەکانیان ئاشکرا بکرێت . ئەوانەی دوێنێ تێرابیان بە ئافرەت وژنانی کوردستان دەکرد و کتێبخانەکانیان دەتەقاندەوە و پەرلەمان و دیموکراسیان بە کوفر لە قەڵەم دەدا، دەبێت ڕاشکاوانە پێچەوانەی قسەکانی دوێنێیان بسەلمێنن و پابەندی خۆیان بە بنەماکانی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکان و ئازادی تاك ڕابگەیەنن.

دەبێت ئەوە ئاشکرا بکرێت دیموکراسیەت گەمەی دەستی وڵاتانی دراوسێی و ناحەزانی هەرێمی کوردستان نییە، ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و سیاسەت بکات دەبێت، بەرنامەسیاسیەکەی پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان نەبێت ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی دەبێت ڕێز لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت، ئەوە دیموکراسیەت نییە کەسێکی وەك مامۆستا سەلاحەدین بەهادین کەخۆی بە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان دەزانێت، لەژێر لێوەوە بەرگری لە جاشێکی وەك ئەرشەد زێباری بکات، کە هەموو کوردێکی بەشەرەف بەجاش و خۆفرۆشی دەزانێت و هێندە تاوانبارە تەنانەت نەشیتوانیووە، سوود لەو چەندین لێبوردنە گشتیە وەربگرێت کە بەرەی کوردستانی و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەریکردووە، ئەمە کەی سوود وەرگرتن و ڕێزگرتنی ئازادیە کاتێك کەسێکی وەك سەلاحەدین بەهادین لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەی خۆیەوە بەرگری لە جاشێك بکات، لەبەر ئەوەی بەرێزی لە قاهیرە هاوشانی ئەو جاشە دانیشتووە و ئەوانەشی کۆنگرەکەیان بۆ ڕێکخستوون وەك یەك بانگێشی کۆنگرەی قاهیرەی کردوون و پێکەوە ئیمزایان لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە، ئەمە خۆسەپاندنە کاتێك لەسایەی ئازادی کوردستان و بەناوی خیتابی مەدەنیەوە هەستی ملیۆنەها هاوڵاتی کوردستان بریندار بکرێت و ڕاشکاوانە بگوترێت، ئەویش کوردەو جیاوازی لەگەڵ کوردێکی دیکە نییە، بەڵام ئەو پرسیارە لە مامۆستا بەهادین دەکەین، ئەرشەد زێباری دوژمنی سەر سەختی بەرژەوەندی نیشتمانی کوردستانەو، تۆش لە سایەی ئەو ئازادی و دیموکراتیەی کە حزبە کوردستانییەکان لە ئەنجامی خەباتێکی بێ وچان و سەختدا بەرهەمیان هێناوە، چ یاسایەك ڕێگە دەدا لە ژێر ئەو چەترە نیشتمانی و دیموکراتییە داکۆکی لە سەرەك جاشێکی وەك ئەرشەد بکەیت و بڵێیت ئەویش کوردە و جیاوازی لەگەڵ کوردێکی دیکە نییە ئایا ئەمە ڕێك دژ بە بەرژەوەندیی کوردستان نییە، کەچی لێپێچینەوەشت لەگەڵدا ناکرێ؟!، یان کەسێکی وەك عەلی باپیر کە خۆی لەژێر پەردەی ئیسلامدا شاردۆتەوەو لەسەر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنەی بە پارەی دەوڵەتانی دراوسێ بەڕێوە دەچێت بانگێشە بۆ ئەوە دەکات سیاسەتی عەلمانی هەمووی درۆ و فرو فێڵە، بەڵام سیاسەتی خۆی ڕێکوپێکە و ڕاستە، بەڵام بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئەوانەی ئاگاداری مێژووی عەلی باپیرن بەبەڵگە ئەو ڕاستیانەیان باسکردووە، کە عەلی باپیر ئامانجی چییە و دەیەوێت بگاتە کوێ.

خراپ سوود وەرگرتن لە ئازادییەکانی کوردستان و چاوپۆشینی پارتی ویەکێتی و پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەندێك هەڵسوکەوتی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان، نیشانەی بەهێزی ئەوان و بێهێزی بەرامبەر نییە، بەڵکو بواردانە بۆ فەراهەمکردنی ئازادی و پیادەکردنی دیموکراسی، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی ئەم ئازادییە ببێتە هۆکارێك بۆئەوەی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان بکرێت بە دیاری و پێشکەشی ئیخوان و بن لادن بکرێت، ئەو کاتە ئەمە لە ئازادی دەردەچێت و دەبێت بە یاریکردن بە ئاگر.

> خیتابی مەدەنیانەی ئیخوانە میوانەکەی کوردستان ئەوەیە کە پەروەردەی منداڵی کورد لە فێربوونی ئەی ڕەقیبەوە بگۆڕێت بۆ ئەو سرووده ئایینیانەی کە ئیخوان وەک پرۆگرام بە نیشتمانی عەرەبیدا بڵاویدەکاتەوە

### خیتابی مەدەنی جیاکردنەوەی ئایینە لە سیاسەت گەڕانەوەی کەرامەتە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانی کورد

بەڕێز مامۆستا محەمەد گەزنەیی کە یەکێکە لە دەرچوانی زانکۆی ئەزهەر و یەکێکە لە ئەندامانی یەکێتی زانایانی کوردستان و موفتیە لە کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتە و بەزمانە شیرین و جوانەکەی و بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت تانەو تەشەر لەو پارتە ئیسلامیانەی کوردستان بدات کە

خۆیان بە پاشکۆی ئیخوان موسلمین دەزانن، بۆی گێڕاینەوە و کە بەڕێزی لە میسر بە سەرکردەکانی ئیخوان موسلمینی گوتووە (گوناهتان دەگات کاتێك یەکێك پەیوەندیتان پێوە دەکات لەسەری فەرز دەکەن مەزهەبی خۆی بگۆریت بۆ حەنبەلی و لە کاتی نوێژکردندا وەك ئێوە دەست بگرێت و لنگی بڵاو بکاتەوە، ئەوە نابێت قەیدی چیە با ئیخوان بێت و لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی بێت، ئەوە بۆ خۆشتان خراپە ئاخر میللەتی کورد هەمووی لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعیە لێتان قبوڵ ناکەن ) ئەمە قسەیی پیاوێکی عەلمانی نییە هەتا بڵێین ئەوە مەبەستیانە لە سەنگی ئیخوانەکان کەمبکەنەوە، نەخێر ئەمە قسەی زانایەکی ئایینی ئیسلامی کوردە، کە خەمخۆری ئەوەیە ئایینی ئیسلام لە ناو کوردا هەر بەبەرز و پیرۆزی بمێنێتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گۆرینی ئەم مەزهەبە لە شافعیەوە بۆ حەنبەلی هیچ زیانێکی هەیە ؟ لەوانەیە ئەوانەی لە دیدێکی ئایینیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن بڵێین هەموو مەزهەبەکان یەك سەرچاوەیان هەیە دەکرێت لەسەر هەر کامیان بین وەك یەکە؟ ئێمەش دەڵێین راستە دەکرێت بۆ یاسا دانان وەك هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە کوردستان سوود لەهەموو مەزهەبەکان وەربگیرێت وهەمووشیان وەك یەك سەیربکەین، بەڵام هەوڵدان بۆ گۆرینی پێرەوکردنی مەزهەبی شافیعی لای کورد کە سەدان ساڵە پێرەوی دەکات مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیەو بۆ ئەوەیە تایبەتمەندی موسڵمانی کورد بشێوینریت .

لە راپۆرتەکانی پێشوومانداو لەسەر ئەوەی بۆچی کورد هێندە بە مەزهەبی شافعیەوە پابەندە و بۆچی ئەم مەزهەبەی هەڵبژاردووە پێرەوی بکات ؟ شارەزایانی ئایینی ئیسلام و مێژووی ئایینی ئیسلام لە کوردستان پێیان گوتووین :

١- مەزهەبی شافیعی لە هەموو مەزهەبەکانی دیکە زیاتر پابەندە بەدەق و موسڵمان ناچار دەکات زیاتر پابەند بێت و بواری کەمتر بۆ تەفسیر هێشتۆتەوە،موسڵمانی کورد کە ئەم مەزهەبەی پێرەو کردووە لەبەر ئەوەبووە لە توانایدا هەبووە بەپێی ئەم پێرەوە موسڵمانیەتی خۆی بکات، هەربۆیە دەبینین وێڕای ئەوەی لە کوردستان دەسەڵاتێکی کوردستانی بەدرێژایی مێژوو نەبووە، لەگەڵئەوەی زۆر هەوڵدراوە ئیسلامەتی لە ناو کورد لاواز بکرێت، بەڵام ئیسلامەتی لای موسڵمانی کورد هەر بەبەرز و پیرۆزی ماوەتەوە .

٢- نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری کوردستان، عەرەب، فارس، تورك، هیچکامیان پیرەوی مەزهەبی شافیعی ناکەن، کەواتە بۆیە کورد ئەم مەزهەبەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ موسڵمانی کورد هەبێت و لە موسڵمانی تورك وفارس وعەرەب جیایبکاتەوە .

٣- ئیمامی شافعی قورەیشیە، قورەیشیش سەرچاوەی ئیسلامەتیە، کوردیش ویستویەتی لە سەرچاوەکەوە ئیسلام وەربگرێت و پیادەی ئیسلام بکات، هەربۆیە مەزهەبی ئیمامی شافیعی هەڵبژاردووە.

سەرنج بدەن پارتە ئیسلامیەکانی سەر بەئیخوان کە یەکگرتووی ئیسلامی یەکێکیانە، ئیدعای مەدەنیەت دەکەن، پێش هەموو شت هەموو هەوڵیان بۆئەوەیە شێوازی موسڵمانیەتی کورد بگۆڕن و وەك موسڵمانێکی تورك یان عەرەب یان پاکستانی لێبکەن، ئەمە جیاوازی چییە لەگەڵ قسەکانی نەجمەدین ئەربەکان کە دەیگوت لە تورکیا هیچ نەتەوەیەك نییە هەموو موسڵمانیین ئەوەی موسڵمانیش بێت تورکە، یان جیاوازی لەگەڵ دروشمەکەی میشل عەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی چییە کە دەیگوت ( هەموومان ئومەتی محەمەدین (د.خ)ئەوەی ئومەتی محەمەدیش (د.خ) بێت عەرەبە ) بێگومان مەبەستی عەفلەق لە ئومەتی محەمەد (د.خ) نەتەوە جیاوازەکانی نیشتمانی عەرەبی بوو، نەك هەموو موسڵمانان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمە دروشمی ئیخوان موسلمینیش نییە بۆ ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبانەی بەحسابی ئەوان لە نیشتمانی عەرەب دەژین، ئایا یەکگرتوویی ئیسلامی کە ئێستا دەیەوێت خیتابی مەدەنی بدات، دەتوانێت بە خیتابێکی مەدەنیانە تەنها یەك بەڵگە بۆ موسڵمانانی کورد بخاتە روو، بەوەی ئیخوان موسلمین ئیعتراف بە موسڵمانی کورد دەکات وەك کورد نەك برای موسڵمانی بێ ناسنامە .

لایەنێکی دیکەی خیتابی مەدەنیانەی ئیخوانە میوانەکەی کوردستان ئەوەیە کە پەروەردەی منداڵی کورد لە فێربوونی ئەی رەقیبەوە بگۆڕێت بۆ ئەو سرووده ئایینیانەی کە ئیخوان وەك پرۆگرام بە نیشتمانی عەرەبیدا بڵاویدەکاتەوە، ئایا یەکگرتووی ئیسلامی دەتوانێت بە خیتابێکی مەدەنیانە بۆ موسڵمانانی کوردی ئیعلان بکات کە ئەی رەقیب سروودی نیشتمانی کوردستانە و ئامادەیە وەك سروودی نیشمانی ئیعترافی پێبکات ؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی ئامادەیە شانازی بە ئاگری نەورۆزەوە بکات و بەشداری لە ئاهەنگی هەڵگیرساندنی ئاگری نەورۆز بکەن نەك سەیرانی ٢١ی ئادار (مەبەستمان ئاگرکردنەوەی ئێوارەی ٢٠ی ئادارە )؟ئایا تائێستا کە ماوەی ١٥ ساڵە یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر سێبەری ئازادی کوردستاندا تەلەفزیونی هەیە رادیۆی هەیە رۆژنامەی هەیە، تەنها یەك بەرنامەی هۆشیاری نەتەوەی پێشکەش کردووە کە هاندان بێت بۆ پتەو کردنی ئینتمای نیشتمانی تاکی کورد بە نیشتمانەکەیەوەیە؟ ئایا هاتووە بەراستی وەك ئەوەی هەیە تێروانینی ئیخوان بۆ موسڵمانی کورد روونبکاتەوە و راشکاوانە پێیان بڵێیت سەرانی ئیخوان رێگە نادات موسڵمانی کورد کوردایەتی بکات؟ کەواتە دەبێت ئەو خیتابە مەدەنیەی ئاماژەی پێدەکەن دەبێت چی بێت؟ ئەوەی بە چاوی خۆمان بینومانە ئەمانەیە:

١- تێکدانی سیمای کوردانەی ژنی کورد کێ دەتوانێت خانمێکی کورد کەبەرگی موحەجەبە دەپۆشێت لە ژنێکی عەرەب جیابکاتەوە، ئەمە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر ئەو منداڵەی لە باوەشی ئەو دایکە پەروەردە دەبێت هەست ناکات دایکێکی کورد پەروەردەی دەکات، ئەم قسەیە نابێت وەك بانگێشە بۆ دژی موحەجەبە لێکبدرێتەوە، مێژووی ژنان وئافرەتانی کورد روون و ئاشکرایە و خانمی وەك خانزادی سۆران حکومران بووە و حکومرانی کردووە

●●●
**ئایا یەکگرتووی ئیسلامی ئامادەیە شانازی بە ئاگری نەورۆزەوە بکات و بەشداری لە ئاهەنگی هەڵگیرساندنی ئاگری نەورۆز بکەن**
●●●

●●●
**ئەمە نموونەی مامۆستا عەلی قەرەداخیە لەسەر تەلەفزیۆنی جەزیرە بە عەگال ودسداشە دەردەکەوێت ولە کوردستان بە مێشکی هەورامان و شاڵی کوردیەوە، ئایا تائێستا سەرکردەیەکی ئیخوان یان سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقی هاتووە کە دێتە کوردستان رانکوچۆغە لەبەر بکات، ئایا عەگال لەسەر نان و دسداشە لەبەر کردن خیتابی مەدەنییە؟**
●●●



**تەقلیدکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی رژێمی بەعس با بەرنامەیەکی وەرزیش بێت، مەسەلەیەکی رێککەوت نییە و بەڵکو ئەمە بەرنامەیەکە بۆ کاڵکردنەوەی ئەو جیاوازیانە و ئەو دژایەتیەی کورد بەرامبەر بە بەعس هەیەتی**

**چەند ساڵێک پێش ئێستا هەندێک بەرنامەی تەلەفزیۆنی ( اقرأ) یان دۆبلاج دەکرد و دەهاتن شەهادەت و هیدایەتی سەماکەرەکانی یانەی شەوانی میسریان بۆ ئافرەت وژنانی کورد تەرجەمە دەکرد، وەک ئەوەی لە کوردستان بەسەدان یانەی شەوانەی رابواردن هەبێت و بە هەزاران ئافرەتی کورد سەمای تیا بکات، پرسیار لێرە ئەوەیە باشە لە کوردستانێک کە هەتا ئێستاش ٨٠٪ی ئافرەتی کورد ئامادەنییە بە تەنها سواری تەکسی بێت، چۆن دێت هیدایەتی سەماکەرێکی بۆ دەکەیت بەکوردی**

و بەم شێوە ناشرینەی ئێستای کە ژن وئافرەتی کوردی پێ موحەجەبە دەکەن، موحەجەبە نەبووە، بەڵام بێ سەرپۆشیش نەبووە و کراسەکەشی کورت نەبووە، بۆ دەبێت بە ناوی ئیسلامەتیەوە سیمای کوردانە بسڕێتەوە، بۆ دەبێت ئافرەتی کورد بە زمانی کوردی عەرەبیانە بیربکاتەوە، ئەوانەی ئەم بەعەرەبی بیرکردنەوەیە بە ئیسلام بە موسڵمانی کورد دەفرۆشنەوە دەبێت کۆتایی بێت.

٢- بۆ دەبێت سیمای موسڵمانێکی کورد لە سیمای موسڵمانێکی میسری یان ئەردەنی بچێت و ریش وسمێڵی وەك موسڵمانێکی ئەردەنی یان میسر یان مەغریبی بهێڵێتەوە، بۆ دەبێت دەسکاری جلوبەرگی کوردی بکرێت و بشێوێنرێت و شەرواڵی کوردی کورتبکرێتەوە، بۆ دەتانەوێت قەناعەتمان پێبکەن عەگالی عەرەبی ودسداشە لەگەڵ مێشکی هەورامان و شاڵی کوردی وەك یەکە، ئەمە نموونەی مامۆستا عەلی قەرەداخیە لەسەر تەلەفزیۆنی جەزیرە بە عەگال ودسداشە دەردەکەوێت ولە کوردستان بە مێشکی هەورامان و شاڵی کوردیەوە دەردەکەوێت، ئایا بۆچی نەوەی داهاتوومان فێردەکەن بێریزی بەکولتوری خۆی بکات؟ ئایا تائێستا سەرکردەیەکی ئیخوان یان سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقی هاتووە کە دێتە کوردستان رانکوچۆغە لەبەر بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە توراسی موسڵمانی کوردە ؟ئایا عەگال لەسەر نان و دسداشە لەبەر کردن خیتابی مەدەنییە ؟

٣- هەتا ئێستاش مۆسیقای بەرنامە وەرزشیەکەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو . مۆسیقای بەرنامەی ( الریاضة فی الاسبوع) موئەیەد بەدریەکەی زەمانی رژێمی بەعسە، کەس نکۆڵی لەوە ناکات بەرنامەکەی موئەیەد بەدری بەرنامەیەکی سەرنج راکێش نەبووە، بەڵام تەقلیدکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی رژێمی بەعس با بەرنامەیەکی وەرزیش بێت، مەسەلەیەکی رێککەوت نییە و بەڵکو ئەمە بەرنامەیەکە بۆ کاڵکردنەوەی ئەو جیاوازیانە و ئەو دژایەتیەی کورد بەرامبەر بە بەعس هەیەتی، ئەمە بەرنامەی حزبی ئیسلامی عێراقیشە کە یاسای لە ریشەهەڵکێشانی بەعسیان گۆری و ئێستا دەیانەوێت بەعسیەکانی دوێنێ بەشێك بن لە کۆمەڵگەی عێراقی نوێ .

٤- جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە نەریتە رەسەنەکانی خۆی، بایەخدان بە کولتوری ئیخوان و تەرجەمەکردنی بۆ زمانی کوردی، چەند ساڵێك پێش ئێستا هەندێك بەرنامەی تەلەفزیۆنی ( اقرأ) یان دۆبلاج دەکرد و دەهاتن شەهادەت و هیدایەتی سەماکەرەکانی یانەی شەوانی میسریان بۆ ئافرەت و ژنانی کورد تەرجەمە دەکرد، وەك ئەوەی لە کوردستان بەسەدان یانەی شەوانەی رابواردن هەبێت و بە هەزاران ئافرەتی کورد سەمای تیا



بکات، پرسیار لێرە ئەوەیە باشە لە کوردستانێك کە هەتا ئێستاش ٨٠٪ی ئافرەتی کورد ئامادەنییە بە تەنها سواری تەکسی بێت، چۆن دێت هیدایەتی سەماکەرێکی بۆ دەکەیت بەکوردی، ئایا ئەمە دابڕان نییە لە کۆمەڵگە ؟ ئایا ئەمە ڕێنمایی دەرەوە نییە و بەبێ گوێدانە تایبەتمەندی کوردستان بڵاودەکرێتەوە ؟ ئەمەیە خیتابی مەدەنی؟

## ئەوانەی پەرلەمان وحکومەتی کوردستان تەکفیر دەکەن نابێت ڕێگەیان پێبدرێت لە پەرلەمان وحکومەت بەشداربن

مەترسی بزاڤ یان پارتی ئیسلامی توندڕۆ لەمەترسی بزاڤ یان ئەو پارتە سیاسییە ئیسلامییانە کەمترە کە بە ناوی خیتابی مەدەنیەوە ژەهر دەکەن بەدەمی موسڵمانان و هاوڵاتیانی کوردستان، هەردوولایان ئامانجیان کوشتن و بڕین وشێواندنی ناسنامەی نیشتمانی و ئینتمای نیشتمانی تاکی کوردستان، بەڵام ئەوانەی بە ئاشکرا توندڕۆن ئەوە بە ئاشکرا پەنا بۆ توندوتیژی وکوشتن دەبەن و ئەوانەشی ئیدعای ئەوە دەکەن هەڵگری خیتابی مەدەنین لە ژێرەوە ناسنامەی نیشتمانی و ئینتمای نیشتمانی بن کۆڵ دەکەن، هەتا کاتێك دەزانێت کابرا بە کوردی قسە دەکات بەڵام وەك ئوسامە تکریتی بیردەکاتەوە ئوسامە تکریتی لە ساڵانی ٩٣-٩٥ کە ڕۆڵی ئەمینداری ئیخوانی عێراقی هەبوو، شەرمی نەدەکرد دەیوت لە عێراق شوێنێك نییە ناوی کوردستان بێت، بەڵکو شیمالی عێراق هەیە، کابرا جلی کوردی لەبەرە بەڵام وەك کابرایەکی عەگال بەسەر باسی کوردایەتی دەکات، بەهەرحاڵ لەم چەند دێرە زیاتر مەبەستمان هەڵسوکەوت و ڕەفتاری توندڕەوانەیە بە ئیستغلال کردنی کەشوهەوای دیموکراسی، عەلی باپیر کە بە جلی کوردیەوە نەبێت لە کوردستان دەرناکەوێت، دوای ئەوەی ئەمریکیەکان لە زیندان ئازادیان کردوو، خۆی واپیشاندا کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئامادەیە بەشداری پرۆسەی سیاسیی ودیموکراتی لە کوردستاندا بکات، لەیەکەمین دانیشتنی پەرلەماندا کە ئەم زاتە وەك نوێنەرێکی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەشداریکردبوو، ئەوەی بە شەهیدانی کورد و کوردستان ڕەوانەبینی جەنابی هەستێتە سەرپێی و فاتیحایەکیان بۆ بخوێنی، ئەمە لە کاتێکدا ئەو بەرێزە لە سایەی خوێنی ئەو شەهیدانە لەو پەرلەمانە دانیشتووە، هەڵنەستایەوە بۆ سروودی نیشتمانی، ئێمە لێرەدا پرسیارێك لە ڕای گشتی کوردستان دەکەین، ئایا ئەگەر عەمرو موسای ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی لە پەرلەمانی کوردستاندا ئەم تەسەروفە جوانەی تۆی بکردایە ئایا میللەتی کورد چی پێدەگووت؟ باشە ئەمەئیسلامەتیە تۆ

●●●

**کەسێک هەیە قبوڵی ئەوە بکات دیموکراتی هۆکارێک بێت بۆ سوکایەتیکردن بەسەروەری نەتەوەیەک؟**

●●●

●●●

**بە ٢ وشە هەموو ئەمریکیەک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە وەڵامی بداتەوە ئێمە کێین ؟ واتە دەبێت هەموو تاکێکی گەلی ئەمریکی بە خۆیدا بچێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ دەوری سەروەریەکانی گەلی ئەمریکا کە ئەویش ئاڵای ئەمریکایە**

●●●

**هنتگتۆن بە کارەساتی دەزانێت ئاڵای ئەمریکی بەردەوام سیمبولی دەستی ئەمریکیەکان نەبێت، بە کارەساتی دەزانێت هەندێک یاسا بە ناوی ئازادی لە کۆنگرێس دەربچێت و ناسنامەی ئەمریکیبوون لاواز بکات**

**دەبێت هاتنی میوانەکان بۆ کوردستان وەک هاتنی شاندی ئەزهەری شەریف بێت و سەردانی مەزاری نەمران بکات کە مەزاری مستەفا بارزانی نەمرە سیمبولی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و دیموکراسیە لە عێراق ورۆژهەڵاتی ناوەراستدا**

ئەوانەی لەرێگای رزگاری ئـــازادی وکەرامەتی مرۆڤی کورد شەهید بوون رێزیان نەگریت؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە باشە بۆچی چەکدارەکانی حەماس بە شەهید حسابن، لە کاتێکدا ئەوانیش بە حسابی ئێوە شەر لەسەر خاکی فەلەستین دەکەن، نەك جیهاد بۆ ئایینی ئیسلام ؟ گوناهی پێشمەرگەی کوردستان هەر ئەوەندەیە کە بەشێك نەبووە لە ئایۆلۆژیەتێکی هاوردەی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردســـتان، بەڵام ئەوانەی تەلاری بازرگانی جیهان دەتەقێننەوە موسڵمان و شەهیدن، بەڵام پێشمەرگەی کوردستان شەهید نییە ؟ ئایا ئەمە خراپ سوود وەرگرتن نییە لەو ئازادییەی بەخوێنی ئەو شەهیدانە بەرهەم هاتووە ؟ لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە لە دەسەڵاتی سیاســـی کوردســـتانیش بکەین ئایا چۆن قبـــوڵ دەکەن لە ناو تەلاری پەرلەمانی کوردستان کە ماڵی شەهیدانە، سووکایەتی بە شەهیدان و سروودی نیشتمانی و سەروەریەکانی گەلی کوردستان بکرێت، ئایا هیچ کەســـێك هەیە قبوڵـــی ئەوە بکات دیموکراتی هۆکارێك بێت بۆ سوکایەتیکردن بەسەروەری نەتەوەیەك ؟ پرۆ فیسۆر هنتگتن دوای کارەســـاتی ١١ی ســـێپتەمبەر ئەو پرســـیارەی لەگەڵـــی ئەمریکا کرد:(ئێمە کێین؟ Who are we?) ئەم پرســـیارەی هنتگتن بەرەنجامی سەدان پرسیاری دیکەیە کە بۆ گەران بەدوای هۆکارەکانی ١١ی ســـێپتەمبەر وروژاندوویەتی، هەربۆیە هنتگتن تەنها لە پرســـیارێکدا ئەو هەموو پرســـیارانە کۆدەکاتەوەو بە ٢ وشە هەموو ئەمریکیەك رووبەرووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە وەڵامی بداتەوە ئێمە کێین ؟ واتە دەبێت هەموو تاکێکی گەلـــی ئەمریکی بـــە خۆیدا بچێتـــەوە و بگەرێتەوە بۆ دەوری ســـەروەرییەکانی گەلی ئەمریکا کە ئەویش ئاڵای ئەمریکایە، ئەو روودانی کارەساتی ١١ی ســـێپتەمبەر دەگێرێتەوە بۆئەوەی ئەمریکیەکان سەروەریەکانی گەلی ئەمریکایان فەرامۆشکردبوو، بەلایانەوە ئاسایی بوو لە یاریگای لوس ئەنجلوس تیپی ئەمریکا لەگەڵ تیمی مەکسیك یاری بکات و ئەوانەی ئامادەی بینینی ئـــەو یاریەن لە نـــاو ئەمریکادا و ناســـنامەی ئەمریکیان هەیە هاندەری تیپی مەکســـیك بن و لەو کاتەی یاریزانێکی ئەمریکی هێرش دەبات لەلایەن هاندەرانەوە سوکایەتی پێبکرێت،هنتگتۆن بە کارەســـاتی دەزانێت ئاڵای ئەمریکی بەردەوام سیمبولی دەستی ئەمریکیەکان نەبێت، بەکارەســـاتی دەزانێت بە رەســـمی کردنی زمانی ئیســـپانی لەو ویلایەتانەی کە زۆرینەی ئیسپانی زمانن ببێتـــە هۆکاری لاوازبوونی ئینتمای ئەمریکیەکان بۆ ئەمریکا، بە کارەساتی دەزانێت هەندێك یاسا بە ناوی ئازادی لە کۆنگرێس دەربچێت و ناســـنامەی ئەمریکیبوون لاواز بکات، لای هنتگتن رێگە چارە بۆ رێگرتن لە دووبارە نەبوونەوەی کارەســـاتی ١١ی ســـێپتەمبەر، بەتەنها دەرکردنی یاســـای ئەمنی نیشـــتمانی و چرکردنەوەی پشـــکنینی فرۆکەخانەکان و کامێرای چاودێری نییە بۆ پێشـــێلکردنی ئازادی تاك، بەڵکو چارەســـەری بنەرەتی لای هنتگتن گەرانەوەی ئەمریکیەکانە بۆ دەوری سەروەریەکانی گەلی ئەمریکا بۆ شانازیکردنە بە زمانی ئینگلیزی و کەلچەری ئەنگلۆسەکســـۆنی، ئەو رێگە پیشانی ئەمریکیەکان دەدات نەك هەمـــوو مرۆڤایەتی بۆیە دەبێت تێزەکانیشـــی لـــە چوارچێوەی باردۆخی تایبەتی دوای کارەســـاتی ١١ی ســـێپتەمبەر ســـەیر بکرێن، ئێمە وەك کورد دەبێت ســـوودێکی گەورە لەو پرســـیارەی هنتگتن وەربگرین، بەڵام دەبێت بەپێی واقیعی کوردستان وەڵامی بدەینەوە،ئێمـــەش وەك ئەمریکیەکان لەبەردەم هەمان پرســـیارین، بەڵام وەڵامی ئێمە ئەوەیە چۆن نەهێلین کارەســـاتی کیمابارانی هەڵەبجە وئەنفال دووباربێتەوە، ئەم دووکارەســـاتە لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە،بەڵام رێگە چارەکە هاوشێوەیە، دەبێت ئێمەش بگەرێینەوە بۆ دەوری ســـەروەریەکانی گەلی کوردستان و رێز گرتنی بەرهەمەکانی خوێنی شەهیدان و قبوڵ نەکەین کەس بێرێزیان پێبکات، زیاتر لەمەش :

- نابێـــت رێگە بدەین بەهیچ گـــروپ و لایەنێك ئیدعا کردنی بۆ هـــەر ئایدۆلۆژیەتێك ئەوجا ئایدۆلۆژیەتی سیاســـی بێتیان ئایینی، ئەو ئیدعایە ببێتە هۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و لاوازکردنی ئینتمای نیشتمانی تاکی کوردستان .
- نابێـــت رێگە بدەین برایەتی وپێکەوە ژیانی ناو پێکهاتە ئەتنی وئاینیە جیاوازەکانی کوردستان بگۆرێت بۆ برایەتی نێوان برایانی مەســـیحی، یان برایانی ئێزدی، یان برایانی موسڵمان، ئایینیش وەك نەتـــەوە پەیوەندی بەکەمی و زۆریـــەوە نییە، هیچ لایەنێك ئەوجا کورد بێت (بە ئیســـلام و ئێزدیەوە، بەسوننە وشیعەوە) یان مەسیحی بێت ئەوانیش بەهەموو مەزهەبە جیاوەزاکانیەوە، ئایین تێکەڵی سیاسەت بکات، یان ئایین بکاتە هۆکارێك بۆ جیاوازی مەزهەبی ئایینی یان رەگەز پەرستی .
- ئەوەی بریاری دابێت لەســـەر ئەم خاکە بژی یان بە میوانیش بێتە کوردســـتان، دەبێت رێز لە ســـەروەریەکانی گەلی کوردستان بکرێـــت، نابێت رێگـــە بدرێت تەنانەت میوانیش پێبخاتە ســـەر خاکی کوردســـتان ئەگەر رێز لە تایبەتمەندیەکان وسەروەریەکانی گەلی کوردستان نەگرێت، راشکاوانەتر و ئەگەر عەمرو موسای ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی،یان ئەمینداری کۆنگرەی ئیسلامی بە ناوی عەرەب یان خاکی ئیسلام بێنە کوردستان



دەبێت ڕێگەیان پێنەدرێت، دەبێت هاتنی میوانەکان بۆ کوردستان وەك هاتنی شاندی ئەزهەری شەریف بێت و سەردانی مەزاری نەمران بکات کە مەزاری مستەفا بارزانی نەمرە سیمبولی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و دیموکراسیە لە عێراق ورۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری لە کاتی سەردانی برێمەر بۆ پەرلەمانی کوردستان بینبووی تەنها بریمەر بە وێنەکەی بارزانی نەمری گووتبوو ئەو وێنەیە کێیە،بۆیە ئەم تەسروفاتەی لە هاوڵاتی وڵاتەکەی خۆی قبوڵ نەکرد و لە رۆژنامەی فاینەشیاڵ تایمز وتارێکی بۆ رای گشتی ئەمریکا بڵاوکردەوە و رەخنەی لە ئیدارەی ئەمریکی گرت کە دبلۆماتێکی نەزان و نەشارەزای ناردووە بۆ عێراق و نازانێت مستەفا بارزانی کە سیمبولی میللەتی کوردە کێیە؟ براندن پرسیارێك لەگەلی ئەمریکی دەکات و دەڵێت : ئەگەر دبلۆماتی وڵاتیك بێتە کۆنگریس یان کۆشکی سپی و جۆرج واشنتۆن نەناسێ ئێوە چی پێدەڵێن؟ ئایا بە نەزان ونەشارەزا وەسفی ناکەن؟ ئەمە شتێك نییە لەکەس قبوڵ بکرێت نەك لە هاوڵاتی ناوخۆ بەڵکو لە میوانێکیش کەبەسەردان دێتە کوردستان.

• دەبێت شەهید ناسنامەی هەموو ئەو تێکۆشەرانە بێت کە لە پێناوی بەرزراگرتنی ئاڵای کوردستان و بەدیهێنانی ئەم رۆژەدا گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، ئەوانەی لە قوتابخانەکانی ئەفغانستان و ئیخوانی موسلمینەوە نێردراون بۆ کوردستان . نەك هەر بۆیان نییە ناسنامە بۆ شەهیدانی ئێمە و سەروەریەکانی گەلی کوردستان دیاری بکەن، بەڵکو دەبێت ڕێگەیان پێنەدرێت لە ژێرسێبەری خوێنی شەهیدانا بە ئازادی بژین.

• دەبێت هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەر لەمپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی راست، ڕێز لە تایبەتمەندی گەلی کوردستان بگرێت، بەتایبەتمەندی نەتەوەیی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەوە قبوڵ نییە بە ناوی ئیسلامەوە سووکایەتی بە دابونەریتی موسڵمانی کورد بکرێت، نەریتەکانیان بگۆرێت، هەر لە پرسە دانان، سەرقەبران، شین و شایی، پێکهاتنەوە و گەردن ئازادی،ئەمانە راستە کولتوری ئایینین، بەڵام بوونەتە بەشێك لە کولتوری نەتەوەییمان و کەس بۆی نیە بە موسڵمانی کورد بڵێت کە نوێژ دەکەیت دەستت بەرز بگرە یان لنگت فش بکەرەوە، کەس بۆی نیە کولتوری عەرەبی، تورکی، فارسی،یان پاکستانی، بەناوی ئایینەوە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، باشترین بەڵگە بۆ بەرزی ئاستی موسڵمانیەتی کورد نەریتە بەرزەکەی سوڵتان موزەفەرە کە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری (د.خ) لە جیهانی ئیسلامیدا کرد بە نەریت و کەس ئەوەندەی شاعیرانی کورد شیعری بەسەر پێغەمبەر (د.خ) نەنوسیوە، بەڵام ئەمە کولتوری عەقیدە و ئیمانی موسڵمانی کوردە نەك کولتوری عەرەب یان تورك یان فارس،لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نابێت نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بە ناوی ئایینەوە بشێوینرێن، شێوازی شین وشایی بگۆرێت، هەندێك نەریت هەیە لە بنەڕەتدا ئایینیە، بەڵام ئێستا بۆتە نەریتی کۆمەڵایەتی، هەروەك دوو جەژنە پیرۆزەکە رەمەزان و قوربان، هەروەها پێشوازی و پیرۆزی مانگی رەمەزان و نەریتی کوردانەی بەرێکردنی شەوانی مانگی رەمەزان، لەسەر ئاستی مێژوویش، کورد موسڵمانە بەڵام خاوەنی مێژووی خۆیەتی، ئەم مێژووە پەیوەندی بە ئیخوانی میسر و تیرۆریستانی ئەفغانستانەوە نییە، بۆیە ئەوانەی مێژووی ئیخوان و وەهابیزم دەکەن بە مێژووی کورد و وەك چۆن لە ناو شاری هەولێردا باشترین مزگەوت کە مزگەوتی صەوافە بە ناوی کابرایەکی عەرەبی موسڵاوی ناونراوە نەك پیاوێکی ئایینی و نیشتمانپەروەری هەولێری .

ئەوەی لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە ئاراستەیەکە دەبێت شەفافانە و مەدەنیانە لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگەی خۆمان قسە بکەین، کاتی ئەوە بەسەر چوو خەڵکانێك خۆیان لە ژێر ئیمانی موسڵمانی کورد بشارنەوە و لەناو خاك و پایتەختی کوردستاندا مێژوو بۆ غەیرە کورد بنووسنەوە.

●●●
**براندن پرسیارێک لەگەلی ئەمریکی دەکات و دەڵێت: ئەگەر دبلۆماتی وڵاتیک بێتە کۆنگریس یان کۆشکی سپی و جۆرج واشنتۆن نەناسێ ئێوە چی پێدەڵێن؟ ئایا بە نەزان ونەشارەزا وەسفی ناکەن؟**
●●●





هەر لەشێخ عوبیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و تا دەگاتە شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد وجەنابی بارزانی نەمر، هەموویان پیاوی ئایینی بوون، بەڵام لە ژێر پەردەی ئایینیدا شۆرشیان هەڵگیرساندووە

## پشتیوان صادق
## بەرپرسی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان ئیمتیدادی ئیخوان موسلمین و وەهابیزمن و بەرهەمی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کورستان نین

...

کە دەچیتە لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەنجێك دەبینیت ناوی پشتیوان صادقە و هەڵگری بروانامەی ماستەرو قوتابی دکتۆرایە لە یاسا و بەرپرسی لقێکی گەورەی وەك لقی ٢ ە کە سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکخستنەکانی پارتێکی گەورەو جەماوەری وەك پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، کە لەگەڵ پشتیوان صادق دادەنیشیت، زۆر کەم باسی ئایدۆلۆژیاو ئەدەبیاتی حزبی دەکات،ئەوەی گوێت لێدەبێت هەست دەکەیت دیدگای ئەم گەنجە جیاوازە لە دیدگای زۆر بەرپرسانی دیکە، چونکە پشتیوان نەك هەر گەشبینە بەڵکو ئومێدێکی گەورەشی بە ئایندە هەیە و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئومێدەش پڕ جوولەو بزێوە و بەرنامەیەکی بۆ خۆی داناوە، هەر لەوەرزشکردن و خوێندنەوەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی و بەسەرکردنەوەی خەڵك و پێشوازیکردنی بەردەوامی لەتەواوی خەڵکی شاری هەولێر جێگەی بۆتەوە، کە ئێمە سەردانیمان کرد باسی ئەوەی کرد کاری ڕێکخستنی لقێك وا پێویست دەکات، بەرپرسی لقماڵەکەی لە لقەوە زۆر نزیك بێت، ئەمەش لە پێناوی تەفاعولێکی بەردەوامی لەگەڵ لقەکەیی و ئازارەکانی خەڵکدا. لەوانەیە ئەم دیاردەیەی پشتیوان دیاردەیەکی تارادەیەك کەم بێت، لەبەر ئەوەی کەمتر زەمینەی لەبار هەبووە تا گەنج بەرپرسیاریەتی گەورەی بخرێتە ئەستۆ، بەڵام بەردەوامی و سەرکەوتنی پشتیوان لە کارەکەی و خۆشەویستی ئەو بۆ جەماوەر و خۆشەویستی جەماوەر بۆ ئەم لاوە، هەلی لەبارتر بۆ گەنج دەڕەخسێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکە گرنگەکان، بەتایبەتی کە پشتیوان صادق لە نەوەی دوای ڕاپەرینە و پلە بەپلە قۆناخەکانی ڕێکخستنی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەرپرسیاریەتی حزبی لە پایتەختی کوردستان پێ بسپێردرێ .لەو ڕوانگەیەوە سەردانی پشتیوان صادقمان نەکرد، کە بچین هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانمان لەسەر مەترسیەکانی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت بۆ ڕوونبکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە چووین لەگەڵ گەنجێکی خوێنەوارو پسپۆر لەبواری یاسا وشارەزا لەسەر پرسی ئیسلامی سیاسیی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و زانستی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەمجارەش هەستمان بە هەندێك تەحەفوزات (خۆپارێزی)ی ئەمیش کرد و ترسی ئەوەی هەبوو بۆچوونەکانی وەك ڕای شەخسی بۆچوونی کەسێکی ئەکادیمی و تایبەتمەند لەو بوارە نەخوێنرێتەوەو تەفسیری سیاسیی لابەلای بۆ بکرێت، بۆیە ئەگەر لەهەندێك شوێندا پشتیوان هەندێك بە قووڵی و بەراشکاوی لەسەر پرسەکان هەڵوەستەی نەکردووە، لەبەر ئەوەیە کە نەیتوانی سەد دەر سەد وەك ئەکادیمی و تایبەتمەندێکی ئەو بوارە بۆچوونەکانی دەربڕێت، ئێوەش کە دیمانەکە دەخوێننەوە بە زەقی هەست بەم خۆپارێزییەی دەکەن کە ئەمە دیمانەکەیەتی:

...

جوانی تێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد و نەتەوەی کورد لەوەدایە کە ئیسلامی وەک لێبوردەیی و پێکەوە ژیان تەفسیر کردووە

*** ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەرەو بونیادنانی دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام هەندێك پارت ولایەنی ئیسلامی کە لە پرۆسە سیاسیەکەشدا بەشدارن، پێشتر پەرلەمان وحکومەت وهەرێمی کوردستانیان تەکفیر دەکرد، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان زەرورەتی دروستبوونی حزبی ئیسلامی لە کۆمەڵگایەکی موسڵمانی وەکوو کورد هەیە ؟**

- پێش ئەوەی راستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ پاشخانێکی مێژوویی بۆ رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئاینەکان کەم تازۆر رۆڵیان هەبووە، بەڵام بە پلەی یەکەم هەردوو ئایینی ئیسلام و مەسیحی رۆڵی کاریگەرتر و بەرچاو تریان هەبووە، هەربۆیە ئەگەر باسی موسڵمانان بکەین کەپێڕەوی بەرنامەی ئیسلامیان کردووە، دەبینن بە درێژایی مێژوو، هەتا دەسپێکی سەدەی بیستەم، موسڵمانان بەو شێوەیە دابەش نەبووبوون بەسەر پارت و بزووتنەوە ئیسلامیە جیاوازەکان، چونکە بزووتنەوە و پارتە ئیسلامیەکان بە میانڕۆ و توندڕۆوە هەر قورئان بە مەرجەعی بیروبۆچوون و رەفتارەکانی خۆیان دادەنێن، ئەم حاڵەتە و تەفسیری جیاواز بۆ دەقەکانی ئایین موسڵمانانی دابەش کردووە، کەواتە مەسەلەکە تەفسیری موسڵمانانە بۆ دەقە پیرۆزەکان نەك خودی دەقە پیرۆزەکان، ئەوەتا دەقە پیرۆزەکان وەك خۆیانن، بەڵکو ئەوەی گۆڕاوەو ئێمە قسەی لەسەر دەکەین ئەو موسڵمانانەن کە پارت و بزووتنەوە ئیسلامیەکان دابەشیکردوون،بەڵام پێش دروستبوونی ئەم دابەشبوونەی نێوان موسڵمانان کە بە بڕوای من هۆکاری پارت و بزووتنەوە ئیسلامیەکانە، دەبینین موسڵمانان یەکگرتوو بوون هەر بۆنموونە سەلاحەدینی ئەیوبی کە خەلیفەی موسڵمانان بووەو شەڕی خاچپەرستەکانی کردووە و ئامانجی بەرز راگرتنی ئیسلام بووە، ئەو هەوڵینەداوە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکات و بۆیە موسڵمانان یەك تەفسیریان بۆ دەقەکان هەبووە، تەنها یەك پێڕەو هەبووە کەئەویش پێڕەوی خەلیفە بووە، لە ئەوروپاش پێش سەردەمی رێنیسانس یان ئەوەی پێیدەڵێن بووژانەوە، مەسیحیەت و کڵیسە خۆی دەوڵەت بووە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی رێنیسانس و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم مەسەلەیە گۆڕانی بەسەردا هات، بۆ نموونە دەوڵەتە ئەوروپیەکان کۆمەڵێك نەتەوەن و هەمووشیان مەسیحین، بەڵام هەر نەتەوەیەك داوای دەوڵەتی خۆی دەکات و دەوڵەتی خۆی دامەزراند، لێرەدا مەسەلەکە گۆڕانی بەسەردا هات و خەڵکی ئەوروپا کە پێشان بیریان لە شکۆی کەنیسە دەکردەوە، دوای ئەم گۆڕانە بیری لە شکۆی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دەکردەوە و مەسیحیەکانی ئەو وڵاتانەش بیریان لە شکۆی بۆ نموونە مەسیحیە ئینگلیزی زمانەکان، یان فەرەنسی زمانەکان، یان ئەڵمانی زمانەکانی..هتد دەکردەوە، کەواتە ئامانجی دوای بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئامانجی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕانی بەسەر پێویستی مەسیحیەتی وەك دەسەڵاتی کەنیسە کۆتایی پێهێنا و دەسەڵاتەکە گۆڕانی بەسەردا هات بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەربۆیە واقیعەکە پێویستی کردو فەرزی کرد کە ئەو دوو دەسەڵاتە لێکجیابکرێتەوە، قۆناخێکی نوێ هات پێویستی بە میکانیزمی نوێ بوو، من لەگەڵ ئەوەنیم، کەدەڵێن مەسیحیەت و دەوڵەت لێکجیاکرانەوە و یان ئایین و دەوڵەت لێکجیاکرانەوە، من پێموایە ئامانجی مەسیحیەکان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەویش دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو،کەواتە پێشان مەسیحیەکان کە لە خزمەتی کەنیسەدا بوون، دوای ئەو گۆڕانە هەمان هەوڵ کەوتە خزمەتی دەوڵەتە نەتەوەییەکەیان،لەبەر ئەوەش هەموو سیستەمەکان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوا پێویستی وایکرد، مەسیحیەکانی فەرەنسا بۆ خۆیان یاسا بۆ وڵاتی خۆیان دابنێن، ئەڵمانەکان و ئینگلیز و ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەمە رێگەی لەوە نەگرت ئەوەی هەر بڕوای بەوە بوو لە خزمەتی کەنیسە و دەسەڵاتی کەنیسە بمێنێتەوە رێگەی لێبگیرێت، نە، بەڵکو دەوڵەتی فاتیکانیان بۆ دروستکردن، واتە ئێستا لە ئەوروپا هەم چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە و هەمیش دەسەڵاتێکی ئایینی مەسیحی کەدەکرێت پێی بڵێن دەسەڵاتی کەنیسە لە ئەوروپادا هەیە و نەدەوڵەت نەتەوەییە عەلمانیەکان دژی دەسەڵاتی کەنیسەی فاتیکانن، نە فاتیکانیش دژی دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکی عەلمانی نەتەوەیی گرووپ و جەماعەت دروست دەکات بۆ رووخاندنی، ئەمە بەرهەمی گۆڕانکاری مێژووی مرۆڤایەتیە و بە خەبات و قوربانیدان و قەناعەت کردنی هەردوولا کەنیسە و عەلمانیەکان هاتۆتە دی، ئەم لێکجوداکردنەوەیە شتێکی جوانی دروستکردووە، نە دەسەڵاتی کەنیسە کۆتایی هاتووە، نە کەنیسەش دەچێتە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئەو وڵاتانەوە، لەلایەکی دیکە ئەم جیاکردنەوەیە، ئایینی مەسیحی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە، ئێستا هەموو جیهانی مەسیحی فاتیکان بە مەرجەعی خۆی دەزانێت و کە پاپا دەردەکەوێت هەموو جیهانی مەسیحی بە پێوە رادەوەستێت، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت هەر ئەو جیهانی مەسیحیەتەش بوو دەیویست دەسەڵاتی مەسیحیەت برووخێنێت .

ئەم مێژووە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەی ئێمە بەشێوەیەکی دیکە بووە، ئەوان نەهاتوون، ئیسلام جیابکەنەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵکو ئیسلامیان کردووە بە پەردەیەك بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریەتی نەتەوەیی خۆیانی پێدابمەزرێنن، واتە لەبری ئەوەی بە ئاشکرا ئیعلانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بکەن، ئیعلانی ئیمپراتۆریەتی خۆیان بە ناوی ئیسلامەوە دروستکردووە، هەربۆنموونە دەوڵەتی سەفەوی فارسی، دەوڵەتی عوسمانی تورکی، ئەم دەوڵەتانە بە ناوی ئیسلامەوە بووە، بەڵام بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان بووە، بەڵام لەم نێوەندەدا کورد لەم حاڵەتە سوودمەند نەبووە، بێگومان مەبەستم دەسەڵات و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە بۆکورد، لێرەدا دەبێت زۆر هۆشیار بین و لەسەر مەسەلەی سوود وەرگرتن و سوود وەرنەگرتن تەفسیری خراپی بۆ نەکرێت، ئایا کورد وەك نەتەوەیەك کە زۆربەی زۆری موسڵمانە سوودی لە ئیسلام

**پرسیارەکەتان کە دەپرسن ئایا پارت یان بزاڤی ئیسلامی لە کوردستان زەرورەتە، من ناڵێم زەرورتە یان نە، بەڵکو دەڵێم مێژووی نەتەوەی کورد بە زەرورەت سەیری نەکردووە، ئەگەر نا لە ناو واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانەوە پارت یان بزاڤێکی ئیسلامی دروست دەبوو، ئەوەی هەیە هاوردەی دەرەوەیە ناردویانەتە کوردستان، هەر بۆیە هەتا ئێستاش کەمینەیەکی زۆر کەم لە دەوریان کۆبونەتەوە**

**گەیشتوومەتە ئەو راستیەی کە ئەو حزب و بزاڤە ئیسلامیانەی ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیە، درێژکراوەی دوو سەرچاوەن:**
**یەکەمیان/ ئیخوان موسلمین**
**دووەمیان/ وەهابیزم**

وەرگرتووە ؟ بێگومان وەڵامەکەی بەڵێ یە، بەڵێ کورد وەك عەقیدەو باوەڕ سوودی لە ئیسلام وەرگرتووە، بەڵام ئایا کورد وەك هۆکارێك بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و قەوارەی سیاسیی بۆ خۆی سوودی لە ئیسلام وەرگرتووە؟ وەڵامەکەی مێژوو دەڵێت نەخێر، سەلاحەدینی ئەیوبی کە دەسەڵاتدار بووە ئایینی بۆ خزمەتی دەوڵەتی نەتەوەیی بە کار نەهێناوە، من ناڵێم کارێکی خراپی کردووە، بەڵکو دەڵێم ئەو بەوەفا بووە بۆ ئایینەکەی خۆی کە ئیسلام بووە و ئیسلامی نەکردۆتە ئالەتێك وبۆ مەرامەکانی خۆی بە کاری نەهێناوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین کورد بەسروشتی خۆی ئایین و دەسەڵاتی تێکەڵی یەکترینەکردووە، هەربۆیەشە

**هەربۆیە ئەوانە خۆیان بە درێژکراوەی ئایینی ئەو دووسەرچاوەیە دەزانن و هاوردەن، نەک هەڵقولاوی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، ئەمانە بەرەنجامی تەفاعولاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وئایینی کوردستان نیین**



بیرۆکەیەکی ئیسلامی کە موسڵمانانی کورد وەك هۆکارێك بۆ رزگاری نیشتمانی بیریلێبکەنەوە لە ناو بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان دروست نەبووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەر لەشێخ عوبیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و تا دەگاتە شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و جەنابی بارزانی نەمر، هەموویان پیاوی ئایینی بوون، بەڵام لە ژێر پەردەی ئایینیدا شۆڕشیان هەڵنەگیرساندووە، خۆ زۆر ئاسان بوو جەنابی بارزانی نەمر لەبری ئەوەی بیر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتەوە، بیری لە دامەزراندی پارتی ئیسلامی کوردستان بکردایەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی بیری لە دروستکردنی پارتێکی ئیسلامی نەکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە یاخود چەوسانەوەی ئێمە لەسەر ئەوە نەبووە کە ئیسلامین،بەڵکو لەسەر ئەوە بووە کە

**ئێمە ئێستا پێویستیمان بەبەهێز کردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان هەیە، ئێمە هیچ گرفتێکی ئاینیمان نییە، هەتا بە ئایدۆلۆژیەتی ئیخوان و وەهابیزم پتەوی بکەین**

کوردین و نەتەوەیەکی جیاوازین، ئەوجا وێڕای هەموو ئەمانەش جەنابی بارزانی ئەو دەسەڵاتەی کە کوردی چەوساندۆتەوەو ئەو موسڵمانانەی کوردستان چەوساندۆتەوە، نەتەوەکانی بەدوژمنی نەتەوەی کورد لەقەڵەم نەداوە، موسڵمانەکانی ئەو نەتەوانەی بەدوژمنی کورد لە قەڵم نەداوە، بەڵکو ئەو رژێمانەی بەدوژمنی کورد و نەتەوەکانی دیکەش زانیوە، کە ئاینیان بۆ سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکە بە کارهێناوە، ئەمە وایکرد، برایەتی نێوان نەتەوەکانی دیکە و موسڵمانانی ئەو نەتەوانە لەگەڵ نەتەوەی کورد هەر بمێنێت، بەرەو پێشوەش بچێت، بۆیە ئەمە ئیجتهادی شەخسی ئێمە یان ئیجتیهادی لێکۆڵەرەوەیەك نییە، بەڵکو ئەوە مێژووە کە ئەوە رەتدەکاتەوە :

یەکەم/ بیروباوەری پیرۆزی ئیسلام لە ناو نەتەوەی کوردا تێکەڵ بەسیاسیەت بکرێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ئەمەی تێکەڵ نەکردووە، ئەو فڕۆکەوانەی شار و دێهاتی کوردستانی بۆمبارانکردووە، ئەو سەربازەی هاتۆتە سەر کوردستان و شارو گوندی کوردستانی بە تاڵان بردووە و کاولیکردووە،هەم عەرەب بووە و هەمیش موسڵمان، بەڵام ئەم دوو حاڵەتە وای لەسەرۆکی کورد جەنابی بارزانی نەمرو رەنگدانەوەی جەنابی بارزانیش لەسەر پێشمەرگە و نەتەوەی کورد، نەیهێشت ئەو رەفتارە خراپەی ئەو موسڵمانە عەرەبانە تێکەڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت، کەواتە ئیسلام وەك ئایینێکی پیرۆز بەم جیاکردنەوەیە قازانجی کرد، نەتەوەی کوردی موسڵمانیش قازانجی کرد، ئەوانەی بە ناوی ئیسلامەوە زوڵمیان لە کورد دەکرد رۆیشتن و نەمان،بەڵام ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەر مایەوە .

دووەم/ کورد بەدرێژایی مێژوو ئایینی ئیسلامی بۆ دەسەڵات و زۆرداری بە کار نەهێناوە، لەو ناوچانەی دەسەڵاتی هەبووە، رەفتاری ئەو موسڵمانە فارس وتورك وعەرەبانەی دووبارە نەکردۆتەوە کە لە دەسەڵاتدا بوون، نەیووتووە، ئەوان کە دەسەڵاتیان هەبووە هەوڵیانداوە بە ناوی ئیسلامەوە نەتەوەکانی دیکە نەهێڵن،بەڵکو جوانی تێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد و نەتەوەی کورد لەوەدایە کە ئیسلامی وەك لێبوردەیی و پێکەوە ژیان تەفسیر کردووە و بۆ بەرژەوەندی لابەلا تەفسیری جۆراو جۆری بۆ نەکردووە،ئەمە هۆکاری ئەوەیە لە کوردستان فرە رەنگی ئایینی و نەتەوەیی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، کڵێسەکان هەر کڵێسە بوون و مزگەوتیش هەر مزگەوت بووە، بەڵام لە راستیەشدا هەوڵی دوژمنان هەر بەردەوام بووە، بۆئەوەی ئەم تێگەیشتنە راستەی کورد بۆ ئایینی ئیسلام بگۆڕن و هەوڵیانداوە بەشێك لە نەتەوەکەمان بە ناوی ئیسلامەتیەوە ( کە نەتەوەگەری و رەگەزپەرستی نەتەوەکان بووە نەك ئیسلام ) کورد فریو بدەن لە شۆڕش پاشگەز بێتەوە یان بیکەن بەدژی نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشبەختیە ئەوەیە ئەم هەوڵ و بیربۆچوونانە هەڵقولاوی ناو میللەتی ئێمە نەبوون، بەڵکو دەستی دەرەکی هەوڵیداوە بیخاتە ناو ریزەکانی نەتەوەکەی ئێمە، ئەم هەولانەش چەند پشتگیری و هێزی لە پشتەوە بووبێت سەرەنجام لە ناو نەتەوەی ئێمە جێگەی خۆی نەگرتووە و هەرشکستی هێناوە،

ئێستاش ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان کە دەپرسن ئایا پارت یان بزاڤی ئیسلامی لە کوردستان زەرورەتە، من ناڵێم زەرورتە یان نە، بەڵکو دەڵێم مێژووی نەتەوەی کورد بە زەرورەت سەیری نەکردووە، ئەگەر نا لە ناو واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانەوە پارت یان بزاڤێکی ئیسلامی دروست دەبوو، ئەوەی هەیە هاوردەی دەرەوەیە ناردویانەتە کوردستان، هەر بۆیە هەتا ئێستاش کەمینەیەکی زۆر کەم لە دەوریان کۆبونەتەوە. بەڵام بەرزی و پیرۆزی ئایینی ئیسلام لە ناو نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی گەورەترە و کورد لە هەموو نەتەوەکانی جیهانی ئیسلامی بەرزتر سەیری ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات .

*** بەڕێزت ئاماژەت بەوەکرد ئەم پارت و بزاڤە ئیسلامیانەی لە کوردستان هەن هاوردەی دەرەوەن، ئایا مەبەستان لە هاوردەی دەرەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من یان هێندەی من دیراسەتم کردووە، گەیشتوومەتە ئەو راستیەی کە ئەو حزب و بزاڤە ئیسلامیانەی ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیە،درێژکراوەی دوو سەرچاوەن :

یەکەمیان/ ئیخوان موسلمین

دووەمیان / وەهابیزم

ئیخوانی موسلمین لە ساڵی ١٩٢٨ کە لەمیسر دامەزرا، ئامانجی دروستکردنی ئەوە بووە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دابمەزرێنێتەوە. ئەگەر سەیری وەهابیزم بکەین،دەبینین ئەمان پێیان وایە هەموو هەقیقەتێك لای ئەم مەزهەبەیە و ئەم مەزهەبە لە هەرشتێکی دیکە راسترە، مێژووی وەهابیزم و عەبدولوەهاب بۆ سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە، هەتا دوای دروستبوونی شانشینی عەرەبستانی سعودیش هەتا ئێستا .

حزب و بزاڤە ئیسلامیەکانی کوردستان لەسەر ئەم دووبنەمایە دروست بوون وئیمتیدای ئەو دوو سەرچاوەیەن، هەربۆیە ئەوانە خۆیان بە درێژکراوەی ئایینی ئەو دووسەرچاوەیە دەزانن و هاوردەن، نەك هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردستان،ئەمانە بەرەنجامی تەفاعولاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وئایینی کوردستان نیین،هەربۆ نموونە بەم دواییە شەڕ لە نێوان حەماس وئیسرائیل بەرپابوو، هەموو ئیخوانەکان بە بێ لەبەرچاو گرتنی تێروانینی تایبەتی خۆیان وەك یەك سەیری ئەو شەڕەیان کرد و وەك یەك بەلاغات وچالاکیان ئەنجامدا،ئەمە مانای ئەوەیە هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە،هەربۆیە ئەو فرمێسکەی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان دەیرێژن وەڵامدانەوەیە بۆ هەمان ئەو سەرچاوەیە،ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە کە لەگەڵ موعاناتی ئەو خەڵکە بێتاوانەی فەلەستین هاوسۆزنین، کە بوونە قوربانی ئەو شەڕە، نەخێر ئێمە هاوسۆزین و پێمان ناخۆشە، بەڵام هۆکاری ئەو فیتنیەش دیاری دەکەین کە بزووتنەوەی حەماسە و باڵیکی ئیخوان موسلیمینە، جیاوازیەکە لێرەدا ئەوەیە حزبە ئیسلامیەکان هەوڵدەدەن ئازار ونەهامەتیەکانی گەلی فەلەستین بکەنە پەردەیەك و رەفتارە خراپەکانی بزووتنەوەی حەماسی پێ پەردە پۆش بکەن .بۆیە زۆر گرنگە لەوە هۆشیاربین و ڕێگە نەدەین ناسنامەی نەتەوەییمان بە هۆی ئایدۆلۆژیەتی حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان کاڵبێتەوە یان ناسنامەی نەتەوەییمان بگۆڕن بۆ ئایدۆلۆژیای ئیخوان موسلمین یان وەهابیزم،ئێمە ئێستا پێویستیمان بەبەهێز کردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان هەیە، ئێمە هیچ گرفتێکی ئاینیمان نییە، هەتا بە ئایدۆلۆژیەتی ئیخوان و وەهابیزم پتەوی بکەین، ئێستاش پابەندبوونی هەر تاکێکی نەتەوەی کورد و گەلی موسڵمانی کوردستان بە ئیسلامەوە وەك ئایین لە سەرکردەکانی ئیخوان و وەهابیزم بەرزتر و گەورەترە، بۆیە ئەو زورڕنایەی حزبە ئیسلامیەکان لە کوردستان دەیژەنن، بۆ ئەوەنیە ئیسلام وەك ئایین لە کوردستان لاوازە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو بووژانەوە نەتەوەییەی دەستپێکردووە رایبگرن، ئەمەش هەقیقەتێکە خۆشیان ناتوانن نکۆڵی لێبکەن .

*** حزب و بزاڤە ئیسلامیەکان لەوانەیە خۆشیان بزانن کە کورد لە رووی پابەندبوونی بەئیسلامەوە وەك ئایین کەموکورتی نییە، ئەو رەفتارانەی لە دوای دروستبوونیانەوە لە کوردستان کردوویانە شاهیدی ئەوەن، هەربۆنموونە هەندێکیان دژی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، هەندێکی تریان دژی ئەو ئازادییە بوون کە لە کوردستان بەدەست هاتبوو، دەچوون تێزابیان بە ئافرەتدا دەکرد،کتێبخانەکانیان دەتەقاندەوە،هەروەها بڕوایان بەبەشداری سیاسیی و دیموکراسیەت نەبووە، ئەوان لە قۆناخی یەکەم نەیانتوانی بە توندوتیژی ئەوەی دەیانویست بیکەن، بۆیە ئێستا دەیانەوێت بەرێگەی دیموکراسی و لەرێی سندوقی دەنگدانەوە ئەو کاربکەن، مێژووی ئیخوان و وەهابیزم ئاشکرایە کە بڕوایان بە دیموکراسی نییە، ئەوان دیموکراسی بە سندوقی دەنگدان دەزانن بۆ گەیشتنە دەسەڵات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەرکی پارتە نیشتمانیە کوردستانیەکان لەم قۆناخەدا چییە بۆ لابردنی ئەم کۆسپە بۆ ئەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ لە کوردستان دووبارە نەبێتەوە ؟**

- ئەم پرسیارە وامان لێدەکات دیسان بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەگەر سەیری هەوڵەکانی دوژمنان وناحەزانی کورد بکەین، دەبینین بە درێژایی مێژوو هەوڵەکانیان بەردەوام بووە بۆ تواندنەوەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، بەڵام کارەسات ئەو کاتە دروست دەبێت ئەم هەوڵانە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی دژ بە ئازادی و ئەزموونی دیموکراتی کوردستان بەرگێکی ئایینی بەبەردا بکرێت،ئەم هەوڵەش هەوڵێکی تازە نییە، ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلامی ئوسولی لە کوردستان بکەین،دەبینین لە سەرەتای پەنجاکانەوە هەوڵیانداوە هەندێك شانەی ئیخوان لە کوردستان دروست بکەن، ئەم هەوڵەش لەرێگەی محەمەد مەحمود سەواف (کە خەڵکی موسڵ بوو) ئیخوان موسلمینی لە میسرەوە هێنایە عێراق ولەوێشەوە هەوڵیاندا چەند شانەیەك لە هەولێریش دروست بکەن،ئەمە وەك قۆناخی یەکەم، بەڵام قۆناخی دووەم وەك جیهادی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٤ دەست پێدەکات، هۆکاری ئەمەش بوونی موجاهیدینی ئەفغانی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بووە لە ئێران، کەواتە هەردوو هەوڵەکە هۆکاری دەرەکی بوون نەك واقیعی کوردستان،ئەمانە وایکرد رابیتەی پەیوەندی ئیسلامی

●●●

**ئەو زورڕنایەی حزبە ئیسلامیەکان لە کوردستان دەیژەنن، بۆ ئەوەنیە ئیسلام وەک ئایین لە کوردستان لاوازە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو بووژانەوە نەتەوەییەی دەستپێکردووە رایبگرن**

●●●

●●●

**ساڵی ١٩٨٧ مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزی رەحمەتی بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزراند و ژمارەیەک چەکداریان لە چیاکانی کوردستان هەبوو ، بەڵام کە ساڵی ١٩٨٨ کاتێک ئەنفال دەستی پێکرد ژمارەیەکی زۆریان کوردستانیان بە جێهێشت و چوونە ئێران و پاکستان و پیشاور و لەوێشەوە چوونە ئەفغانستان،ئیتر لێرەوە سەرەتای توندرەوی دەستی پێکرد**

●●●

●●●

**وەک ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی و ئاسۆ هەولێری و ئەمانە خەڵکی کوردستان بوون و ساڵی ١٩٩١ کاتێک مامۆستا عەلی باپیر چوو بۆ حەج پاشان بە پیشاوردا هاتەوە و لەگەڵ ئەوانە پێکەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان،ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی توندرەوی لە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا دروست ببێت**

●●●

**بەڵی . لە ساڵی ١٩٩٢ خیتاباتی توندی هەندێک لەو سەرکردانە دەستیپێکرد، ئەوکات نەگەندەڵی هەبوو، وەک ئێستا ئاماژەی پێبکەن، نە ئەزموونی حکومرانی لە کوردستان هەبوو هەتا بڵێین ئەزموونەکە سەرکەوتوو نەبووە، ئەکات ئێمە وەک کورد لە سەرەتای بونیادی دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستان بووین، بۆ ئەوەی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ میللەتی خۆمان دروست بکەین، تازە لەشەرعیەتی شۆرشگێری رزگار بووبین دەمانویست هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەبێت شەرعیەتی قانوونی دروست بکەین، دەمانویست هەڵبژاردن بکەین، دەست بکەین بە ئەزموونێکی دیموکراتی، ئەوان لەو کاتەدا لەسەر مینبەرەکان هاواریان دەکرد شەرعیەتدان بە پەرلەمان کوفرە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کوفرە، بەشداریکردن لە پەرلەمان کوفرە**

**کاتێک ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێکەڵاوی سیاسەت دەکرێت، بەهاپیرۆزی ئایینی ئیسلام دەشێوینێت**

١٩٨٤ لەلایەن شێخ محەمەد بەرزنجی لە کوردستان دروست بێت وله ساڵی ١٩٨٧ مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزی رەحمەتی بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزراند و ژمارەیەك چەكداریان لە چیاكانی كوردستان هەبوو ، بەڵام كە ساڵی ١٩٨٨ كاتێك ئەنفال دەستی پێکرد ژمارەیەكی زۆریان كوردستانیان بە جێهێشت و چوونە ئێران و پاكستان و پیشاور و لەوێشەوە چوونە ئەفغانستان،ئیتر لێرەوە سەرەتای توندرەوی دەستی پێكرد،بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی ئەوانەی چوونە ئەفغانستان بەیعەیان بۆ ئەبو مسعەب زەرقاوی و بورهانەدین رەبانی و حیكمەت یار نوێكردەوە،هەر لەوێ مەشق و راهێنانیان لەسەر مەوادی تەقینەوە و خۆتەقاندنەوە ئەنجامدا،بەداخەوە كۆمەڵێك لەو خەڵكانەی لە گەڵیاندا بوون وەك ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی و ئاسۆ هەولێری و ئەمانە خەڵكی كوردستان بوون و ساڵی ١٩٩١ كاتێك مامۆستا عەلی باپیر چوو بۆ حەج پاشان بە پیشاوردا هاتەوە و لەگەڵ ئەوانە پێكەوە گەڕانەوە بۆ كوردستان،ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی توندرەوی لە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی لە كوردستاندا دروست ببێت، ئەوەی ئێوە لە پرسیارەكە ئاماژەتان پێكردووە،هۆكاری خیتاباتی هەندێك لە سەركردەكانیان بوون .

*** وەك عەلی باپیر ومەلا كریكار ؟**

ـ بەڵی لە ساڵی ١٩٩٢ خیتاباتی توندی هەندێك لەو سەركردانە دەستیپێكرد، ئەوكات نەگەندەڵی هەبوو، وەك ئێستا ئاماژەی پێبكەن، نە ئەزموونی حكومڕانی لە كوردستان هەبوو هەتا بڵێین ئەزموونەكە سەركەوتوو نەبووە،ئەكات ئێمە وەك كورد لە سەرەتای بونیادی دامەزراوە شەرعیەكانی كوردستان بووین، بۆ ئەوەی قەوارەیەكی نەتەوەیی بۆ میللەتی خۆمان دروست بكەین،تازە لەشەرعیەتی شۆرشگێری رزگار بووبین دەمانویست هەموو هەوڵەكان بۆ ئەوەبێت شەرعیەتی قانوونی دروست بكەین،دەمانویست هەڵبژاردن بكەین، دەست بكەین بە ئەزموونێكی دیموكراتی، ئەوان لەو كاتەدا لەسەر مینبەرەكان هاواریان دەكرد شەرعیەتدان بە پەرلەمان كوفرە، بەشداریكردن لە هەڵبژاردن كوفرە،بەشداریكردن لە پەرلەمان كوفرە، لەسەر ئەم مەسەلەیەی دواییان ئاڵۆزییەكی زۆر لە نێوان ماڵی رەحمەتی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز وئەو سەركردانە هەبوو ( عەلی باپیر و مەلا كرێكار )،ئەوان دەیانگوت نابێت بەهیچ جۆرێك بەشداری لەپەرلەمان وهەڵبژاردن بكرێت، هەتا ساڵی ١٩٩٨یش ئیستیغلالكردنی مینبەری مزگەوتەكان بۆ ئەو خوتبە توندانە بەردەوام بوو،شووشتنەوەی گەنج و لاوی كورد بە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی جیهادی وتەكفیری بەردەوام بوو،لەمەش زیاتر ئیستغلاكردنی مزگەوتەكان بۆ خۆراهێنان لەسەر هەڵدانی رومانە و تەقاندنەوە بەردەوام بوو،بێزاركردنی زۆر مامۆستا و زانای ئایینی كە دژی ئەم رەفتارانەیان بوون،ئەمانەبوونە هۆكاری ئەوەی كە كەشوهەوایەكی توندڕەوی ئایینی لە كوردستان دروست بێت،ئەگەر بە مێژووی ئیخوان و وەهابیزمیشدا بچینەوە دەبینن چەندین كەسیان لەسەر ئەوە كوشتووە، كەچوونە سەر مەزاری پیاو چاكان وزانایانی ئایینی، ئەوان تەنانەت مەزارەكانیشیان بە بیدعەو كوفر دادەنا،هەروەها دەیانگوت صلاوات لێدان لەسەر گیانی پێغمبەر (د.خ) بیدعەیە، لە كاتێكدا خوا خۆی دەفەرموێت ( ان الله و الملائكه یصلون علی النبی یاأیها الذین امنوا صلوا علیه وسلم تسلیما )، ئەمە بووە هۆكاری ئەو كێشە گەورەیەی كەلەنێوان شەریفی مەككە( كە باپیرە گەورەی مەلیك عەبدوڵڵای ئەردەنە ) وجەماعەتی عەبدولوەهاب روویدا،ئەوەبوو جەماعەتی عەبدولوەهاب بردیانەوە و شانشینی عەرەبستانی سعودی دامەزرا و پاشان بۆ قەرەبووكردنەوەی شەریفی مەككە شانشینی ئەردەنی هاشمی دروستكرا،ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئیخوانیش راستە ئیخوان لەسەرەتا وەك بزاڤێكی دەعوەیی ئەخلاقی لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٩لە كۆنگرەی پێنجەم رایانگەیاند كاری سیاسیی دەكەن و بریاریاندا تێكەڵاوی سیاسەت بن و لەدوای ئەوە یەكەم شانەی كوشتنی خەڵكیان دامەزراند كە بەرپرسەكەی عەبدولڕەحمان سندی بوو بە دەمانچەی كاتم واتە بیدەنگ خەڵكیان دەكوشت، لەساڵی ١٩٤٦ ئەوبووە بوو مەحمود فەهمی كە سەرۆك وەزیرانی میسر بوو كوشتیان،لەدوای ئەوە ئینجا ئەمنی میسر حەسەن بەنایان كوشت،لە زەمەنی سەید قوتبیشدا مەسەلەكە خراپتر بوو ئەوانیش توندوتیژیان راگەیاند،ئەم مێژووە چیمان فێردەكات،بێگومان ئەوەمان فێردەكات كاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێكەڵاوی سیاسەت دەكرێت، بەهاپیرۆزی ئایینی ئیسلام دەشێوینێت، سەیركەن،لە ئەوروپا ماوەی ٣٠٠ ساڵ شەر لەنێوان كەنیسە و سیاسەتدا بەردەوام بوو بە سەدان هەزار كەس لەم شەرەدا كوژران و سەرەنجامیش ئەوەبوو ناچاربوون ئایین و سیاسەت لێك جیابكەنەوە،ئەم جیاكردنەوە كەنیسە وئایینی لەو ئەشكالیەتە رزگاركرد كە تێیكەوتبوو، ئینجا بۆ ئاینەكانی دیكەش بە هەمان شێوەیە، بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی كاتێك ئایین دەكەیت بە سیاسەت پیرۆزیەكەی نایەڵێت و دەبێتە شتێك قابیلی رەخنە گرتن بێت،ئەو كەسەی ئەو ئاینەش وەك سیاسەت پیادەدەكات، پیاوێكی ئایینی نابێت، دەبێتە پیاوێكی سیاسیی ئاساییە سیاسەتەكەی رەتبكەیتەوە،لەبەر ئەوەی سیاسەت هونەری بە رێوەبردنی مومكیناتە،بۆیە كاتێك رەخنە لە سیاسەت دەگریت ئاساییە، بەڵام رەخنە گرتن لە ئایین جائیز نییە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە كێن ئەوانەی وادەكەن رەخنە لە ئایین بگیرێت ؟ بێگومان ئەوانەی ئایین دەكەن بە سیاسەت،ئەوانەی سیاسەت دەكەن و بەرگی ئایینی لەبەر دەكەن، هەر بۆنموونە حەسەن نەسروڵڵا خۆی بە مەرجەعی ئایینی دەزانێت بەڵام سەرۆكی پارتێكی ئیسلامی سیاسیشە،بۆیە ئەوەی رەخنە لە حەسەن نەسروڵڵا دەگرێت رەخنە لە ئیسلام ناگرێت، بەڵكو رەخنە لە حەسەن نەسروڵڵا دەگرێت كە ئایینی كردووە بە سیاسەت .یان ئوسامە بن لادن پیاوێكی سیاسیە دەیەوێت بگاتە دەسەڵات،بەڵام بەرگی ئایینی لەبەر كردووە و ئایینی ئیستیغلال كردووە، ئایینی ئیسلام كە ئایینی لێبوردەییە بن لادن بەرگی توندرەوی لەبەر كردووە و هەموو جیهان وەك ئایدۆلۆژیەتێكی توندڕەو سەیری دەكات، كەواتە ئایینەكە جوانە بەڵام ئوسامە بن لادن ناشرینی كردووە،هەربۆنموونە پێش رووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەر ساڵانە

خەڵکێکی زۆر لە ئەوروپاو ئەمریکا دەبوونە ئیسلام، بەڵام دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر چوونی هاوڵاتیانی موسڵمان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا زەحمەت بووە،سەیری ئەم جیاوازیە بکەن، ئینجا دەزانین کە ئایین کرا بە سیاسەت چەند ئاینەکە ناشرین دەکات .ئەوان هۆکاری ئەوەن لەو وڵاتانە بە ناچاری و بۆ خۆپاراستن چەند رێوشوێنێ بگرنە بەر کە بنەماکانی مافی مرۆڤیش پێشێلبکرێت، بۆیە چەند ئایین بکرێت بەسیاسەت یان چەند ئایین تێکەڵاوی سیاسەت بکرێت هێندە کارەساتی زیاتر دروست دەبێت .

*** ئەگەر بەدیوکی دیکەو زیاتر لەواقیعی کوردستان وردبینەوە، دەبینن هێشتا واقیعی کوردستان لەوانەی پێشتر باسمان لیوەکردن جیاوازن، بۆ نموونە، پارت وبزافە ئیسلامیەکان بەشی هەرە زۆریان ئامادەنەبوون بەشداری قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستان بکەن و بەڵگە هەیە بە زاری خۆیان ئەوان وەك ئیخوانی عێراقی دژی خەباتی چەکداری بوون دژی داگیرکەرانی کورد، لە قۆناخی دوای رزگاری نیشتمانی و دەسپێکی بونیادی دیموکراتی ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ئیستیغلال دەکات و لە پشت ئاڵای کوردستانەوە هەوڵدەدات دەسکەوت و سەروەریەکانی کوردستان تێکبشکێنێت، پرسیار ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەل ئەم هەقیقەتە تاڵە بکەین ؟**

- ئەگەر مەسەلەکە نەك لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش سەیری بکەین، دەبینن هەموو ئەو گرفتانەی ئێستا لە عێراقدا بوونی هەیە، هۆکارە سەرەکیەکەی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەتە،ئەگەر ئێستاش لە عێراقدا ئایین و سیاسەت لێکجیابکرێتەوەو و ئەحزابی دیموکراتی و عەلمانی حکومرانی بکەن بروا بکە زۆربەی زۆری کێشەکانمان چارەسەر دەبن،بۆیە بارودۆخی ئێستای عێراق نموونەیەکی زیندووە و پێمان دەڵێت بەرهەمی تێکەڵاوکردنی ئایین وسیاسەت، توندڕەویی ئایینی و سیاسی لێدەکەوێتەوە،ئەم توندرەوییەش کۆمەڵێك کێشە دروستدەکات چارەسەری هەر زۆر قورس دەبێت،ئینجا ئەگەر بێینە سەربارودۆخی کوردستانیش، من پێشتر بەدرێژی باسی ئەوەمکرد پارت و بزاڤە ئیسلامیەکانی کوردستان هاوردەن و هەڵقوڵاوی واقیعی کوردستان نیین،هاتوون ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئیستغلال بکەن دژی خواستەکانی کوردستان، ئەمڕۆ نەتەوەی کورد پێویستی بە هۆشیاری نەتەوەییە و پێویستی بە بەهێزکردنی بیری نەتەوەییە، پارتە ئیسلامیەکان هەوڵدەدەن ئەم ئاراستەیە تیکبشکێنن،مێژووی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئایینی ئیسلام مێژووی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە، ئەوان دەیانەوێت ئەم مێژووە بگۆڕن،لێرەدا گرفتی کوردستان فرە حزبی نییە،لەبەر ئەوەی فرەحزبی نەك ئێستا لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیش هەبووە، بەڵکو گرفتەکە لەگەڵ پارتە ئیسلامیەکانە و کەس ناتوانێت خۆی بکاتە نوێنەری خوای پەروەردگار،خۆیان کردۆتە دەمراستی شەریعەت و سەرچاوەی تفسیری دەقە پیرۆزەکان، بەراستی کەس ناتوانێت ئەمە بکات و نابێت لەکەسیش قبوڵبکرێت ئینجا لەم مەسەلەیە دەبێت باوەر و خوداپەرستی جیابکرێتەوە، خوداپەرستی پەیوەندی بە تاك و خوداوە هەیە، هەر چۆن نیشتمانپەروەی پێوەندی بەتاك وسۆزی بۆ خاکەکەی هەیە،خوای گەورەش خۆی دەفەرموێت ( هەرچەندە ئێمە زانای ئایینی نین ) من لە حەبلی وەرید لێتان نزیکترم، باشە کەوایە ئیتر چۆن کەسێك یان لایەنێك خۆی دەکاتە نوێنەری پەروەردگار یان ئیدعای لەو جۆرە دەکات،دەکرێت سیاسەت بکەیت و موسڵمانیش بیت، سیاسەت رێگە لە موسڵمانبوون ناگرێت، بەڵام بە سیاسیەتکردنی ئایین رێگە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەگرێت،گرفتەکە لێرەدایە، ئەوان دەیانەوێت ئەم هەقیقەتە پێچەوانە بکەنەوە. هەتا ئێستاش سەیری هەڵوێستی پارتە ئیسلامیانەی کوردستان بکەین، دەبین ئەو هەموو پیلانەی لەسەر جێبەجینەکردنی دەستوور و دەستێوەردانی دەرکی هەیە و هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایان نییە و لاوازە .

*** باشە ئێمە هەموومان ئەم راستیانە دەزانیین، دەبینین عەلی باپیر کە بەخۆی دەڵیت ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ناو پەرلەمانی کوردستان بۆ سروودی نیشتمانی ورێزلێنان لەخوێنی**



**ئەو شەهیدانەی ئەو پەرلەمانەیان دروستکردووە، هەڵناستێتە سەرپێ،ئایا ناتوانین بڵێین دەسەڵاتی کوردستانیش کەمتەرخەم بووە ؟ ئایا نەدەبوو رێوشوێنێك بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە ناشرینە وەربگیرێت ؟ئایا کەس رێگەی داوە سوکایەتی بە سەروەریەکانی نیشتمانی بکرێت و بیدەنگ بیت؟ئێستاش هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەم دەسکەوتانە ناشرین بکەن ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەڵوەستەیەك بکرێت ناڵێین بەتوندوتیژی بە ڵکو بەپێی یاسا؟**

- ئێمە بروامان بەوە هەیە دەبێت یاسایەك هەبێت ئەو گرفتانە چارەسەر بکات، ئێستا یاسای پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانە،ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بروای بەوەیە دەبێت هەموو گرفتەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی بە یاسا رێکبخرێت،دەبێت ئەم یاسایە پەسەند بکرێت و دەربچێت

**ئەگەر بە مێژووی ئیخوان و وەهابیزمیشدا بچینەوە دەبینن چەندین کەسیان لەسەر ئەوە کوشتووە، کەچوونە سەر مەزاری پیاو چاکان وزانایانی ئایینی، ئەوان تەنانەت مەزارەکانیشیان بە بیدعەو کوفر دادەنا،هەروەها دەیانگوت صلاوات لێدان لەسەر گیانی پێغمبەر (د.خ) بیدعەیە**

**بەرهەمی تێکەڵاوکردنی ئایین وسیاسەت، توندروەیی ئایینی و سیاسی لێدەکەوێتەوە**

ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن .

*** بەڵام پێشلکردنی ســەروەریەکانی کوردستان و هەڵنەستانەوە بۆ ســروودی نیشتمانی و خوێنی شەهیدان و ئەمە مەسەلەیەکە نابێت قبوڵ بکرێت ؟**

- پێموایە ئەم قۆناخەی ئێســتای کوردســتان پێیدا تێدەپەرێت و بەشــدارییپێکردنی هەمووان لە پرۆســەی سیاسیی کوردستان وایکــردووە، چاو لە هەندێك شــت بپۆشــرێت، کەچەند قورس وناخۆشــیش بێت،بنەمایەك هەیە دەڵێت (پێویستی حەرام حەڵاڵ دەکات )،ئەگەر ئەم مەســەلەیە نەبێت، من پێموایە نابێت پارتی ویەکێتی لەسەر مەسەلەکانی دیکەش بێدەنگ بن، ئێستا کە چاو لە هەندێ شــتی دیکەش لەلایەن پارتی ویەکێتییەوە دەپۆشــرێت هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە،بۆیە ئێستا کە پارتی ویەکێتی بیدەنگن وچاو لە زۆر شــت دەپۆشن، بەو ئاراستەیە لێکبدرێتەوە کە ئەوان لاوازن، نەخێر پارتی ویەکێتی تەقدیری باردۆخەکە دەکەن.

*** بەڵام هەندێك لەم حزبە ئیسلامیانەی ئەمرۆ لە کوردستان هەن وبێجگە لەوەی لەدەرەوە پارە وەردەگرن لە کوردستانیش بودجەیان هەیە، ئایا ئەمە بۆ ئەوەیە دژایەتی گەلی خۆیانی پێبکەن؟**

- ئەوان ئامانجێکیان هەیە، ئامانجەکەشیان بەبەردەوامی ناشرین کردنی دەســەڵاتی کوردســتانە لەم پارچەیە،ئەمەش بەپلانێکی دارێژارو هەنگاوی بۆ هەڵدەگرن و دەیانەوێت یەکەم: وا پیشــانی کوردی پارچەکانی دیکــە بدەن،ئەوەی ئێوە ئومێدتانە و خەونی پێوە دەبینن، ئەو دەسەڵاتە خراپەیە کە ئەمرۆ لە کوردستان هەیە و دەســەڵاتی داگیرکاران لە دەســەڵاتی کوردستان باشترە،دووەم : وا پیشــانی دۆســتەکانمان بدەن وپێیان بڵێن، ئەوەی ئێوە بەو جۆرە سەیری دەکەن ئەزموونێکی دیموکراتی سەرکەوتووەو دەبێتە دەروازە بــۆ هەموو عێراق،ئەوا ئەوان نەیانتوانیوە ئەوەبکەن و ئێوە بەهەڵەدا چوون، بۆیە پارتە سیاســیە ئیســلامیەکان دێن هەموو دەســتکەوتەکانمان بچووك دەکەنــەوە، کەموکورتیەکانمان گەورە دەکەنەوە .

*** بــەڵام خۆ ئێمە بەتەنها ئەزموونــی دیموکراتی نین و یەکەم کەســیش نین دەستمان دابێتە ئەم پرۆسەیە، بونیادی دیموکراسی بنەمای خۆی هەیەو ئەوانەی بەشــداری تێدادەکەن دەبێت پابەند بن، بە رێســاکانەوە،لە زۆر وڵات لە یاســای پارتە سیاسیەکاندا هاتووە، ئەو حزبەی بڕوای بە دیموکراتی نییە نابێت بەشــداری پرۆســە دیموکراتیەکــە بکات،ئایا ئێمەش بە ئاشــکرا ناتوانین بڵێین ئەوەی بروای بە دیموکراســی نەبێت نابێت بێتە ناو پرۆسە سیاسیەکە؟**

- جارێ پیش ئەوەی بێینە ســەر بنەمای گەمەی دیموکراسی، دەمەوێــت ئەوە بڵێــم کە هیچ دەولەتێك لە جیهانی ئیســلامی نەیتوانیوە شەریعەت وەك قانونی ئیلاهی جێبەجێ بکات، تەنانەت عەرەبستانی ســعودیەش کە ٢٠٠ ساڵە ئیدعای بۆ دەکات،بۆیە ئەوەی پارتە ئیســلامیەکانی کوردســتانیش ئیدعای بۆ دەکەن شــتێکی بێ مانایە و دەبێت ئێمە ســووربین لەســەر بونیادی سیستەمێکی دیموکراتی و نابێت بهێڵین بە هیچ جۆریك خەڵکانێك بێن بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە رەشماڵی رەش بەسەر ئەو پرۆسە دیموکراسیەدا بدات کە ئێمە خەریکە بونیادی دەنێین،ئەمەش تەنها لەبەر یەك هۆکاری ســادەیە، ئەویــش ئەوەیە هیچ کام لە پارتە سیاسیە ئیســلامیەکان یان سیاسیەکانی ناو ئەو پارتە سیاسیانە بۆیــان نییە خۆیان بکەنە نوینەری خوای پەروەردگار و نوێنەری فەرموودەکانــی پێغەمبەر (د.خ.) و نوێنەری ســەرچاوەکانی شەریعەت لە کوردستاندا و ئەمەشیان لێ قبوڵ ناکرێت،هەربۆیە هەر بانگێشەیەکیان بۆ تەکفیری لایەنی بەرامبەر یان بۆ حەرام و حەڵاڵ ئەوە گەورەترین لادانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خوای گەورە مافی بەکەس نەداوە کەس کەس تەکفیر بکات یان حەڵاڵ و حەرام دیاریبکات،لەمبارەوە فەرموودەیەکی پیرۆز هەیە دەڵیت : ( من کفر اخیه المؤمن دون شرك فهو کافر ) کەواتە بەچ هەقێك یەکێك کەخۆی ئایدۆلۆژیەتەکەی هاوردەیە دێت و ئایینداری بە ئێمە دەفرۆشێتەوە،یان دانانی سنوورێك لەنێوانی کفر و ئیمان ئەوە بەس دەسەڵاتی خودایە و دەسەڵاتی کەس نییە .

*** بۆئەوەی راشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەبکەین، دەبێت**



**هاتوون ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئیستغلال بکەن دژی خواستەکانی کوردستان،ئەمڕۆ نەتەوەی کورد پێویستی بە هۆشیاری نەتەوەییە و پێویستی بە بەهێزکردنی بیری نەتەوەییە، پارتە ئیسلامیەکان هەوڵدەدەن ئەم ئاراستەیە تیکبشکێنن،مێژووی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئایینی ئیسلام مێژووی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە، ئەوان دەیانەوێت ئەم مێژووە بگۆڕن سەیری هەڵوێستی پارتە ئیسلامیانەی کوردستان بکەین، دەبین ئەو هەموو پیلانەی لەسەر جێبەجینەکردنی دەستوور و دەستێوەردانی دەرکی هەیە و هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایان نییە و لاوازە**

**بۆیە ئەوەی پارتە ئیسلامیەکانی کوردستانیش ئیدعای بۆ دەکەن شتێکی بێ مانایە و دەبێت ئێمە سووربین لەسەر بونیادی سیستەمێکی دیموکراتی و نابێت بهێڵین بە هیچ جۆرێک خەڵکانێک بێن بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە رەشماڵی رەش بەسەر ئەو پرۆسە دیموکراسیەدا بدات کە ئێمە خەریکە بونیادی دەنێین**

**دوو مەســـەلەهەیە تێکەڵی نەکەین، یەکەم مەســـەلەی ئیمان و عەقیدەی میللەتی خۆمان بە ئیســـلام ئەمە مەســـەلەیەکە ئێمە وەکو کورد کەس ناتوانێت موزایەدە بەسەرماندا بکات، مەسەلەی دووەم پارتە ئیسلامیە هاوردەکانە، ئایا چۆن رێگەنەدەین ئەم پارتە هاوردانە کۆمەڵگەکەمان تێکبدەن ؟**

ـــ بەراستی ئەگەر باردۆخەکە وابروات و چارەسەرێکی سیاسیی ویاســـایی بۆ کیشـــەکان نەدۆزینەوە،ئەوا باردۆخەکە تێکدەدەن، لەبەرئەوەی ئێستا من هەست بەوە دەکەم ئەوان دەیانەوێت تکفیری عەلمانیـــەت بکـــەن، دەیانەوێت بڵێن ئەوانەی لـــە ناو ئەحزابی عەلمانیەتن هەموویان گەندەڵـــن، تەکفیری دیموکراتیەت بکەن، بەبڕوای ئێمە ئەمە گەورەترین کارەساتە بە تایبەتی کە دەیانەوێت بۆ ئەم ئامانجەشـــیان ئەوئازادیانە ئیستغلال بکەن کە بەرهەمی دیموکراسی و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردستانە،ئەم حاڵەتە زەنگێکی مەترسیدارە دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێت. بۆیـــە ئەگەر ئەم دیاردەیە بەپێی یاســـا چارەســـەر نەکرێت،ئەوا لەوانەیە ببنە حەماســـێکی دیکە لە کوردســـتان و کوردستانیش بێتە غەزە،یان ئەو نموونە ناشـــرینانەی لە ئەفغانســـتان دروست بـــوون، بۆیە دەبێت ئەوە باش بزانن ئەوەی بەهیوای ئەوە بێت ئەو ئەزموونە ناشرینانەی حەماس و ئەفغانستان لە کوردستان دووبارە بکەنەوە، ئەوا حەتمەن لە کوردستان جێگەیان نابێتەوە .

*** لایەنێکی دیکە کە دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین زیاتر رووی دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و پێمانوایە،حکومەتی هەرێمی کوردستان ئازادی فەراهەمکردووە بەڵام نەیتوانیووە ئازادییەکان رێکبخات،ئەم رێکنەخستنەش جۆرێك لە فەوزا وبەرەڵڵایـــی لێکەوتۆتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لەرێکخستنی ئازادییەکان بکەینەوە؟**

- راستە ئێستا لە هەموو دەوڵەتانی جیهان چەند پرانسیپێك هەن ئەوە لەسەروو هەموو شتێکەوەن و کەس بۆی نییە سنووری ئەوانە ببەزێنیت وەك ( ئاسایشی نەتەوەیی، نیزامی گشتی، سەلامەتی گشتی، تەندروستی گشـــتی )کەواتە ئەمە پێمان دەڵیت راستە پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ هەیە بەڵام لەبەرامبەردا ئەرك و ســـنورداری مرۆڤیش هەیە،واتە راستە ئازادی هەیە بەڵام نابێت ئەو ئازادیە ئازادی یەکێکی دیکە پێشێل بکات،لە کاتێکدا ئەرکی حکومەت بێت مافەکان بپارێزێت ئەوا لە هەمانکاتدا دەبێت ئەرك وسنوورەکانی ئەو ئازادیەش هەردەبێت حکومەت بیانپارێزێت،بۆیە دەبێـــت ئێمە وەکو کورد نەك ئەم پارتی سیاســـیی یان ئەوی تر دەبێت هەموومان بۆ پاراســـتنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان لەو تەنگژەیەی ناوچەکە تیایدا دەژی، دەبێت رێوشـــوێنی پێویست وەربگرین،رێوشوێنی یاسایی وەربگرین و شەرعیەتیشی بدەینێ، سەیری ئەمریکا بکەن دەبینین کە کارەساتی ١١ی سیپتەمبەر روویدا یەکسەر ئەو هێدمە گەورەی کرد بە رووبەڕووبوونەوە،یاسای پاتریۆت ( پاراستنی ئەمنی نیشتمانی ) دانا، بەپێی ئەم یاسایە مافـــی ئەوە هەیە گوێ لە تەلەفون بگیرێت، لە کاتێکدا ئەمە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، ئەمە بۆ ؟ لە کاتێکدا ئەمریکا خۆی بە چاودێری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمنی نیشـــتمانی ئەمریکا پێویســـتی بەوە هەیە،بۆیە بۆ ئێمەش لە کوردســـتان پێویستە رێو شوێنی یاسایی دروست وەربگریـــن بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشـــانە، بۆ ئەوەی بتوانین ئاسایشـــی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین،بۆیە مەســـەلەکە لە مەســـەلەی دیموکراســـی گەورەترە، کێشە راســـتەقینەکە ئەوەیە هێرشـــی هەلایەنەیە دەکرێتە سەر ئەزموونی دیموکراتی کوردســـتان وەك قەوارەیەکی سیاســـیی .و ناشـــرینکردنی ئەم ئەزموونە دیموکراســـیەیە.با لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین،ئایا پارتە ئیسلامیە سیاســـیەکان نەهێڵن لوبنان یان فەلەستین ئیسراحەت بکات ئایا دەهێڵن کوردســـتان ئیســـراحەت بـــکات ؟ پێموایە ئەوەی نیشـــتمانپەروەر بێت وەڵامی ئەم پرسیارەی لا ئاشکرایە و دەبێت هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بێت ئەم حاڵەتە لە کوردســـتان روونەدات،بۆ ئەمەش نابێت کورد چاوەڕێی ئەوە بکات سبەینێ چۆن دێت، بەڵکو دەبێت رۆڵی خۆی لە دروستکردنی سبەینێ و داهاتوودا دیاری بکات .

●●●
**ئەگەر باردۆخەکە وابروات و چارەسەرێکی سیاسیی ویاسایی بۆ کیشەکان نەدۆزینەوە،ئەوا باردۆخەکە تێکدەدەن، لەبەرئەوەی ئێستا من هەست بەوە دەکەم ئەوان دەیانەوێت تکفیری عەلمانیەت بکەن، دەیانەوێت بلێن ئەوانەی لە ناو ئەحزابی عەلمانیەتن هەموویان گەندەڵن،تەکفیری دیموکراتیەت بکەن،بەبڕوای ئێمە ئەمە گەورەترین کارەساتە بە تایبەتی کە دەیانەوێت بۆ ئەم ئامانجەشیان ئەوئازادیانە ئیستغلال بکەن کە بەرهەمی دیموکراسی و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردستانە،ئەم حاڵەتە زەنگێکی مەترسیدارە دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێت .بۆیە ئەگەر ئەم دیاردەیە بەپێی یاسا چارەسەر نەکرێت،ئەوا لەوانەیە ببنە حەماسێکی دیکە لە کوردستان و کوردستانیش بێتە غەزە**
●●●

●●●
**پارتە ئیسلامیە سیاسیەکان نەهێڵن لوبنان یان فەلەستین ئیسراحەت بکات ئایا دەهێڵن کوردستان ئیسراحەت بکات؟**
●●●


فۆتۆ: سەمیر سالح



عەلی باپیر بە جلی ژنانەوە رایکردوو لە شەڕەکە خۆی قوتار کرد

ئیحسان مەلا عەلی عەبدولعەزیز بۆ گوڵان :

# موشیرە سوور کە خەڵکی کەلارە ڕێکخەری پەیوەندییەکانی عەلی باپیر و ڕژێمی بەعس بووە و چەندین جاریش عەلی باپیری بردووە بۆ موسل و خانەقین

مامۆستا ئیحسان مەلاعەلی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیە لە کوردستان و ئێستا لە لەندەن دادەنیشێت،مامۆستا ئیحسان بێجگە لەوەی ئەندامی سەرکردایەتی ناو بزووتنەوەی ئیسلامییە،برازای مامۆستا مەلا عوســـمان عەبدولعەزیزی رابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیســـلامیە و بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی لەساڵی ١٩٨٧ ەوە هەتا ئێستا یەکێکە لە شاهیدەکانی هەموو رووداوەکانی ناو بزووتنەوە و تێکڕای پارت و بزاڤە ئیسلامیەکانی کوردستان، هەموو کات لە ناوەندی بڕیار و ناوجەرگەی رووداوەکان ئامادەبووە و پاش وەفاتی مامۆستا مەلا عوسمانیش یەکێك بووە لە هەرە نزیکەکانی مامۆستا مەلا عەلی باوکی و لە زۆربەی رووداوەکاندا لەگەڵ باوکیدا ئامادەبووە، مامۆستا ئیحسان لەســـەر ئاســـتی دەرەوە و کۆڕو کۆبوونەوە ئیسلامیەکانی جیهانی عەرەبی و ئیســـلامیش یەکێك بووە کە بەردەوام ئامادەبوونی هەبووە،هەربۆیە بۆ ئەم بەدواداچوونەی گوڵان بە پێویســـتمان زانی سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی پارتە ئیسلامیەکان لە خەباتی چەکداری شـــاخ و هەڵوێستی سیاسیان بەرامبەر کێشەی گەلی کوردستان راشـــکاوانە چەند پرسیارێك لە مامۆستا ئیحسان بکەین و لەمیانەی وتوێژی گوڵان لەگەڵ مامۆســـتا ئیحســـان بە پەری راشـــکاوی ئەو مێژووەی بۆ شیکردینەوە، کە ئەمە دەقی دیمانەکەیە .

ئەو شاهیدەی پەیوەنیکار بووە لە نێوان عەلی باپیر و بەعسدا ئێستاش زیندووەو ماوە و لەکەلارەو دەتوانن بچن قسەی لەگەڵ بکەن لە کوردستان مقابەلەشی کراوە،هەتا چۆتە لای ئەمریکیەکانیش

*** لە دوای جیابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە بزووتنەوەی ئیسلامی هەست دەکەین کۆمەڵی ئیسلام بە رابەری مامۆستا عەلی باپیر جێگەی بزووتنەوەی ئیسلامی گرتۆتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بە تەواوەتی ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی تەمسیلی بزوتنەوەی ئیسلامی دەکات، یان کۆمەڵ هۆکارێك بوو بۆ لاوازی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ؟**

- بسم اللە الرحمن الرحیم . کۆمەڵی ئیسلامی بە هیچ جۆرێك نوێنەرایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی ناکات، بەڵکو دروست بوونی کۆمەڵی ئیسلامی دەستێکی دەرەکی بوو بۆلاوازکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی، بێگومان ئاشکرایە حزبی بەعس رقێکی زۆری لە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، هۆکاری ئەم رق لێبونەشی ئەوەبوو بزووتنەوەی ئیسلامی حزبێکی سونە بوو،بەڵام هەموو توانای خۆی لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی جینتیەتەکانی رژێمی بەعس ئاشکرا بکات،بۆیە ئەم هەڵوێستەی بزووتنەوەی ئیسلامی لای بەعس شتێکی چاوەڕواننەکرابوو، لەبەر ئەوەی حزبی بەعس خۆی وا پیشاندابوو، کەئەو حزبێکی سونەیە و دژی ئێرانێکی شیعە راوەستاوە،ئەوجا لەم کاتەدا کە بزووتنەوە وەك هێزێکی سونە بە چەك رووبەڕووی بەعس دەبۆوەو جنایەتەکانی ئاشکرا دەکرد و بەعس زۆر رقی لە بزووتنەوەو ناوی بزوتنەوەش بوو،ئێمەش هەرگیز وتوێژ ودانوستاندمان لەگەڵ بەعس نەکردبوو و بۆیە حزبی بەعس بە هەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا بزووتنەوەی ئیسلامی تەفروتونا بکات ئەگەر بۆی بکرێت، بۆشی نەکرێت لاوازی بکات،بۆ ئەم مەبەستە عەلی باپیر خیانەتی لەبزووتنەوە کردوو پەیوەندی بەرژێمی بەعسەوە کرد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە،لە هەموو ئەو نامەنانەشی کە لە نێوانیادا ئاڵوێر کرا بەراشکاوی ئەم ئامانجە دیارە بەوەی هەوڵبدەن ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی نەمێنێت و، بزووتنەوە دووربخرێتەوە لە هەرچی رۆڵێك کە بوویەتی،هەموو کەسێکی شارەزاش ئاگاداری ئەوەیە کە بزوتنەوەی ئیسلامی لە کاری دیپلۆماتی و دەرەوە هەموو کات لە ریزی پێشەوە بووە بۆ ئەوەی رژێمی بەعس بە جیهان بناسێنێت،هەر لەشاهیدی دانمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی دیکە لەسەر رەفتارە دڕندانەکانی رژێمی بەعس، ئێمە بووین لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف دژی حزبی بەعس و سەدام حوسێن، من خۆم شاهیدیم هەیە لە دادگای ئەوروپی دژی رەفتارەکانی بەعس و سەدام لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە،هەروەها لەهەموو کۆنگرەکانیشدا وەك کۆنگرەی بێروت یان ڤیەننا ئێمە وەك بزووتنەوە بۆ شاهیدی دان دژی سەدام وحزبی بەعس لە ریزی پێشەوە بووین .ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە ئەوەش ناشارینەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەرژەوەندی لە لاوازکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەبووە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەبوو ئێران دەیزانی رژێمی سەدام حوسێن نامێنێت، بە نەمانی رژێمی سەدام حوسێنیش زۆربەی سونە نشینەکانی ناوەراستی عێراق دێنە لای بزووتنەوە ئەمەش مەترسی بووبۆ بەرژەوەندییەکای ئێران لە عێراقدا، بۆیە ئێرانیش بەرژەوەندی لە لاوازبوونی بزووتنەوەدا هەبوو،بۆئەوەی ئەو حزبانەی دیکە کە مەزهەبیەن لە خۆیان نزیکن رۆڵێکی زیاتریان لە ئایندەی عێراقدا هەبێت .،ئەمەش پلانێکی دیکە بوو دەتوانم بڵێم تا ئەمرۆ سەری گرتووە بۆیان،ئەم هۆکارانەو دەستی ئەو رژێمانەبوو کە بوونە هۆکاری لاواز بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق،هەربۆیە بە هچ شێوەیەك کۆمەڵی ئیسلامی ناتوانێت جێگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بگرێتەوە . ئەو خەڵکانەش کە ساڵانێکی زۆر ماندووبوون بە بزووتنەوە پیاوانێکی وەك ئەحمەد کاکە مەحموود خوالێیخۆش بێت تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد هەر بزووتنەوە بوو،پیاوێکی وەك کاك کامیلی حاجی عەلی، کاك ئەنوەر عەنەبی، کاك سەردار ئەمانە هەموویان لەسەرەتاوە لەگەڵ بزووتنەوە بوون و هەتا ئێستاش هەر لەگەڵ بزووتنەوەن،ئەمە وێڕای ئەو هەموو گەمارۆ سیاسیی و ئابووریە هەتا ئێستاش درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن لە ریزی بزووتنەوەدا،بزووتنەوە خاوەنی مێژووی خۆیەتی و کەس بۆی نیە خۆی بە نوێنەری بزووتنەوەبزانێت.

*** مامۆستا عەلی باپیر بە پێچەوانەی تۆ قسە دەکات و راشکاوانە دەڵێت ئێمە پەیوەندیمان بە بەعسەوە نەبووە و بۆئەمەش عەلی حەسەن مەجید بە شاهید دەگرێت و دەڵێت عەلی حەسەن مەجیدیش بە ئەمریکییەکانی گوتووە کە ئەو پەیوەندی بە بەعسەوەوە نەبووە، ئەی چۆن ئێوە ئەوە دەسەلمێنن شاهیدیەکەی عەلی حەسەن مەجید بۆ عەلی باپیر راست نییە؟**

- نەخێر، ئەو شاهیدەی پەیوەنیکار بووە لە نێوان عەلی باپیر و بەعسدا ئێستاش زیندووەو ماوە و لەکەلارەو دەتوانن بچن قسەی لەگەڵ بکەن لە کوردستان مقابەلەشی کراوە،هەتا چۆتە لای ئەمریکییەکانیش .

*** ناوی ئەو کەسە چییە ؟**

- ئەو کەسە ناوی موشیرە بە موشیرە سوور ناسراوە لام وابێت ناوی موشیر عەبدوڵڵایە،ئینجا ئەم موشیرە سوورە بەرپرس بووە لە پارە هێنان بۆ عەلی باپیر و زانیاری بردن بۆ بەعس، هەورەها بەرپرس بووە لەوەی چەندین جار حەسەن بابەکر و دڵشاد گەرمیانی و عەلی باپیری بردۆتە سەفارەتی عێراقی لە تورکیا و ئوردن و هەتا چەندین جار بردوونی بۆ موسڵ و بۆ خانەقین، ئەمە شتێك نییە بشارێتەوە،ئێمە خۆشمان وەك بزووتنەوەی ئیسلامی بەڵگەی زیاترمان هەیە و، لە کاتی خۆیدا هەمووی دەڵێین و ئاشکراشی دەکەین، هەروەها شاهید عەیانی خۆشمان هەیە کە ئاگاداری ئەو پەیوەندیەی نێوان عەلی باپیر و بەعس بووە،هەربۆیە ئێمە وەك بزووتنەوەی ئیسلامی بە هەقی خۆمانی دەزانین رۆژێك عەلی باپیر لەسەر ئەو خیانەتانەی مەحکەمە بکرێت،عەلی باپیر زۆر جار دەڵێت منیش وەك حزبەکانی دیکە پەیەوەندیمان هەبووە،نەخێر مەسەلەی عەلی باپیر جیاوازە، حزبەکانی تر بە ئاگاداری سەرکردایەتی

●●●
**ئەم موشیرە سوورە بەرپرس بووە لە پارە هێنان بۆ عەلی باپیر و زانیاری بردن بۆ بەعس، هەورەها بەرپرس بووە لەوەی چەندین جار حەسەن بابەکر و دڵشاد گەرمیانی و عەلی باپیری بردۆتە سەفارەتی عێراقی لە تورکیا و ئوردن و هەتا چەندین جار بردوونی بۆ موسڵ و بۆ خانەقین**
●●●

●●●
**عەلی باپیر بەدزی سەرکردایەتی بزووتنەوەوە پەیوەندی بە بەعسەوە هەبووە**
●●●

●●●
**یەکەم گرفتیش کە عەلی باپیر نایەوە لەگەڵ حەسەن کویستانی بوو لە ناوچەی قەندیل**
●●●

کردوویانە، بەڵام عەلی باپیر بەدزی سەرکردایەتی بزووتنەوەوە پەیوەندی بە بەعسەوە هەبووە،ئەوکاتەی ئەو پەیوەندیەی کردووە بەیعەتی لەگەڵ مامۆستا عوسماندا هەبووە،هەربۆیە کاتێك چووە پەیوەندی کردووە بە بەعسەوە یا بە وڵاتانی دراوسێوە ئەوە بە خیانەت لەسەرکردایەتی بزووتنەوە و لەو حزبەی ئیشی تیاکردووە حسابە.

بۆیە مەسەلەی عەلی باپیر پەیوەندی نییە بەڵکو بە خیانەت حسابە، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین رۆژێك لە رۆژان بە مەحکەمەی شەرعی بۆبکەین .

*** لایەنێکی دیکە کە عەلی باپیر بانگێشەی بۆ دەکات ئەوەیە کە ئەو پیاوێك بووە حەزی لەشەڕ نەبووە و ئەو شەڕەی کە کراوە لەلایەن رابەری بزووتنەوەوە بەسەریدا فەرز کراوە،واتە تۆباڵی شەری بزووتنەوە و یەکێتی دەخاتە ئەستۆی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز، ئایا ئەمە راستە، مامۆستا عەلی باپیر لاشەڕ بووە و ئێوە شەرخوازبوون ؟**

- هەموو کەس راستیەکان دەزانێت و خۆشم هەمیشە لە خزمەت باوکمدا بووم،بۆیە ئاگاداری مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامین هەر لە دروستبوونیەوە یەکەم کارێك کە مامۆستا عوسمان و مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز کردیان ئەوەبوو،بە پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستانیان گوت ئێمەش شانبەشانی ئێوە دیفاع لە میللەتی خۆمان دەکەین و زۆر مەمنونیشتانین کە ئێوە پێش ئێمە دەستان بەم خەباتە کردووە و ئێستا ئێمەش شانبەشانی ئێوە دەست پێدەکەین،هەموو کەس ئاگادارە ئەو کاتەی رێککەوتن کراو من خۆم لە خزمەت باوکمدا بووم کە چووین بۆراژان و لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی دانیشتن کراو رێککەوتن ئیمزا کرا، هەروەها لە خزمەت باوکمدابووم لەگەڵ شاندێکدا چووین لەگەڵ مام جەلالیش رێککەوتن ئیمزا کرا، من ئێستاش لە یادمە یەکەم گرژی کە دروست بوو مام جەلال نامەیەکی بۆ باوکم نووسیبوو تیایدا باسی ئەوەی کردووە کە عەلی باپیر گرژیەکی ناوەتەوە لە ناوچەی قەندیل و جنێوی داوە، یەکەم گرفتیش کە عەلی باپیر نایەوە لەگەڵ حەسەن کوێستانی بوو لە ناوچەی قەندیل، ئەو جارەش مام جەلال نامەیەکی بۆ مامە عوسمانم و باوکم نووسیبوو،تیایدا داوای کردبوو کە بێن ئەو گرفتە چارەسەر بکەن لەبەرئەوەی عەلی باپیر هەر قسە دەکات و جنێو دەدات،خوتبەو شتی وا ئەدات ئەمەش قابیلی قبوڵکردن نییە،ئەوە بوو ئێمە چووین و عەلی باپیر بانگکراو کێشەکەمان چارەسەرکرد،هەروەها من دەنگی مام جەلالم لایە بە کاسێت و لێرە( لە لەندەن )یش هەر لامە و تیایدا مام جەلال دەڵێت: (مامۆستا مەلاعوسمان و مامۆستا مەلاعەلی دۆستی کوردن و ئیتر زۆر مەدحیان دەکات، پاشان دێتەسەر ئەوەی و دەڵێت ئەوەی هۆکاری شەرەو دژی کوردە عەلی باپیرە،وایەو وایەو.... ئیتر من نامەوێت دووبارەی بکەمەوە) بێگومان ئەوەی هەندێك تەمەنی هەبێت لەوە ئاگادارە کە هۆکاری گرژی ئێمە لەگەڵ




**هۆکاری گرژی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو قسە هەڵەق ومەڵەقانە بوو کە کاتی خۆی عەلی باپیر بەبێ ئاگاداری رابەر دەیکرد**

**دەڵێم ئەو بودجەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ عەلی باپیری تەرخانکردووە هەروەها ئەو پارەیەی لە دەوڵەتانی دراوسێ وەریدەگرێت، بیدەن بەهەر مرۆڤێکی نەخوێندەوار لە کوردستاندا دەتوانێت قەرەباڵغیەک بەدەور و پشتی خۆی دروست بکات**

**ئایندەش دەیسەلمێنێت ئەم گرووپەی عەلی باپیر ئاستەنگن بۆ میللەتی کورد و بۆ پارتی و یەکێتیش**

یەکێتی نیشتمانی کوردســـتان ئەو قسە هەڵەق ومەڵەقانە بوو کــە کاتی خۆی عەلی باپیر بەبێ ئاگاداری رابەر دەیکرد، وە هەمــوو کەسێکیش دەیزانێت،ئەگەر بە رۆژنامەکانی کوردستاندا بچینــەوە دەبینین هەموو قســەکانی عەلــی باپیر تا ئەمڕۆ هەمووی دژی یەکەو لەگەڵ یەکتری یەکناگرنەوە،هەربۆنموونە زەمانێك ئێمە وەك بزووتنەوە دەچووینە ناو پەرلەمان ئەو هێرشی دەکردە ســەرپەرلەمان و دەیگوت،ئێمــە ئیمانمان بە پەرلەمان نییە،قسەکانی ماون، زەمانێك ئێمە وەك بزوتنەوە دەچووینە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە،دەیگوت من ئیمانم بە هەڵبژاردن نییە، زەمانێك ئێمە دەچوویــن رێککەوتنمان لەگەڵ پارتی ویەکێتی دەکــرد دەهات خوتبەیەکی دەدا و دەیگوت ئەوان چوون لەگەڵ ئەو حیزبە عەلمانیە کافرانە رێککەوتوون و دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەکتر،میللەت هەمووی دەزانێت ئەم رەفتارانەی عەلی باپیر بوونە هۆکاری شەڕەکە، کە شەڕەکەش بوو شەڕەکەی کرد بە ملی ئێمەوەو، ســەیرکەن ئەو هێرشەی کرایە سەر ناوچەی بێتواتەو ئەو ناوچەیە،کوری مامە عوســمان کە ئامۆزای منە شەهید بوو، کچەزای مامە عوسمان کە ئامۆزای منە شەهید بوون و هەتا ئەمڕۆش جەنازەکانیان دیارنین، یەکێکیان تەمەنی ١١ســاڵ وئەوی دیکەیان ١٥ ساڵ بوو،شــەڕەکە بوو بە ملی ئێمەوە و عەلی باپیر بە جلی ژنانەوە رایکردوو لە شەڕەکە خۆی قورتار کرد، من ئێستاش عەلی باپیر بەدەست دەزانم ئەو کاتەش هەر دەستێك بووە بۆ ئەوەی بزووتنەوە ئەو پەیوەندیە ئاساییەی لەگەڵ پارتی ویەکێتی هەیبووە تێکبدات،ئێســـتاش بۆ مێژوو دەڵێم کە کۆمەڵی ئیسلامیشی دروستکردووە،هەر دەستە بۆ لە ناوبردنی یەکێتی ریزەکانی ناو میللەتی کورد بۆئەوەی درکێك بێت لەو نێوەنـــدەدو هەرکاتێك ویســـتیان وەك ریمۆند کۆنترۆڵ بەکاری بهێنن، بۆئەوەی هەرکاتێك وەزعەکە بەدڵی ئەو شوێنانە نەبێــت هەموو جارێ بەکاری بهێنن دژی ئەو وەزعە، هەربۆیە نەیاندەتوانـــی بزووتنەوە وەك ئەو ســـەرکردایەتیەی کەهەیبوو بەکاری بهێنن، بۆیە پەنایان برد بۆ ئەو کەســـانەی کە ئامادەن هەموو شـــتێك بکەن لە پێناوی گەیشـــتن بەدەسەڵات و ئەو ئامانجەی کە هەیانە، مەســـەلەی ئەوەشی کە ئێستا هەندێك خەڵك لە دەوری عەلی باپیر کۆبۆتەوە، من دەڵێم ئەو بودجەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ عەلی باپیری تەرخانکردووە هەروەهـــا ئەو پارەیــەی لە دەوڵەتانی دراوســـێ وەریدەگرێت، بیـــدەن بەهەر مرۆڤێکی نەخوێندەوار لە کوردســـتاندا دەتوانێت قەرەباڵغیەك بەدەور ویشتی خۆیا دروست بکات .

*** ئایا کۆمەڵی ئیسلامی لەدەرەوە پارە وەردەگرێت ؟**

- بەڵێ وەریدەگرێت، بۆیە دەڵێم برێ ئەو ١٤٠ هەزار دۆلارەی کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەیداتێ و ئەوەش کە ژێر بەژێر لە کۆماری ئیسلامی وەریدەگرێت، بیدەیتە هەر کەسێکی نەخوێندەوار دەتوانێت خەڵك لە دەوربەروی خۆی کۆبکاتەوە .

*** ئاشــکرایە عەلی باپیر باڵە توندرۆکەی نـــاو بزووتنەوەی ئیســـلامی بووە، دەتوانین بڵێین جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ مەلا کرێکار نەبووە، بەڵام ئێســـتا ئیدعای ئەوە دەکات بڕوای بەدیموکراتی هەیە، تۆ بڵێی ئەمەیان فێڵ بێت؟**

- ئەوان ئێســـتا ئەوە دەزانن دوای هاتنــــی ئەمریکا بۆ عێراق ئیدی ناتوانن بە توندرەوی و شـــەڕە تەقــە کاربکەن و دەزانن ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر،بۆیە هاتووە بەرگێکی دیکەی پۆشیوە و ئەمجـــارە دەیەوێت بەم بەرگە تازەیەوە بچێتە پەرلەمان و لەم رێگەیەوە ئەو ئامانجەی پێشـــتر هەیبووە جێبەجێی بکات،بۆیە من دەڵێم پێویستە ئێمە وەك میللەتی کورد وریابین و جارێکی دیکــە هەڵنەخەڵەتێین،هەروەهـــا فەرمـــوودەی پێغەمبەریش (د.خ) هەرواهـــان پێدەڵێت : ( نابێت لەیـــەك کونەوە دووجار بگەزرێـــن ) مـــن دڵنیام ســـەرکردایەتی سیاســـی کورد بە تایبەتی پارتی ویەکێتی هەموو ئەو راستیە دەزانن، بەڵام هەتا ئێســـتاش ئەو هەموو گەمارۆیەیان خستۆتە سەر بزووتنەوەی ئیســـلامی،بزووتنەوەیەك کە لەهەموو خۆشی و ناخۆشی شاخ وشـــار لە گەڵیاندا بووە،کەچی کۆمەکی کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن و گەمارۆکەیان لەســـەر بزووتنەوە هێشـــتۆتەوە، لێرەدا ئەوە دەڵێم وئایندەش دەیســـەلمێنێت ئەم گرووپەی عەلی باپیر ئاستەنگن بۆ میللەتی کورد و بۆ پارتی و یەکێتیش .

*** بە پێی قســـەکانی بەڕێزتان ئەو پرســـیارە دروستدەبێ، ئایا عەلی باپیر بڕوای بەکێشەی کورد و دیموکراسی نییە ؟ چۆن؟ ئێمە دەخوازین وەڵامی ئەم پرسیارە راستی و راشکاوانە بێت ؟**

- نەخێـــر، من برواناکەم عەلی باپیر بڕوای بە هیچیان هەبێت، بۆ ئەمەش دەتوانین تەماشـــای وتەکانی خۆی بکەین،ئەگەر ئێستا عەلی باپیر ئیدعای ئەوە دەکات کە بیروبۆچوونی خۆی گۆڕیوە و زۆر ئاســـاییە ئەوە بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی کەسێك گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێت و بەرەو پێشەوە بچێت ئەوا راشکاوانە دەبێت ئەو گۆڕانە بســـەلمێنێت، هەر بۆ نموونە دەبێت بڵێت من ١٠ ســـاڵ پێش ئێســـتا بۆچونێکم هەبوو بـــەڵام لەبەر ئەوەی تەتەوەرم کردووە ئێستا بۆچونێکی ترم هەیە، بە ئاشکرا بەخەڵك بڵێت بۆچوونەکانی پێشترم هەڵە بوون،بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا عەلی باپیر بۆ ئەو خەڵکانەی لەگەڵیەتی یان بۆ میللەتی کوردی ئاشکرا بکات وبڵێت، کاکە ئەوەی من گوتوومە :

١- پەرلەمان حەرامە و چوونە ناو پەرلەمانیش حەرامە.

٢- هەڵبژاردن خراپە و حەرامە .

٣- پارتی ویەکێتی دووحزبی عەلمانی وکافرن.

ئایا عەلی باپیر هاتووە بڵێت من هەموو ئەو بۆچوونانەی خۆم بە هەڵە دادەنێم و لێیان پەشێمانم وئێستا تەتەوەرم کردووە.

نەخێـــر ئەو بیـــرو بۆچوونانـــەی گۆڕانی بەســـەر نەهاتووە، ئەو ئێســـتاش مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانی خۆی وەك شـــێخ ودەروێشـــە کۆنەکە دەیکات،دەڵێت من هەرچیەکم گووت هەر ئەوەیە،بەدرێژای تەمەنی خۆشـــی عەلی باپیر هەر لەســـەر خەون ژیاوە، تەنانەت کە شەرێك دروست دەبوو لەگەڵ یەکێتیدا دەیگووت خەونم بینیوە دەبێـــت تا مەریوان بچم،ئینجا لەگەڵ ئەوەی شەرەکان خۆشی دەینایەوە، بەڵام لەهیچ شەرێکدا

●●●

**کەسێك گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێت و بەرەو پێشەوە بچێت ئەوا راشکاوانە دەبێت ئەو گۆڕانە بسەلمێنێت، هەر بۆ نموونە دەبێت بڵێت من ١٠ ساڵ پێش ئێستا بۆچونێکم هەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی تەتەوەرم کردووە ئێستا بۆچونێکی ترم هەیە، بە ئاشکرا بەخەڵك بڵێت بۆچوونەکانی پێشترم هەڵە بوون**

●●●

●●●

**کە شەرێك دروست دەبوو لەگەڵ یەکێتیدا دەیگووت خەونم بینیوە دەبێت تا مەریوان بچم، ئینجا لەگەڵ ئەوەی شەرەکان خۆشی دەینایەوە، بەڵام لەهیچ شەرێکدا بەشداری نەکردووە، هەموو جارێك بە بیانووی ئەوەی خەونی بینیوە خۆی شاردۆتەوە**

●●●

●●●

**ئێخوان حزبی بەعس و سەدامیان بە دەوڵەتێکی عەرەبی دەزانی و دەیانگوت چۆن حزبێکی سونە فتوای جیهاد دژی دەوڵەتێکی سونە دەردەکات**

●●●



بەشداری نەکردووە،هەموو جارێك بە بیانووی ئەوەی خەونی بینیوە خۆی شاردۆتەوە.

*** مامۆستا عەلی باپیر شانازی بەوە دەکات ئەو پێشنیاری ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ جەنابی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز کردووە پاشانیش هەر لەسەر پێشنیاری ئەو رابیتەی پەیوەندی ئیسلامی کراوە بە بزووتنەوە، بەڵام بەرێز مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز دەڵێت ئەسڵەن عەلی باپیر ئاگاداری دامەزراندنی بزووتنەوە نییە، ئایا جەنابتان لە مبارەوە چی دەڵێن؟**

- ئێمە زۆر جار ئەوەمان روونکردۆتەوە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، عەلی باپیر جار جار لەملاو ئەولا ئەو جۆرە ناماقوڵیانە دەکات،من ئامادەم لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، هەموو ئەو خیانەتەی عەلی باپیر کردوویەتی رووبەرووی ببمەوە .ئێمە هیچ شتێکی شاراوەمان نییە عەلی باپیر کام تەلەفزیون هەڵدەبژێریت من ئامادەم لەگەڵی رووبەروو ببمەوە بائەو چ بەڵگەیەکی هەیە لەگەڵ خۆی بیهێنێت منیش بەڵگەی خۆم دێنێم، ئێمە هەردووکمان قسەی خۆمان دەکەین ئەوجا بامیللەت خۆی حەکەم بێت بزانین کێ ئیدعاکەی راستەو میللەت لێی وەردەگرێت . ساڵی ١٩٨٧ کە ناوی لێنرا بزووتنەوەی ئیسلامی و مەفارز دروستکرا، ئینجا عەلی باپیر هاتووە بۆ ناو بزووتنەوە و گوتیان گەنجێك هاتووە و چووەتە خزمەتی مامە عوسمانم و ئەوەش ئاشکرایە چۆن هاتە خزمەتی مامە عوسمانم وگووتی خەونم بینیوە، هەربۆیە دووبارەی دەکەمەوە عەلی باپیر نە ئاگای لە ناولێنانی بزووتنەوە هەبووە،ئەسڵەن نە لەوێبووە کە ناونراوە بزووتنەوەی ئیسلامی،هەتا کە داشیانا وەك ئەندامی سەرکردایەتی مامە عوسمانم گووتی باهەموو سەرکردایەتیەکە لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە وسلێمانی نەبێت،با خەڵکێکی ئەو ناوچەیەی قەڵادزێ و رانیەشی تیا بێت،لەبەر ئەوەی ئەویش یەکەمجار وەك خەڵکی ئو ناوچەیە هاتبوو، ئەوەبوو دایاننا بە سەرکردایەتی .

*** دەڵێن خەونێکیشی بە جەنابی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزەوە بینیوەو، لە خەودا پێغەمبەر (د.خ) پێی گوتووە بچۆ دوای رێبازی مامۆستا عوسمان بکەوە، ئایا ئەو خەونە ئەسڵی هەیە یان قسەی خەڵکە ؟**

- بەڵی دەنگوباسی ئەو خەونەی عەلی باپیر راستە، من خۆم لەوێ بووم، شاهیدی دیکەش هەیە کە لەوێ بوون و ئاگادارن عەلی باپیرن کە خەونەکەی گێراوەتەوە، کە عەلی باپیر هاتە خزمەتی مامە عوسمانم پێ گوت کەوا خەونی بە پێغەمبەرەوە(د.خ) بینیوە و پێغەمبەر (د.خ) رایسپاردووە بێتە لای مامە عوسمانم،هەر بۆیە عەلی پایر خەونەکە بەمجۆرە گێڕایەوەو گووتی: (خەونم بە پیغەمبەرەوە(د.خ) بینیوە و لێمپرسیوە چۆن کار بۆ خزمەتی ئیسلام بکەم، لەو کاتەی کە خەریك بوو پێم بڵێت، ئەسپ وعارەبانەیەك هاتووە و چەند کەسێکی تیابووە و لە ناو ئەو چەند کەسەدا من مامۆستا عوسمانم ناسیوە، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) پێی گووتووم شوێن ئەمانە بکەوە، بۆیە منیش هاتووم بۆ ئێرە و بەیعەتت بۆبکەم) مامە عوسمانم لەبەر ئەوەی پیاوێکی رۆحی بوو دوای

●●●
**من ئامادەم لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، هەموو ئەو خیانەتەی عەلی باپیر کردوویەتی رووبەرووی ببمەوە .ئێمە هیچ شتێکی شاراوەمان نییە عەلی باپیر کام تەلەفزیون هەڵدەبژێریت من ئامادەم لەگەڵی رووبەروو ببمەوە بائەو چ بەڵگەیەکی هەیە لەگەڵ خۆی بیهێنێت منیش بەڵگەی خۆم دێنێم**
●●●

●●●
**عەلی باپیر هات بۆ بەریتانیا ویستی لە داربی بچێتە مزگەوتێکەوە خوتبە بدات، موسڵمانان نەیانهێشت بچێتە مزگەوتەکەوە، پێیان گووت ئەسڵەن هەر بە موسڵمانیشت قبوڵ ناکەین، وێڕای ئەمەش هەوڵیدا هەر بچێتە ناو مزگەوتەکە، ئەمجا پێیان گووت وەڵاهی بێیتە ناو مزگەوتەکە لێتدەدەین، بۆیە بە ناچاری چووە مزگەوتێکی پاکستانی نوێژی جومعەی کرد**
●●●

●●●
**کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەرژەوەندی لە لاوازکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەبووە**
●●●

گێڕانەوەی ئەم خەونە دەستی کرد بە گریان .و عەلی باپیریش لەبەرچاوی خەڵکێکی زۆر بەیعەتی بۆ مامۆستا عوسمان کرد .ئەم خەونەی عەلی باپیر مەسەلەیەکی شەرعی لەسەرە من ئێستاش دەڵێم و پێشتریش گوتوومانە عەلی باپیر لەوانەیە ئەو خەونەی بینیبێت و لەوانەشە نەیبینیبێت، بۆیە ئەگەر خەونەکەی بینێبێت ئەوا بەیعەتی پێغەمبەری (د.خ) شکاندووە و بەپێی شەرعی ئیسلامیش شاهیدیشی لێ قبوڵ ناکرێت،ئەگەر ئەو خەونەشی نەبینێبێت ئەوا درۆی بەناوی پێغەمبەرەوە (د.خ) کردووە،ئەویش هەمان حکومی هەیە و شاهیدیشی لێقبوڵ ناکرێت .هەر بۆیە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە عەلی باپیر بە هەموو تەمەنی خۆی لەسەر ئەم تەناقوزاتانە ژیاوە .بۆیە من تەحدای عەلی باپیر دەکەم ئەگەر تەنها یەك ساڵ ئەو بودجە وپارەیەی ئێستا دێتە دەستی لێی ببرێت یەك کەسی بەدەورەوە بمێنێتەوە.موسڵمانانیش عەلی باپیر باش دەناسن، عەلی باپیر هات بۆ بەریتانیا ویستی لە داربی بچێتە مزگەوتێکەوە خوتبە بدات، موسڵمانان نەیانهێشت بچێتە مزگەوتەکەوە،پێیان گووت ئەسڵەن هەر بە موسڵمانیشت قبوڵ ناکەین،وێڕای ئەمەش هەوڵیدا هەر بچێتە ناو مزگەوتەکە، ئەمجا پێیان گووت وەڵاهی بێیتە ناو مزگەوتەکە لێتئەدەین،بۆیە بە ناچاری چووە مزگەوتێکی پاکستانی نوێژی جومعەی کرد .بۆیە ئەوەی موسڵمان بێت عەلی باپیر دەناسێت .

*** ئێستا عەلی باپیر زۆر خۆی لە یەکگرتوو نزیك دەکاتەوە و بڕیاریش وایە بە یەك لیست لە گەڵ یەکگرتوو دابەزێت، هەروەها هەردوولاشیان بۆچوونیان لەسەر بزووتنەوە تا رادەیەك لێك نزیکە، ئایا ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەردووکیان زیاتر عێراقچێتی دەکەن، نەك بزاڤێکی ئیسلامی لە کوردستاندا ؟**

- ئێمە دەڵێین بەداخەوە پارتی و یەکێتی بەرامبەر بزووتنەوەی ئیسلامی بێ وەفا بوون، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو کات هاوخەباتی پارتی و یەکێتیە، هەر بۆ وەبیرهێنانەوە ئەو کاتەی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز جیهادی دژی بەعس ڕاگەیاند، هەموو ئیخوان موسلمین دژی ئەم ئیعلانی جیهادەی مامۆستا عوسمان بوون،هەموویان هاتن و رجایان لە مامۆستا عوسمان کرد لەو فتوایەی پەشێمان بێتەوە،بەڵام مامۆستا عوسمان بە هیچ شێوەیەك پەشێمان نەبووەوە،بێگومان ئێمە لە ساڵی ١٩٨٧ نەماندەزانی ساڵی ١٩٩١ باردۆخی کورد گۆڕانی بەسەردا دێت، وێڕای ئەو هەموو دەردەسەری قوربەسەریەی ڕووبەڕووی بووینەوە،خەڵکانێك هاتوونە سەرحازری (مەبەستی یەکگرتووی ئیسلامی یە)و هیچ ڕۆڵێکیان لە بزووتنەوەی کوردا نەبووە،بە پێچەوانەوە ڕۆڵی تێکدەرانەیان لە ناو بزووتنەوەی کوردا گێڕاوە و ئێستاش قسەی زل دەکەن، ئەمانە هەمووی ناهەقیە،لەبەر ئەوەی هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە لەوەی ئەو ڕۆژە سەختانە گۆڕاون بۆ ئەمیۆ.

*** باشە بۆچی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین کە ئێستا ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامییە و لە پشت ئاڵای کوردستانەوە قسەی زل دەکات، بۆچی کە مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز فتوای جیهادیدا دژی بەعس، بۆچی ئەو مامۆستایە دژی ئەو فتوایە بوو ؟**

- ئەو کاتە ئەو ئیخوان بوو، من خۆم لە دانیشتەکەشدا بووم،لەگەڵ مستەفا مەشهور کە دوایی بوو بە مورشیدی هەموو ئیخوان موسلمینی دنیا،بە هەموو شێوەیەك داوای لە مامە عوسمانم کرد کە لە فتواکەی پەشێمان بێتەوە، ئەوکاتە ئیخوان حزبی بەعس و سەدامیان بە دەوڵەتێکی عەرەبی دەزانی و دەیانگوت چۆن حزبێکی سونە فتوای جیهاد دژی دەولەوتێکی سونە دەردەکات،هەربۆیە مامە عوسمان زۆر بەرەقی وەڵامی دانەوە و ئەوە بوو ئێمەو ئیخوان لێکترازاین و جیابووینەوە، ئینجا دوای ئەوە هەرکەسێك ئیخوان بووبێت بە هەموو شێوەیەك کەوتنە دژایەتی ئێمە،هەموو خەڵکی ئۆردوگاکانی سەریاز و کامێران و دزڵی لە ئێران شاهیدن،کە چۆن ماڵ بەماڵ دەگەڕان خەڵك پەشێمان بکەنەوە کە دژی حزبی بەعس هیچ کارێك نەکرێت،بەڵام بەداخەوە دەبینین دوای ئەوەی جادەکەی پان دەبێت باردۆخێك دێتە پێشەوە،هەموو ئەوانەی دوێنێ خەڵکیان لە جیهاد دژی بەعس پەشێمان دەکردەوە، ئینجا خۆیان دژی حزبی بەعس قسەدەکەن،کە لەو کاتەی کورد ئەنفال وکیمیاباران دەکرا نەیانتوانیووە تفێك لە دوورەوە لە ڕژێمی بە عس بکەن .

*** بەڵام سەلاحەدین بەهادین چەندین جار گووتویەتی کە ئەو لەو زەمەنەشدا بڕوای بە چەك هەڵگرتن نەبووە، بۆیە فتوای جیهادەکەی مامۆستا عوسمانی قبوڵ نەبووە؟**

- باشە با بڵێین بڕوای بە چەك نەبووە، بەڵام خۆ دەیتوانی بە کاری سیاسیی دژی بەعس ڕابوەستێت، یان گۆڤارێك دەربکات و خەڵك لە دڕندایەتی بەعس هۆشیار بکاتەوە، باشە با پێمان بڵێت ئایا لەکام کۆنگرە قسەیەکیان دژی بەعس کردبێت ؟ بایەك کۆنگرەم پێ بڵێن پێش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ کرابێت دژی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە بەهەزارەها کۆڕوکۆنگرە گرێدراوە، یان با یەك بەیاننامەم بۆبێنن، یان وتارێکم لە هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك بۆ بێنن، لەمەش کەمتر تەنها پارچە وەرەقەیەکم بۆ بێنن، کە دووقسەی تیابێت دژی حزبی بەعس و نوسیبێتیان،من قبوڵمە، فەرموو با بیهێنن، بۆئەوەی پێیان بڵێین ڕاست دەکەن .

*** تۆ وا دەڵێت بەڵام ئێستا مامۆستا سەلاحەدین ئاڵای کوردستانی لە پشتەوە نەبێت قسە ناکات وەك ئەوەی عەمبارێك فیشەکی بۆ ئەو ئاڵایە تەقاندبێت، ئەمەیان چییە؟**

- بەداخەوە هەموو میللەتیش دەزانێت کەوا زۆربەی ئەو حزبانە هاتوونەتە سەرحازری، تەنانەت حزبی ئیسلامی عێراقیش کە ساڵی ١٩٩٧ لە ماڵی د.هەمەوەندی لەگەڵ ئوسامە تکریتی دانیشتین کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی حزبی ئیسلامی عێراقە، پێمانگووت وەرن پێکەوە دژی ڕژێمی بەعس خەبات بکەین، ئەوە ناکرێت ئێوە هیچ شتێك دژی حزبی بەعس نەکەن، ئەوکاتیش واتە ساڵی ١٩٩٧یش ئەوان ئامادەباشیان

ئەو کاتەی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز جیهادی دژی بەعس ڕاگەیاند، هەموو ئیخوان موسلمین دژی ئەم ئیعلانی جیهادەی مامۆستا عوسمان بوون،هەموویان هاتن و رجایان لە مامۆستا عوسمان کرد لەو فتوایەی پەشێمان بێتەوە،بەڵام مامۆستا عوسمان بە هیچ شێوەیەک پەشێمان نەبووەوە

ئەگەر خەونەکەی بینیبێت ئەوا بەیعەتی پێغەمبەری (د.خ) شکاندووە و بەپێی شەرعی ئیسلامیش شاهیدیشی لێ قبوڵ ناکرێت،ئەگەر ئەو خەونەشی نەبینێبێت ئەوا درۆی بەناوی پێغەمبەرەوە (د.خ) کردووە،ئەویش هەمان حکومی هەیە و شاهیدیشی لێقبوڵ ناکرێت

هەموو خەڵکی ئۆردوگاکانی سەریاز و کامێران و دزڵی لە ئێران شاهیدن،کە چۆن ماڵ بەماڵ دەگەڕان خەڵک پەشێمان بکەنەوە کە دژی حزبی بەعس هیچ کارێک نەکرێت

تێدا نەبوو دژی حزبی بەعس شـــتێك بكەن و دەیانگوت ئێمە دژی ئەمریكاین و ئەمریكا گەمارۆی خســتۆتە سەرعێراق، واتە بەتەواوەتی وەك وەزارەتی دەرەوەی رژێمی بەعس قسەیان دەكرد، هەروەها زۆر بەتوندی ئێمەیان مەحكوم دەكرد و پێیان دەگوتین ئیوەچۆن دەچن لەگەڵ ئەمریكیەكان دادەنیشـــن و قســـە دەكەن،ئێمـــە پێمان گوتن : ئێمە خاوەنی كێشـــەیەكین مەســـەلەیەكمان هەیە و دەمانەوێت هەموو جیهان بە كێشەی ئێمـــە بزانێت و لێی تێبـــگات، ئەمـــڕۆش ئەمریكایەك كە تا دوێنێ لەماوەی شـــەڕی عێراق –ئێرانـــدا و لەو كاتەی میللەتی كورد زوڵمی لێدەكرا پشتی سەدامی گرتووە و ئێستا لێی هەڵگەڕاوەتـــەوە و دەیەوێت بیروخێنێت، ئەوا من خۆم بە خاوەنی كێشەیەك دەزانم و رووخانی رژێمی بەعس بەرژەوەندی ئێمەشـــی تێدایە، ئەوە دەچم قسەی لەگەڵ ئەكەم و لەگەڵی دادەنیشـــم و زۆریش ئاســـاییە، ئەوەبوو نەهاتـــن و تەنانەت پێمانگووتن ئەگەر ناشـــیەن با لانی كەم هەڵوێستی خۆمان یەكبخەین،وەڵاهی ئەوەشـــیان لەگەڵ نەكردین و شاهیدیشمان هەیە و من بەرپرسیشـــم بەرامبەر قسەكانی خۆم، بەڵام پاشتر كە زانیان و تەئكید بوون ئەمریكا ســـەدام دەرووخێنێت، ئەوا وەك بینیمان یەكەم كەس بوون دەســـتیان خســـتە ناو دەستی ئەمریكیەكان و چوون بەشـــداری مەجلیسی حكومیان كرد و بۆینباخیان بەســـت و چوون لە پێشـــەوە دانیشتن،ئێستاش كە قســـە دەكەن خۆیان وا پیشـــان دەدەن كە هەر خۆیان هەموو خەباتێكیان كردووە .لەهەموو جیهانی عەرەبیشدا هەروا بوون هەمیشە ئیخوان چوونەتە سەرحازری .

**✱ لـــە دواییین پرســـیاردا جارێكی دیكە دەگەڕێمەوە ســـەر بزووتنەوەی ئیســـلامی، دوای كۆنگـــرەی بزووتنەوە، خەڵك چاوەڕێی دەكرد بەهەمان قورســـایی جاران بگەڕێنەوە، بەڵام ئەمە وا دەرنەچوو، ئایا بۆچی وا دەرنەچوو؟**

- ئەم مەســـەلەیە ئێســـتاش هەروا دەردەچێت، بزووتنەوە هەر بە قورســـایی خۆی دەگاتەوە، بەڵام بۆ ئێســـتا وادەرنەچوو، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوســـێ زانیان بزووتنەوە جەماوەری خـــۆی هەیە، هەر رۆژێك باردۆخەكە ئاســـایی بێتەوە خەڵك الحمدلله هـــەر لەدەوری بزووتنـــەوە كۆدەبێتەوە،ئێمە خاوەنی مێژوویەكی ئەوتۆین كە بتوانین هەتا رۆژی قیامەت شانازی پێوەبكەین،جەماوەری بزووتنەوە لە وەفاتی جەنابی مامۆســـتا مەلا عوسمان و وەفاتی باوكم ســـەلماندیان،هەروەها لەكاتی كۆنگرە ســـەلماندیان كە چـــۆن بە وەفاداری بـــۆ بزووتنەوە ماونەتەوە،هەربۆیـــە كەزانیان لەگەڵ دەســـتبەكاربوونەوەی بزووتنـــەوە لایەنەكانی دیكـــە بەرەو پووكانـــەوە دەچن بۆیە بەپەلە ســـەتەلایتێكیان بۆ دروستكردن بۆ ئەوەی نەمرن و لە ناونەچن،باشە من دەپرسم هەموو كارمەندانی ئەو تەلەفزیۆنی سەتەلایتە (كەناڵی ئاسمانی پەیام) لە كوێراهێنانیان پێكراوە؟ ئێوە بۆ ناپرســـن كێ پارەی ئەو ســـەتەلایتە دابین دەكات ؟ هەموو كەسێك دەزانێت چەند بودجەی بۆ تارخانكردووە و كێ بۆیان دەدات .

**✱ بەپێی زانیاریەكانی بەرێزتان كێ پارەی تەلەفزیۆنی پەیام دەدات ؟**

- ئەوە مەعلومە، هەر لـــە برغوی یەكەمەوە بۆ ئەو كەناڵی سەتەلایتە كۆماری ئیسلامی ئێران دایناوە،هەموو كارمەندانی ناو ئەو تەلەفزیۆنەش لە كۆماری ئیســـلامی ئێران راهێنانیان پێكراوە،بەڵام بەداخەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان و پارتی ویەكێتی هەتا ئێســـتاش پشـــتگیری ئەو لایانە دەكەن وكار ئاســـانی بۆ ئەوانـــە دەكەن كە تادوێنـــێ دوژمنیان بوون و، لەبەرامبەردا ئەوەی ماندوو بووە و تۆزاوی بووە و لە خەباتی شاخدا لەگەڵیاندا بووە، بە هەموو جۆرێك گەمارۆی ئابووری و سیاسیی دەخەنە سەروو، هەموو ئەو گۆرانكاریانەشی دوای رژێمی بەعـــس هاتۆتە ئاراوە ئێمەیان لـــێ دوور و بێبەری كردووە.



●●●

**با پێمان بڵێت ئایا لەكام كۆنگرە قسەیەكیان دژی بەعس كردبێت ؟ بایەک كۆنگرەم پێ بڵێن پێش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ كرابێت دژی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی كە بەهەزارەها كۆروكۆنگرە گرێدراوە، یان با یەک بەیاننامەم بۆبێنن، یان وتارێكم لە هەر رۆژنامەو گۆڤارێک بۆ بێنن، لەمەش كەمتر تەنها پارچە وەرەقەیەكم بۆ بێنن، كە دووقسەی تیابێت دژی حزبی بەعس و نوسیبێتیان**

●●●

●●●

**پاشتر كە زانیان و تەئكید بوون ئەمریكا سەدام دەرووخێنێت، ئەوا وەک بینیمان یەكەم كەس بوون دەستیان خستە ناو دەستی ئەمریكیەكان و چوون بەشداری مەجلیسی حكومیان كرد و بۆینباخیان بەست و چوون لە پێشەوە دانیشتن**

●●●

●●●

**من دەپرسم هەموو كارمەندانی ئەو تەلەفزیۆنی سەتەلایتە (كەناڵی ئاسمانی پەیام ) لە كوێ راهێنانیان پێكراوە؟ ئێوە بۆ ناپرسن كێ پارەی ئەو سەتەلایتە دابین دەكات؟ هەموو كەسێک دەزانێت چەند بودجەی بۆ تارخانكردووە و كێ بۆیان دەدات**

●●●

ئایا لە دەقەکانی ئاییندا تیۆری حوکم بەدی دەکرێت، نەخێر



هادی مەحمود لەگەڵ گوڵان:

# بەرژەوەندی و پێداویستی کۆمەڵگە جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات دەسەپێنێت، ئەمەش مانای فەرامۆشکردنی توراسی ئایینی نییە

ماوەردی دێت و لە کتێبی "الاحكام السلطانيه و الولايات الدينية" کۆی دەکاتەوە، هاتووە تەنزیری بۆ ئەم ئەزموونانە کردووە و کردوویەتی بە تیۆری حوکم. واتە ئەمە تیۆرێکی دنیاییە و مرۆڤەکان لە چوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا دروستیان کردووە

کێشـــەوگرفتەکانی کۆمەڵگە چەند ئاڵۆزبن و چەند خەڵك بە هەســـتیار ســـەیریان بکات، دەبێت ببنە جێگەی موناقەشـــە و هەڵسەنگاندن لە روانگەی جیاوازەوە، دەبێت هەوڵبدەین ئەو کارتانەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حزبی تێکەڵاو دەکرێن جارێکی دیکە لێکیان جیابکەینەوە، دەبێت ئازادییەکان ســـنووری ئیستغلالکردنی ئایین و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی حزبی هیچ لایەك نەبەزێنن، بەزاندنی ئەم سنوورانە هاوسەنگی کۆمەڵگە تێکدات و کاردانەوە سلبیەکانی ئارامی کۆمەڵگە ئاڵۆز دەکات، بۆ ئەوەی نەگەینە ئەو ئاســـتەی چارەسەر بۆ ئاڵۆزییەکان بدۆزینەوە، پێش باران بەرە بە خۆماندا بدەین، نابێت موناقەشە لە مەعریفییەکانماندا لەوە بترسین لایەك ئەم وتوێژانەی پێخۆشە دەبێت زیاتر بکرێت و لایەکی دیکە پێی ناخۆشە دەبێت لێی بێدەنگ بین، بەڵام باسکردنی بە ئاستی خۆی لە چوارچێوەی ئاڵوێرکردنی چەمکە مەعریفییە جیاوازەکان و هەوڵدانێکە بۆ گێڕانەوی هاوسەنگی نێو کۆمەڵگە و پیشـــاندان و دروســـتکردنی بەدیلی جیاواز لەبەردەم هاوولاتییانی خۆماندا، بێگومان یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی ئەمڕۆش کە خەریکە وەك چەمکێکی سیاســـیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خۆی دەســـەپێنێت، مەسەلەی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەتە و بانگێشەی تەکفیر و حەرام و حەڵالە، ئەم مەسەلەیە هێندەی مەترسی لەسەر ئایین وەك کولتوری کۆمەڵگە هەیە، هێندە پەیوەندی بە ململانێی سیاســـییەوە نییە، لە ململانێی سیاســـیدا بیربۆچوونی هەر لایەنێك ڕێژەییە، رەهاوموقەدەسی تیا نییە، بەڵام کاتێك ئایین تێکەڵی سیاســـەت دەکرێت، یان ئایین دەبێتە سیاســـەت، ئەوا سیاســـەت لە ڕێژەییەوە دەگۆڕێت بۆ رەها و موقەدەس، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە گرنگە سەردانی بەرێز هادی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی و شارەزا لەسەر ئیسلام و سیاسەتی ئیسلامیمان کرد، ئەمەش دەقی بیروبۆچوونەکانی بەرێز هادی مەحمودە:

رەوایە ئێستا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و دەسەڵات بکەین، ئەمە بە مانای فەرامۆشکردنی توراسی ئایینی نایەت، بە مانای ئەوە نایات سوود لە تیۆرەکانی حوکم وەرنەگرین، تەنانەت تیۆرە ئایینیەکانیش لە چوارچێوەی ئەزموونی پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە دروست بوونە

**بەرژەوەندی و پێداویستی کۆمەڵگە جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات دەسەپێنێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بتوانین پانتاییەک دروست بکەین بۆ ئەوەی پێی دەڵێین نیشتمان، کە تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکە هاووڵاتی وڵاتەکەبن، بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕی ئایینیان**

**کەواتە عەلمانییەت بێ ڕێزی کردن نییە بەرامبەر بە ئایین، بەڵام ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی ئایینی شتێکە و دیاری کردن و سنوردارکردنی ڕەفتارەکانی هەموو کەسێکی ناو کۆمەڵگە بە تێڕوانینێکی ئایینی شتێکی ترە، لە ناو فیکری ئیسلامیشدا لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ سنوردارکردنی ڕەفتارەکان**

**هێشتا ئایین ئامرازێکی کاریگەرە بۆ وروژاندن و جۆشدانی سۆزی خەڵک**

*** راتان چییە لەسەر تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەمە لە کاتێکدا لە جیهانی ڕۆژئاوادا ماوەیەکی دوورودرێژە لێکجیاکراونەتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت جیاکردنەوە لە نێوان ئایین وەك ئایینێکی پوخت و فیکری ئایینیدا بکەین، فیکری ئایینی ڕەنگدانەوەی پەرەسەندن و گۆڕانکاری و ئەو ململانێ و ناکۆکییانە بووە کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەبووە، پێشتر لە قۆناغێکی دیاری کراوی کۆمەڵگەدا کە فیکری نەتەوەیی و مارکسی بوونی نەبووە، ئەوا خەڵکانی چەوساوە و چەوسێنەر پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئایین بردووە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، ئەگەر لە ناوچەکەی خۆشمان بڕوانین ئەوە بەدی دەکەین کە لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکاندا ئایین وەك ئامرازێك بەکارهێنراوە بۆ شەرعیەتدان بە پرۆژەکانیان. بۆ نموونە لە شۆڕشی زنج لە سەردەمی عەباسییەکاندا، ئەم حاڵەتە ئاشکرایە، سەرکردەی ئەم شۆڕشە وەك خەلیفە خۆی خستۆتەڕوو. کەواتە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە دەسەڵات و بەرهەڵستکار هەردوولایان پەنایان بردۆتەبەر ئایین بۆ ڕەوایەتیدان بە خۆیان. ئەمە نەك هەر لە فەلسەفە و عیلمی کەلامدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵکو لە فیقهیشدا ڕەنگی داوەتەوە کە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرهەڵستکار ڕێکدەخات. ئەگەر لەو گۆڕانکاریانە بڕوانین کە لە ڕۆژئاوادا ڕوویاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارەکە ئەوەنییە ئایینی مەسیحی ئامادەباشی تێدایە بۆ گۆڕانکاری و ئیسلام تێیدا نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریانەوە هەبوو کە ڕوویاندا، وەك پەرەسەندنی سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی ڕێنیسانس کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری و بازاڕدا ناچاربوون سنوورێك بۆ دەسەڵاتە ئایینییەکان دابنێن. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم پەرەسەندنانە ڕوویان نەدا و تێگەیشتنێکی تاکڕەوانە بۆ دەسەڵات مایەوە. کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بە ئایینێکی دیاری کراوەوە نییە، بەڵکو بە پەرەسەندنی کۆمەڵگەکەوە هەیە بە تایبەتی پەرەسەندنی سەرمایەداری کە لەم سەردەمەشدا ڕەهەندێکی گرنگە لە گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. ئێمەش دابڕاونین لەم جیهانە و لە چەمکەکانی وەك جیاکردنەوەی ئایین و دەسەڵات و هتد، دواتر لە ناوچەکەی خۆشماندا و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداری بناغەیەك بۆ ئەم چەمکە هەیە، بۆ نموونە لە مێژوودا دوو وەزیفە، دوو ئەرك لە ئیسلامدا هەبووە، یەکەمیان ئەرکی موفتی، ئەوی تریان ئەرکی قازی، یەکەمیان ئەرکێکی ئایینی پوختە و پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەڕامەوە هەیە، بەڵام ئەرکی دووەمیان تا ڕاددەیەك دنیاییە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ڕووداو و سەلماندن و هێنانەوەی بەڵگە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر موفتی شتێك بە حەق و بە ڕەوا بزانێت مەرج نییە قازی هەمان بڕیاربدات ئەگەر بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەو حەقە لە ئارادانەبێت. ئەوانەی دەسەڵاتێکی تاکڕەوانەیان پیادەکردووە لە ڕۆژهەڵاتدا هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەیان داوە لە دەستی خۆیدا بۆ ئەوەی شەرعیەتێکی ئایینی بدات بە دەسەڵاتەکەی خۆی.

***بەڵام ئێمە باس لەوە دەکەین کە ئایین تێکەڵ بە سیاسەت کراوە، کراوە بە ئامرازێك بۆ حوکم بۆ دروستکردنی پارتی سیاسی؟**



- بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئایین بۆ مەبەستە سیاسییەکان بەکارهێنراوە، بۆ ڕەوایەتپێدان بە دەسەڵاتی سیاسی بەکارهێنراوە. لێرەدا دو تێڕوانین هەیە، یەکێکیان تێڕوانینی عەلمانییەکان کە بەڵگە و پاساویان بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات ئەوەیە کە لە ئیسلامدا تیۆری حکومڕانیکردن نییە، ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ دەقەکانی ئایین کە چەند ئایەتێکی گشتی هاتووە و تیورێکی تێروتەسەلی حوکم لە ئارادانییە. کەم و کوڕی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە ناگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئیسلام و بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگە، بە دەربڕینێکی تر ئایا لە دەقەکانی ئاییندا تیوری حوکم بەدی دەکرێت، نەخێر، بەڵام ئایا لە ئیسلامدا تێوری حوکم بوونی هەیە، بەڵێ، با زیاتر ئەمە ڕوون بکەینەوە، لە مێژووی ئیسلامدا مومارەساتی سیاسی بوونی هەبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێداویستی و گۆڕان و ململانێی ناو کۆمەڵگە بووە و ئەمەش وای کردووە تیوری حوکم دروست بکات، ئەمە بەو مانایە نایەت کەلەبەر ئەوەی تیۆری حوکم هەبووە دەبێت ئێستاش ئەو تیورە بەردەوام بێت. چونکە ئەم تیورە تیورێکی دنیایی بووە، کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان بووە، بۆ نموونە کەسێکی وەك ماوەردی دێت و لە کتێبی "الاحکام السلطانیه و الولایات الدینیة" کۆی دەکاتەوە، هاتووە تەنزیری بۆ ئەم ئەزموونانە کردووە و کردوویەتی بە تیۆری حوکم. واتە ئەمە تیۆرێکی دنیاییە و مرۆڤەکان لە چوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا دروستیان کردووە. هەروەها لە مێژووی ئیسلامیدا فەقیهەکان پەنایان بردۆتە بەر چەمکی بەرژەوەندی، بۆ نموونە ئەگەر دەقێکی ئایینی لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکدا ناکۆك بوو، ئەوا حاکم بۆی هەیە کارکردن بەو دەقە ئایینیە رابگرێت، ئەمە مۆرکێکی دنیایی ومۆرکێکی عەلمانییە لە خودی ئایین خۆیدا، واتە لە ئاییندا کە فیکرێکی میسالیە، نەزعەی ماددی و نەزعەی عەلمانی بوون هەیە. کەواتە ڕەوایە ئێستا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و دەسەڵات بکەین، ئەمە بە مانای فەرامۆشکردنی توراسی ئایینی نایەت، بە مانای ئەوە نایات سوود لە تیورەکانی حوکم وەرنەگرین، تەنانەت تیورە ئایینیەکانیش لە چوارچێوەی ئەزموونی پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە دروست بوونە، لە دەرەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و لە دەرەوەی مێژووەوە نەهاتوون. کەواتە هەم بەرژەوەندی و هەم پێداویستی

کۆمەڵگە جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات دەسەپێنێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بتوانین پانتاییەك دروست بکەین بۆ ئەوەی پێی دەڵێین نیشتمان، کە تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکە هاووڵاتی وڵاتەکەبن، بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕی ئایینیان، کەواتە عەلمانییەت بێ ڕێزی کردن نییە بەرامبەر بە ئایین، بەڵام ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی ئایینی شتێکە و دیاری کردن و سنوردارکردنی ڕەفتارەکانی هەموو کەسێکی ناو کۆمەڵگە بە تێڕوانینێکی ئایینی شتێکی ترە. چونکە ئەمە تێڕوانینی کەس و لایەنێکی دیاری کراوە بۆ سنوردارکردنی ئەو ڕەفتارە، لە ناو فیکری ئیسلامیشدا لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ سنوردارکردنی ڕەفتارەکان.

***بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەو تیورانە دەستکردی مرۆڤ و بەرهەمی پەرەسەندنن، بەڵام ئەوان تەقدیسیان دەکەن و بە تیورێکی ئیلاهی دەزانن؟**

- ڕاستە، ئەمەش بەشێکە لەو ململانێیەی لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەیە و پەیوەندی بە پرۆژە سیاسییەکەوە هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەوتی پەرەسەندنەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، هێشتا ئایین ئامرازێکی کاریگەرە بۆ وروژاندن و جۆشدانی سۆزی خەڵك، بەڵام خەڵك ئازادە تەنانەت لە دروستکردنی پارتێکی سیاسی لە سەر بنەمای ئایینی، گرنگ ئەوەیە لێرەدا کۆمەڵێك میکانیزم دابنێین کە لە چوارچێوەی فیکری عەلمانییەتدا بن، لە چوارچێوەی فیکری دیموکراتییدا، کە دەڵێین عەلمانییەت مەبەستمان عەلمانییەتێك نییە دووربێت لە دیموکراتییەت، لەبەر ئەوەی ئەزموونە عەلمانییەکانی ناوچەکە زیانییان گەیاندووە بە عەلمانییەت، چونکە دووربوونە لە دیموکراتییەت، وەك ئەزموونی تورکیا و ئێران. واتە ئەگەر ئەو میکانیزمانە لە چوارچێوەی فیکری عەلمانییەتێکی دیموکراتی مەدەنیدا بوون، ڕێگەنادات هیچ لایەنێك شەرعیەتی ئایینی بەکاربهێنێت بۆ حەڵاڵکردنی خوێنی کەسانی دیکە، ڕێگەنادات ئایین بۆ جۆشدانی سۆزی خەڵك بەکاربهێنرێت بۆ مەرامە سیاسییەکان، لێرەدا ئەمە دەبێتەهۆی پاراستنی ئایین کە بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەیە لەوەی بەکاربهێنرێت بۆ ئامانجە سیاسییەکان. هەڵە و مەترسییەکە لێرەدایە کە بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستە سیاسییەکان، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، مەرجەعیاتی ئایینی شیعە فتوایان دەرکرد ئەوەی بەشدارنەبێت دەچێتە دۆزەخەوە، لە هەمان کاتدا دەستەی زانایانی سوننە فتوایان دەرکرد ئەوەی بەشداربێت دەچێتە دۆزەخەوە، واتە دوو فتوای جیاواز لەسەر یەك مەسەلە کە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی سیاسیین، واتە ئەم فشارە دەروونییە بۆ سەر خەڵك دروست دەکرێت و سۆزی خەڵك ئیستیغلال دەکرێت کە زۆرجار ئەو خەڵکانە لە دژی بەرژەوەندی خۆشیان بڕیار دەدەن، بەڵام لە کۆتاییدا سیاسەتمەدارەکان سوودی لێوەردەگرن.

***ئایا مەترسی پارتە ئیسلامییەکانی هەرێمەکەی خۆشمان ئەوەنییە کە خەڵك بەرەو توندڕەوی پەلکێش دەکەن؟**

- ئەوەی من بۆم دەرکەوتبێت لە لێکۆڵینەوەم لە سەر پارتە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە هەموویان یەك پێکهاتەنین و ناکرێت بخرێنە یەك خانەوە، بەڵکو توندڕە و میانڕەویان تێدایە، ڕەوتی فیکری جیاوازیان تێدایە. دواتر ئەزموونی پارتە ئیسلامییەکانی ئێمەش دابڕاونییە لە کاریگەری ناوچەکە و لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان، دواتر دابڕاونییە لە مەسەلەی چارەسەرنەکردنی گیروگرفتەکان کە زەمینە بۆ توندڕەوی خۆش دەکات. بۆ نموونە حەماس کە بزوتنەوەیەکی توندڕەوە، بەڵام بۆچی بنکەیەکی جەماوەری هەیە، ئەمە پەیوەندی بە چارەسەرنەکردنی کێشەکانەوە هەیە.

***بەڵام بۆچی فەتح وەك حەمماس بەرەو توندڕەوی ناڕوات کە لە کاتێکدا هەردوکیان لە یەك شوێندان؟**

- ئەوە پەیوەندی بە تێڕوانینەوە هەیە بۆ واقیع، پەیوەندی بە چۆنییەتی تەفسیرکردنی واقیع و ئەو شێواز و ئامرازانەوە هەیە کە بەکاری دەهێنین بۆ گۆڕینی واقیع، بۆ نموونە ئێمە وەك حزبی شیوعی تێکۆشانی دیموکراسی و مەدەنی بە شێوازێکی ڕاست دەزانین لە کوردستاندا کە هەم بەشداری لە حکومەتدا دەکەین و هەم ڕەخنەی لێدەگرین، بەڵام دەزانین چ خیتابێکی سیاسی دەگرینەبەر.

*** بەڵام کێشەکە ئەوەیە حەماس دانووستاندن ڕەت دەکاتەوە؟**

- ڕاستە هەموومان دەزانین دەرئەنجامی ڕەتکردنی گفتوگۆ چی دەبێت، بەڵام نابێت بەرپرسیارێتی ئیسرائیل و ئەمەریکا و وڵاتە عەرەبییەکان و دەستێوەردانی ئێران و سوریا و حزبوڵڵا لە بیر بکەین لەو مەسەلەیەدا.

***لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی و هەروەها حزبی شیوعیشدا ئینشیقاق دروست بووە، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆی دروستبوونی گروپێکی وەك جوندولئیسلام و ئەنسارولسوننە، بۆچی لەناو ئیسلامییەکاندا ئەم ڕەوتانە سەرهەڵدەدەن؟**

- ڕاستە، ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ پێکهاتە فیکرییەکەیان دەگەڕێتەوە کە زەمینە بۆ ئەو ڕەفتارانە خۆش دەکات، ئێمە دەزانین لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ناو بزوتنەوەی چەپیشدا ڕەوتی توندڕەوی دروست بوون، وەك (بایدەرماینهۆف و ئەلویەی حەمرا)، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر توندڕەوی لە ناو چەپەکاندا کۆتای هاتووە و مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن. تەنانەت لە ناو لاهوتی مەسیحیشدا ئەم ڕەوتە توندڕەوانە بوونییان هەبووە، بەڵام دواتر پارتگەلێکی وەك پارتە مەسیحییە دیموکراتەکان دروست بوون کە ڕێز لە بنەما عەلمانییەکان دەگرن و پێشێلیان ناکەن و شت بە سەر خەڵکدا ناسەپێنن ئەگەرچی لە پرۆژە کۆمەڵایەتییەکاندا مۆرکێکی موحافیزکارانەیان هەیە. حاڵی حازر ئەمەریکا هەوڵ دەدات جۆرێك لە پارتە ئایینییەکانی چەشنی پارتە مەسیحییە دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا لەم ناوچەدا دروست بن کە ڕێز لە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات بگرن، هەوڵ ئەدا پارتی ئایینی میانڕەو دروست بن و بزوتنەوەی چاکسازی لە ناو کۆمەڵگەدا دروست بێت، بەڵام من پێم وایە ئەگەر هێزە دیموکراسییەکانی کۆمەڵگە بتوانن کێشەکانی خەڵك چارەسەربکەن ئەوا تەنانەت زەمینەی توندڕەوی لە ناو حزبە ئیسلامییەکانیشدا کەم دەبێتەوە.

***بەڵام ئایا ئیسلامیەکان ئامادەن دەست لە تەقدیسکردنی راوبۆچونەکانیان هەڵبگرن؟**

- پارتە ئیسلامیەکان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکان و تەنانەت لە ناو خودی ئەم پارتانەشدا گۆڕانکاریی دروست دەبێت، بڕوانە ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر ڕەوتە جیهادییەکانی میسردا هات، واتە ئەوان لە دۆخی سڕبوون و بەستەڵکدا نین.

●●●

**لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، مەرجەعیاتی ئایینی شیعە فتوایان دەرکرد ئەوەی بەشدارنەبێت دەچێتە دۆزەخەوە، لە هەمان کاتدا دەستەی زانایانی سوننە فتوایان دەرکرد ئەوەی بەشداربێت دەچێتە دۆزەخەوە، واتە دوو فتوای جیاواز لەسەر یەك مەسەلە کە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی سیاسیین**

●●●

●●●

**ئەزموونی پارتە ئیسلامییەکانی ئێمەش دابڕاونییە لە کاریگەری ناوچەکە و لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان، دواتر دابڕاونییە لە مەسەلەی چارەسەرنەکردنی گیروگرفتەکان کە زەمینە بۆ توندڕەوی خۆش دەکات**

●●●

●●●

**هەموو مێژووی ئیسلام مێژووی دەق نییە، بەڵکو مێژووی راوبۆچوونەکانیشە**

●●●

کەسێکی وەک ئیمام محەمەد عەبدە پێی وایە حاکم دەتوانێت فرەژنی رابگرێت ئەگەر زیانی هەبوو لە کۆمەڵگەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە بە دەق فرەژنی رێی پێدراوە، هەروەها سزای دزی کردن دەستبڕینەوەیە لە دەقەکاندا، بەڵام خەلیفەی دووەم، عومەری کوڕی خەتتاب، ئەم حوکمەی راگرت

*** ئایا ئەمە تاکتیك نییە؟**

- هەموی تاکتیك نییە، هەندێ جار ئەم پارتانە دەور دابەش دەکەن، بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە، ئێمە ئاماژەمان پێکرد کە دەبێت لە چوارچێوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا لە فیکری ئیسلامی بڕوانین، بۆ نموونە لە مێژووشدا قوتابخانەی فیقهی جیاواز هەبووە، قوتابخانەی (ئەهلی حەدیس) هەبووە لە حیجاز کە پتر پابەندبوونە بە دەقەکانەوە، بەڵام لە کووفە قوتابخانەی (ئەهلی رەئی) هەبووە کە زیاتر ئیجتهیادیان کردووە، ئەمان خوێندنەوەی جیاوازیان هەبووە تەنانەت بۆ مەسەلەکانی ئوسولی فیقه کە پەیوەستە بە چۆنییەتی هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان. واتە هەموو مێژووی ئیسلام مێژووی دەق نییە، بەڵکو مێژووی راوبۆچوونەکانیشە. زۆرجار من ئاماژە بەو حاڵەتە دەکەم کە پێغەمبەر مەعازی کوڕی جەبەل دەنێرێت بۆ یەمەن و پێی دەڵێت بە چی حوکم ئەکەین، دەڵی بە دەقی قورئان، دەڵێ ئەگەر دەق نەبوو، دەڵێ بە حەدیس، دیسان لێی دەپرسێ ئەگەر حەدیس نەبوو، لە وەڵامدا دەڵێ ئیجتیهاد ئەکەم و لەم رووەوە کەمتەرخەمی ناکەم، واتە دەقەکان هەموو مەسەلەکانییان تەغتیە نەکردووە، دواتر ئەم رووداوە ئەو گریمانەیەی لێدەکرێت کە دەکرێت ئیجتیهاد بکرێت. مەسەلەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە دەقەکانیش زمانن و سنووری خۆیان هەیە، کاتی خۆی پەنایان دەبردە بەر "تەئویل" بۆ لێکدانەوەی دەقەکان، واتە ئەوان هەوڵیان دەدا چ مانایەکی شاردراوە هەیە لە دەقەکاندا بیدۆزنەوە، واتە مانای مەعنەوەی نەك لەفزی. دواتر کە ئەمەش چارەسەری کێشەکانی نەکردووە و هەل و مەرجی نوێ دروست بووە، پەنایان بردۆتە بەر ئیجتیهاد و دواتر پێوەری بەرژەوەندی "معیار المصلحه"، بۆ نموونە کەسێکی وەك ئیمام محەممەد عەبدە پێی وایە حاکم دەتوانێت فرەژنی رابگرێت ئەگەر زیانی هەبوو لە کۆمەڵگەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە بە دەق فرەژنی رێی پێدراوە، هەروەها سزای دزی کردن دەستبڕینەوەیە لە دەقەکاندا، بەڵام خەلیفەی دووەم، عومەری کوڕی خەتتاب، ئەم حوکمەی راگرت، ئەمە هەڵوەشاندنەوە و دەستکاریکردنی دەقەکە نییە، بەڵکو راگرتنی حوکمی دەقەکەیە. واتە ئایەتەکان پەیوەندییان بە هەل و مەرجێکی دیاری کراوەوە هەبووە، بۆ نموونە باس لە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان دەکرێت "اسباب النزول" کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی حاڵەتێکی دیاری کراو، مەبەستم ئەوەیە دەق دانەبڕاوە لە مێژوو، دەق پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە چوارچێوەی مێژوودایە.

ئەگەر من پرۆژەیەکی عەلمانیم هەبێت دەبێت بتوانم کۆمەڵگەکەش ئامادەبکەم بۆ ئەم پرۆژەیە، عەلمانییەت پرۆسەی دەرکردنی بڕیارنییە

***پارتە ئیسلامییەکان چەند میانڕەوبن، بەڵام هەموویان لە تەقدیسکردن و رەهای بووندا یەك دەگرنەوە، ئەمەش لەگەڵ دیموکراسییدا ناگونجێت؟ بۆ نموونە لە هەمموارکردنی یاسای باری کەسێتیدا خەریك بوو پەرلەمان تەکفیر بکەن؟**

- ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن لە فیکری ئیسلامی دەڕوانین، ئایا لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا لێی دەڕوانین یان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا، ئەگەر لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا لێی بڕوانین ئەوا رەنگدانەوەی پەرەسەندن و گۆڕانکاری و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەن، بۆ نموونە پێش پەنجا ساڵ لە میسردا پرۆسەی هاوسەرگیری عورفی نەبوو "زواج عرفی"، بەڵام پێداویستی کۆمەڵگە سەپاندی و هیچ لایەکیش رای نەگەیاندووە کە رەوا نییە. دواتر ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی یاسای باری کەسی، ئەوا ئەگەر فیقهی ئیسلامی کە یەکێکە لە سەرچاوەکان و ئێمەش بەو شێوەیە لێی بڕوانین کە رەنگدانەوەی ململانێکانی کۆمەڵگەیە و لە چوارچێوەی مێژوودا لێی بڕوانین ئەوا ناتوانین ئەم توراسە مێژوییە فەرامۆش بکەین. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت بەها یەکسانخوازییەکان و رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی وەك رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی توندوتیژیش لەبەرچاوبگرین. مەسەلەیەکی دیکە هەیە ئەویش سیاسەتی تەشریعییە، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە بڕیاری پارتە ئیسلامییەکانەوە نەبوو، بۆ نموونە لەو مەسەلەیەدا تەنیا ئیسلامییەکان نەبوون دژی قەدەغەکردنی فرەژنی بوون، کەسانێك هەبوون یەکێتی یان پارتیش بوون هەمان هەڵوێستییان هەبوو. واتە ئەمە پەیوەندی بە چۆنییەتی مامەڵەکردنەوە هەیە لەگەڵ یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسای باری کەسی کە پێی دەڵێن فیقهی ئیسلامی. مەسەلەکە ئەوەیە پرۆژەی دەوڵەت چییە؟ ئایا دەوڵەتێکی ئایینییە یان مەدەنی؟ دواتر ئەگەر من پرۆژەیەکی عەلمانیم هەبێت دەبێت بتوانم کۆمەڵگەکەش ئامادەبکەم بۆ ئەم پرۆژەیە، عەلمانییەت پرۆسەی دەرکردنی بڕیارنییە، بۆ نموونە ئەگەر من لە پەرلەمان زۆرینەبم و بڕیارێکم دەرکرد ئیسلامییەکان خۆپیشاندانیان کرد لە دژی _کە مافی خۆیانە خۆپیشاندان بکەن و دەبێت رێزیشیان لێبگیرێت، چونکە گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆیان دەکەن، دەبێت ئەوەندە کاریگەریم هەبێت لە کۆمەڵگەکەدا کە کاریگەری ئەو خۆپیشاندنانە سنورداربکەم، واتە عەلمانییەت بریتی نییە لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار، بەڵکوە پرۆسەیەکی سەرانسەریە. دیموکراسی پرۆسەیەکی سەرانسەرییە.

*** بەڵام ئەوان رێساکانی گەمەی دیموکراسی قبوڵ ناکەن؟**

- بەڵام رێساکانی گەمەکە کێ دەیسەپێنێت، ئەگەر تۆ پەرلەمانت لەگەڵدابێت، جەماوەرت لەگەڵدا بێت ئەوا داکۆکی لەو رێسایانە دەکەن، کێ توانای ئەوەی هەیە کودەتای سەربازی لە کوردستاندا بکات. دواتر گرفتەکە ئەوەیە ئێمە یەکێتی و پارتی بە دوو حزبی دیموکراتی عەلمانی و مەدەنی دەزانین، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك کارکردن بەم تێڕوانینە لە هەنگاوەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و چەند کاری بۆ دەکەن، کێشەکە لێرەدا دروست دەبێت، نەك گلەیی لە لایەنێکی دیکە بکەین، ئیسلامییەکان وا بیردەکەنەوە مافی خۆیانە وا بیربکەنەوە، بەڵام دەبێت ئێمە بە خۆماندا بچینەوە.

***ئایا ئەگەر پارتە ئیسلامیەکان یان پارتە ئایینییەکان بە گشتی گەیشتنە دەسەڵات چارەنووسی کۆمەڵگەکە چی دەبێت؟ باس لە پارتی داد و گەشەپێدان ناکەین، لەبەر ئەوەی سوپای ئەو وڵاتە چاودێری دەکات؟**

- ئەوە پەیوەندی بە سیستەمە سیاسییەکەوە هەیە، دەبێت سەرەتا رێکبکەوین لەسەر ئەوەی چ سیستەمێکی سیاسییمان هەیە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی هێنانەدی سەقامگیریی، واتە دەبێت سیستەمە سیاسییەکە روون بێت و لەلایەن دەستوورەوە دەستنیشان کرابێت. ئەو کاتە ئەگەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش رووبدات، ئەگەر پارتێکی ئایینیش دەسەڵاتی گرتەدەست، کێشەنییە. من پێم وایە دەبێت دەستوری وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها دەستووری کوردستان زەمانەتی دیموکراسی بکات بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و زۆر بە روونی. دواتر لە تێکۆشانی ئێمەدا وەك هێزێکی دیموکراسیخواز دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دیموکراسی وەك میکانیزم و دیموکراسی وەك چەمك،

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پارتی و یەکێتی ئەوە نییە من وەزیرێکم هەیە و ئەوان دە وەزیریان هەیە، لەسەر بنەمای ئەوەیە من چ بەرنامەیەکم هەیە و ئەوان چ بەرنامەیەکیان هەیە



هەندێ لە پارتە ئایینی یان ئیسلامییەکان تەنیا لە چوارچێوەی زۆرینە و کەمینەدا لە دیموکراسی دەڕوانێت، هەموو دیموکراسی لە زۆرینە و کەمینەدا چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی بێتەسەر حوکم. بەڵام ئێمە وەك فیکر لە دیموکراسی دەڕوانین بۆ چۆنییەتی حوکم کردن. بەو پێیە دەبێت دەستوورەکە بە جۆرێك بێت کە پاشگەزبوونەوە نەبێت لە سیستەمە سیاسییەکە، ئەمە کۆمەڵگەکە دەپارێزێت. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکی ئەوروپی پارتێکی مەسیحی بێتەسەر دەسەڵات ناتوانێت دەستووری وڵاتەکە بگۆڕێت. بە هەمان شێوە لە تورکیا کە ئێوە پێتان وایە سوپا عەلمانییەتی وڵاتەکەی پاراستووە، بەڵام بە رای من دەستوری و وڵاتەکە و خودی ئەو ململانێیەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە پاراستوییەتی، راستە پارتی داد و گەشەپێدان نەگەیشتۆتە ئاستی پارتێکی مەسیحی، راستە هەر ئیخوان موسلمینە، بەڵام ئیخوان موسلمینێکی وەك حەمماس نییە، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵگە و ململانێی ناو کۆمەڵگەکە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەمە بانگەشە نییە بۆ ئەوەی بەدیلەکە بەدیلێکی ئیسلامی بێت، یان دەوڵەتێکی ئایینی بێت، بەڵکو بەدیلێکی دیموکراسی بێت، عەلمانی بێت، مەدەنی بێت. من رەخنە لە حکومەتی کوردستان دەگرم، بەڵام بەدیلەکە ئیسلامی نییە و میحوەر دروستکردنیش نییە. دواتر من وەك کەسێکی چەپ هەوڵی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەدەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەرچی پەتی گۆڕانکاریە بەدەست حزبی شیوعیەوەبێت، بەڵکو کەسانێکی دیکەش هەن کاریگەریان هەیە، بەڵام زۆرجار هەندێ لەو کەسانە لە ناو پارتەکانی دیکەشدا وەك من بیردەکەنەوە، بۆ نموونە لە مەسەلەی دەنگدان لەسەر یاسای باری کەسی ئێمە سێ ئەندام پەرلەمانمان هەیە و لەگەڵ ئەو بەرەیەدا بووین کە ٣٤ کەس بوون، واتە ٣١ کەسی دیکەش لە ناو پارتی و یەکێتی و زەحمەتکێشاندا وەك ئێمە بیریان کردۆتەوە، واتە مەسەلەیەکی هاوبەشمان هەیە، گرنگ ئەوەیە دەسەڵات بەرچاوڕوونبێت، پارتەکان بەرچاوڕوون بن، بۆ ئەوەی بزانم من وەك دەسەڵات چ پرۆژەیەکم هەیە، وەك حزب چ پرۆژەیەکم هەیە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی ئاراستەی سیاسەتی من نەکات. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پارتی و یەکێتی ئەوە نییە من وەزیرێکم هەیە و ئەوان دە وەزیریان هەیە، لەسەر بنەمای ئەوەیە من چ بەرنامەیەکم هەیە و ئەوان چ بەرنامەیەکیان هەیە، ئەمە ئاراستەی سیاسەتی حزبی شیوعی دەکات، من پێم وایە نابێت حزبەکانی دیکەش بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی ئاراستەیان بکات، بەڵکو پێوەری دیکە هەیە، وەك داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، عەلمانی بوون، دیموکراتی بوون و مەدەنی بوون ئەمانە ئەوە دیاری دەکەن من لە چوارچێوەی چ پرۆژەیەکدا بیردەکەمەوە.

***ئەگەر ململانێ هەبێت لە نێوان پارتە مەدەنی و دیموکراتەکاندا ئەوا پرۆسەکە دیموکراسییەکە خێراتردەبێت، بەڵام مەترسی لە گەشەکردنی حزبە ئیسلامییەکاندایە کە بەرەی دژەدیموکراتین و هەڵدەستن بە ئیستغلالکردنی خەڵك؟**

- بە رای من ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو حاڵەتەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئارادابێت، ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە دیموکراتییەت بوونی نییە، بەڵام دیموکراسییەت پرۆسەی بنیاتنانە، لە کوردستاندا کۆمەڵێك ئازادی دیموکراسی لە ئارادان، بەڵام ئەزموونی دیموکراسی ئێمە لە دیموکراسی هۆڵەندا، یان فەرەنسا جیاوازە، ئەوەی لە کوردستاندا هەیە دیموکراسی تەوافوقییە، ئەمەش هەل و مەرجەکە سەپاندوویەتی، بۆ نموونە هاوپەیمانی نێوان یەکێتی و پارتی گرنگە بۆ پاراستنی یەکریزی ماڵی کورد و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانمان لەگەڵ مەرکەزدا، واتە پێویست ناکات یەکێتی و پارتی سەرقاڵکەین بە ململانێی یەکترەوە، بە شەڕە کورسیەوە، دواتر تێپەڕاندنی ئەم دیموکراسیەتە تەوافوقیە بە بڕیارنابێت، بە کەڵەکەبوونی ئەزموون دەبێت کە هەل و مەرجێك دێتەپێشەوە، ئیتر پێویست بە دیموکراسییەتی تەوافوقی ناکات.

***جگە لە یەکێتی و پارتی، سەرچاوەی دارایی هەندێ لە پارتەکانی دیکە شەفافن و گەشەکردنییان سروشتیە، بەڵام هەندێ پارتی ئیسلامی دیکە هەیە کە نە سەرچاوەی داراییان شەفافە و نە گەشەکردنیان سروشتیە، ئێوە چی دەڵێن لەم رووەوە؟**

- چەند دەوڵەتی یاسا و دامەزراوە دەستوورییەکان بەهێزبکەین و چەند سەرکەوتووبین لە رێکخستنی -نەك کۆنترۆڵکردن- کاری پارتەکان لە چوارچێوەی یاساکاندا، ئەوەندە دەتوانین ژیانێکی حزبایەتی دروست بنیات بنێین. راستە دەستی دەرەکی رۆڵی هەیە و کاریگەری هەیە، دەبێت واقیعی بین ئەجێندای جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین میکانیزمێك دابنێین لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەڵێین پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، واتە چۆن دەتوانین ژیانێکی حزبی دروست و شەفاف دروست بکەین، راگرتنی دەستێوەردانی دەرەکی بە بڕیارنابێت، بەوە نابێت رایبگەیەنین کە فڵان حزب پیلانی دەرەکی جێبەجێ دەکات و پارە لە دەرەوە وەردەگرێت، واتە ئەمە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، چۆن بتوانین ماڵی خۆمان رێکبخەینەوە بۆ دروستکردنی ئەو ژیانە حزبیە دروستە کە من پێم وایە دەسەڵاتی ئێمە ئەو توانایەی هەیە ئەم کارە بکات، ئەگەر ئێمە دیموکراسییەت وەك پرۆسەی بنیاتنان تەماشابکەین ئەوا دەستێوەردانی دەرەکی هەر دەمێنێت چونکە بەرژەوەندیەکان جیاوازن.

●●●

**لە وڵاتێکی ئەوروپی پارتێکی مەسیحی بێتەسەر دەسەڵات ناتوانێت دەستووری وڵاتەکە بگۆڕێت. بە هەمان شێوە لە تورکیا کە ئێوە پێتان وایە سوپا عەلمانییەتی وڵاتەکەی پاراستووە، بەڵام بە رای من دەستوری وڵاتەکە و خودی ئەو ململانێیەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە پاراستویەتی، راستە پارتی داد و گەشەپێدان نەگەیشتۆتە ئاستی پارتێکی مەسیحی، راستە هەر ئیخوان موسلمینە، بەڵام ئیخوان موسلمینێکی وەک حەماس نییە، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵگە و ململانێی ناو کۆمەڵگەکە دەگەڕێتەوە**

●●●

●●●

**هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو حاڵەتەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئارادابێت، ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە دیموکراتییەت بوونی نییە، بەڵام دیموکراسییەت پرۆسەی بنیاتنانە**

●●●

●●●

**ئەوەی لە کوردستاندا هەیە دیموکراسی تەوافوقییە**

●●●



د.محەمەد گەزنەیی بۆ گوڵان:

# حزبی سیاسیی ئیسلامی لەکوردستان دروست نابێت ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە هەموویان سەر بە ئیخوان موسلمینن و ئەوەی لەدەرەوە بڕیاری لێبدرێت ئەوە جێبەجێ دەکرێت

**د.محەمەد گەزنەیی یەکێکە لە زانا دیارو ناسراوەکانی کورد لە بواری شەریعەتی ئیسلامیدا و دەرچووی زانکۆی ئەزهەریشە و ئەندامی یەکێتی زانایانی کوردستانە و وەزیری ئەوقافیش بووە لە ئیدارەی سلێمانی، لەسەر هەموو مەسەلە هەستیپارەکانی کۆمەڵگە تایبەت بە پەیوەندی ئایین و کۆمەڵگە هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە و فەتوای لەسەردەدات، هەربۆیە بە پێویستمان زانی لەســەر پرسی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت و زەرورەتی دروستبوونی پارتێکی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان و ئەو پارتە ئیســلامییە سیاسیە هاوردانەی لەدەرەوە هاتوونەتە کوردســتان .،گفتوگۆیەکی راشکاوانە لەگەڵ بەڕێزی بکەین و ئەو پرسیارە لەگەڵیدا بورووژێنین کە پرسیاری پەنگخواردووی هەر تاکێکی کوردستانە و، بەسوپاسەوە بەڕێزی راشکاوانەو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێــوە وەك زانایەکــی ئیســلامی کــورد و هاوڵاتیەکی کوردستانی، ئایا ئەرکی موسڵمان و هاوڵاتیەکی کوردستانی لە چیدا دەبینن ؟**

- ئێمــە میللەتێکیــن غەدرمان لێکــراوە و غەدرمان لەکەس نەکــردووە، من پێم وایــە دەبێت هەموومان بە موســڵمان و مەسیحی و بەهەر کەسێك هەســتی ئینسانی تێدابێت سەرەتا هەوڵی ئەوەبدەین وەك میللەتانی دیکەمان لێبێت، لەبەر ئەوەی بەم حاڵە هەر دەبێت لــە پەیوەندیەکاندا برا بچووك بین، بەڵام ئەگەر حاڵمان وەك میللەتانی دیکەی لێهات ئەو کاتە دەتوانین پەیوەندی یەکســان و بەرامبەریان لەگەڵ دروست بکەین، ئەو

کاتە هەموولایەك ئازادن دۆستایەتی لەگەڵ چ لایەنێکدا دەکەن، لەگەڵ ئەمەریکای دەکەن، لەگەڵ فەڕەنسا یان هەر ڕێکخراوێکی دیکەدا، بەڵام ئەرکی هەمومان ئەوەیە سەرەتا ئەو ئامانجە بهێنێتەدی کە ئاماژەم پێکرد، نەك ئێمە هەر برا بچوك و ئەوان هەر برا گەورەبن، ئەوە ڕاسپاردەی منە.

*** ئەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین وسیاسەت چی دەڵێن، ئایا تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت هۆکارێکە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە یان سەر لە کۆمەڵگە تێکدەدات؟**

- حکومڕانی و ئاینمان هەیە، دەسەڵات و ئاینمان هەیە، بەڵام لە پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەت ئێمە سیاسەتی شەرعیمان هەیە، بەڵام سیاسەتی شەرعی هەوڵی نەرمڕەوی دەدات، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئێستادا بەدیدەکرێت. ئێستا حاڵەتێك لە ئارادایە، ئێمە دەبێت بەدوای سەرچاوە و هۆکاری سەرهەڵدانیدا بگەڕێین، خەڵکی ڕۆژهەڵات بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە دواکەوتوون، لە کاتێکدا ئەوروپا بە ڕاددەیەکی زۆر پێشکەوتووە، بۆ نموونە ئەگەر باسی دروستکردنی ئەو فڕۆکە گەورە و زەبەلاحانە بکەین کە ئەوروپا بەرهەمی هێناون، ئەگەر ئێمە ئەو فڕۆکانەمان نەدیایە ڕەنگە باوەڕمان نەکردایە و بە خورافیاتمان لەقەڵەم بدایە، یاخود ئەگەر ئەو کەسانەی دروستیان کردووە بانگەشەی ئەوەیان بکردایە کە ئەمە موعجیزەیە و ئەوان پێغەمبەرن (د.خ) و خوا ئەم موعجیزەیەی بۆ ڕەوانەکردوون ڕەنگە باوەڕمان بکردایە. هەروەها ئەو هەموو چەکە سەرسوڕهێنەر و ئەو هەموو پێشکەوتنەی جێی سەرسوڕمانن، لێرەدا کاردانەوەی ئێمە ئەوەیە کە هەست بە کەمی دەکەین، هەست بە بچووکی دەکەین و بیر لەوە دەکەینەوە چۆن قەرەبووی ئەم هەست بە کەمی کردنەبکەین. لێرەدا چەند ئاراستەیەك هاتنە ئاراوە:

یەکەم/ یەکێك لەو ئاراستانەی کار لەسەر کەمکردنەوەی بەهای ئەو پێشکەوتنانە دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئیسلام ١٤٠٠ ساڵە ئەو شتانە دەزانێت، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش داهات و داراییەکی زۆر خەرج دەکرێت، بۆ نموونە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و فەزایی هەیە کە باس لە موعجیزەکانی ناو قورئان دەکەن و ئەو پەیامە دەگەیەنن کە هەرچەندە ئێمە دواکەوتووین بەڵام قورئان هەمو شتێکی تێدایە، وەك قسەی ئەو کابرایە وایە کە وتی ڕاستە من خۆم زۆر پیاونیم بەڵام باوکم زۆر پیاو بوو، دیوەخانی هەبوو.

دووەم / جۆرێکی دیکە لە پڕکردنەوەی ئەم هەستکردن بە کەمیە، بریتیە لەو بانگەشەیەی کە دەڵێت دەبێت قەناعەت بە خۆمان بکەین کە ئەم دیموکراسیەت و پێشکەوتنە باشانەی دیکە هەمووی لە ئیسلامدا هەبووە، بەڵام میللەتی موسڵمان خەمساردبووە، بۆ نموونە لە شێخ محەممەد عەبدە دەگێڕنەوە کە وتویەتی لە ئەورپا ئیسلامم بینی و موسڵمانم نەبینی، بەڵام لێرە موسڵمان هەیە و ئیسلام نیە، واتە بە حساب لە ئەوروپا خەڵك چاودێری یەك ناکەن و حەسودی بەیەك نابەن و هەمو کەس سەرقاڵی ئیشکردن و داهێنانە و ئیسلامیش بەم شێوەیەیە. بەڵام لێرە موسڵمان هەیە بەڵام کار بە هیچ ڕێسایەکی ئیسلام ناکەن، ئەمەش جۆرێکە لە پڕکردنەوەی ئەم کەم و کووڕیە.

سێیەم / ئەمە سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێکردنەوەی ئاین (تجديد الدين)، واتە هەرچی لە ڕۆژئاواوە هات دەبێت وەری بگریت چونکە لە ئەسڵدا سەرچاوەکەی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە و هەر ئەوەندە دەمێنێت کە بەرگێکی ئیسلامی لەبەربکەین، بۆ نموونە ڕای دەگەیەنن کە ئێمە پێش دیموکراسی شورامان هەبووە، بۆ نموونە زۆرێك لەو کەسانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر و بیریاری ئیسلامی دەزانن، هەوڵی نوێکردنەوەی ئاین دەدەن بەو ڕێگەیە و دەیانەوێت خەڵکی موسڵمان قەناعەت پێبهێنن کە هەرچی لە ڕۆژئاواوە دێت ئەوا دژی ئاین نیە، ڕەنگە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیاش لەم چوارچێوەیەدا کاربکات و بە خەڵك ڕادەگەیەنێت کە هەرچی لە ڕۆژئاواوە دێت ئیسلامیش ئاوایە. بەڵام تەنها لایەنی ئەخلاقی و عیبادەت لە ئیسلامدا دەهێڵینەوە، وەك قەدەغەکردنی دزیکردن و ئیتر نەزاهەت بەرپادەکەین، بەڵام بە چەشنی ئەوان ئەگەر بەرپرسێك دزیکرد لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەین،.بەڵام خۆ هەمو شەریعەتە ئاسمانیەکان بۆ ئەوە هاتوون کە بەرپرسەکان بە ئینساف و دادپەورەری مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی و موحیبەت لە نێوانیاندا دروست بێت، مەبەستم ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت بەم شێوەیە ئاین نوێبکەنەوە.

چوارەم / ڕەوتێکی دیکە هەیە پێیان وایە ئێمە میللەتێکین بە ئەوروپا ئیسلاح نابین، ئێمە و خەڵکی ئەوروپا دوو میللەتی لێکدوور و لێکجیاوازین و سەرەتا بە چ شتێك میللەتی ئێمە چاك بوو، ئەوا ئێستاش هەر بەو شێوەیە دەکرێت چاکبکرێت، واتە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی ١٤٠٠ پێش ئێستا و ئێمە چیتر ناتوانین فێری ئەو پێشکەوتنانەی ئەوروپا نابین و تەنها گەڕانەوە بۆ ئەو ئەزموونە هەر ئەو ئەزموونە دەرمانی دەردی ئێمە دەکات.

بەڵام هەل و مەرجی ئێستا زۆر جیاوازە لە بارودۆخی ڕابردو، ئێستا سەردەمی فڕۆکە و پێشکەوتنە و ئەو سەردەمە خەڵکی بە ساڵێك یان دو ساڵ دەگەیشتە حەج و کاتێك پێیان دەڵێت ئەمە شتێکی مومکین نیە، لە وەڵامدا دەڵێن ئێمە دەتوانین ئەم کارەبکەین و ئەوروپا خەڵکانێکی تەماعکارن و ئێمەش پارەمان هەیە و دەتوانین شتیان لێبکڕین میللەتی ئێمە وزەیەکی تێدایە و تەنها پێویستی بەوە هەیە بیخەینەگەڕ و بیانخەینە شەڕەوە و تەنها پێویست بە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕەکە دەکات، ئیتر ئەمە ئەو فیکرەیە کە لە کۆششی ئەوەدایە چۆن ئەو خەڵکە تێوەبگلێنن، هەر لە سەرەتاوە و ڕاستەوخۆ شتەکان بۆ ڕەش و سپی دابەش دەکەن، یان موسڵمانیت یان کافر، ئەگەر باوەڕت وایە دەبێت هەمو شتێك بڕوخێنین و شەڕ لەگەڵ هەمو ڕۆژئاوادابکەین ئەوا موسڵمانیت و لەگەڵ ئێمەیت، ئەگەرنا کافریت و دوژمنی ئێمەیت، واتە حەدی وەسەتمان نیە،

ئەگەر باسی دروستکردنی ئەو فڕۆکە گەورە و زەبەلاحانە بکەین کە ئەوروپا بەرهەمی هێناون، ئەگەر ئێمە ئەو فڕۆکانەمان نەدیایە ڕەنگە باوەڕمان نەکردایە و بە خورافیاتمان لەقەڵەم بدایە، یاخود ئەگەر ئەو کەسانەی دروستیان کردووە بانگەشەی ئەوەیان بکردایە کە ئەمە موعجیزەیە و ئەوان پێغەمبەرن (د.خ) و خوا ئەم موعجیزەیەی بۆ ڕەوانەکردوون ڕەنگە باوەڕمان بکردایە

ئەمە ئەو فیکرەیەیە کە هەندێ کەس باوەڕیان پێیەتی بەڵام زۆرکەسیش باوەڕی پێی نییە، گرفتەکە ئەوەیە ئەوان خەڵك دەترسێنن، سەرکوتیان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە خەڵك بدەن زۆر دڵڕەقانە لێیان دەدەن.

*** بەڵام هەندێك لەو پارتانە بەشداری پرۆسەی دیموکراتی دەکەن و پەنا بۆ سندوقی دەنگدان دەبەن، ئەمە لە کاتێکدا لە ئەسڵدا باوەڕیان بە پرۆسەکە نیە، ڕاو بۆچونی ئێوە لەم ڕووەوە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، چەند ڕەوتێك لە ئارادان، یەکێك لەو ڕەوتانە ڕای دەگەیەنێت کە یان دەبێت بمکوژیت یان دەتکوژم، ئەو ڕەوتە پێی دەڵێن ئیرهابی و گروپەکەی ئوسامە بن لادن، ڕەوتێکی دیکەیان بەرگێکی ئیسلامی دەکات بەبەر هەر شتێك لە ڕۆژئاواوەبێت، لایەنێکی دیکە هەیە پێی وایە چیتر ئێمە ناتوانن شەڕی ڕۆژئاوا بکەین، لەبەر ئەوەی لە ١٩٤٨ و ١٩٦٧دا شەڕمان کرد شکستمان هێنا و دۆڕاندمان، ئێستاش ناتوانن بەرەنگاریان ببینەوە، لەبەر ئەوەی چەکی باشتریان هەیە و ئەم سەردەمەش سەردەمی پێشکەوتنە، بەڵام ئێمە دەتوانین لە کاتی دەنگدان و هەڵبژاردندا بەشداری بکەین، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتمان بەدەستهێنا دەستی لێهەڵناگرین و ئەگەر هەوڵی



ئەوەش بدەن دەسەڵاتمان لێوەربگرنەوە ئەوا گیروگرفت دروست دەکەین. بەڵام ئایا لە ناو خەڵکی ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمەدا کامیان ڕەواجی زیاتری هەیە و کامیان کاریگەری زیاتری هەیە، ئەوەی ئاشکرایە ئەو ڕەوتەیە کە پێی دەڵێن ڕەوتی وەسەتی، لەبەر ئەوەی ئەوانەی پێیان وایە دەتوانین هەمو شتێکی ڕۆژئاوا وەربگرین و بەرگی ئیسلامی لەبەربکەین، بەوە تاوانباردەکرێن کە لە ئیسلام لایانداوە، هەروەها ئەوانەی هەڵوێستێکی زۆر توندڕەوانەیان هەیە و خۆیان کردۆتە دوژمنی تێکڕای دەوڵەتانی جیهان سەرنجڕاکێش نین لای خەڵکی، واتە ئەمێنیتەوە ئەوانەی پێیان دەڵێن ڕەوتی وەسەتی، کە پێیان وایە دەبێت بەشداری بکەین تا دەگەینە دەسەڵات، دواتر شەریعەت جێبەجێ دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەڵکی لە ئاست ئەمانیشدا نیگەرانە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ڕەنگە خەڵکی بڵێن ئێمە چەندین ساڵە سەرۆکێکی موسڵمانمان هەبووە، بەڵام کەچی هەر ستەمکاربووە، بەڵام با بزانین خەڵکی چی لە دەسەڵات و بەرپرسەکان دەوێت، کەسانێك هەن ئەگەر حکومەت مووچەیەکی زیادیان پێبدات یاخود خزمەتگوزاریەك بۆ گەڕەکەکەیان ئەنجام بدات ستایشی دەکەن، واتە ڕەنگە لە هەڵبژاردنەکاندا شتێکیان بۆ بکرێت دەنگت بۆ بدەن، بەڵام چینی ڕۆشنبیر چی دەوێت، دەیەوێت کاربەدەست و بەرپرسەکان نەزیە بن، دەستپاك و دەمپاك و داوێنپاك بن و جێی متمانەی خەڵك بن، ئێستا ئەم ڕەوتە هاتوون و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر هاتنەسەر دەسەڵات ئەوا نەزیە دەبن و دەستپاك دەبن، واتە ئەوان چیتر مژدەی بەهەشت بە خەڵك نادەن، ناڵێن خەڵك دەبەینە بەهەشتەوە، بەڵکو دەزانن ئەمە خواست و داواکاری خەڵکە لە دەسەڵات بۆیە ئەو کارە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیانتوانیوە متمانەی خەڵك بەدەست بهێنن، هێشتا خەڵك دڵنیانیە لەوەی کە فیعلەن بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن، واتە کێشەکەیان ئەوەیە چۆن بتوانن قەناعەت و متمانەی خەڵك بەدەست بهێنن.

*** ئێوە وەك زانایەکی ئاینی کە لە بنەماڵەیەکی ئاینیشن، ئاگاتان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی هەیە، زۆربەی سەرکردەکانی وەك شێخ عوبەیدوڵای نەهری و مەلا مستەفا و تەنانەت مام جەلالیش لە بنەماڵەیەکی ئاینین، بۆچی هیچیان حزبێکی ئیسلامیان دروست نەکرد؟**

- حزبی ئیسلامی لە کوردستان دروست نەبووە دروستیش نابێت و دورستبونیشی زەحمەتە، بۆچی؟ دەمێکە من تەمەننای ئەوەم دەکرد کە حزبێکی ئیسلامی کوردی سەربەخۆ دروست بکەین، بەڵام ناتوانین، لەبەر ئەوەی هەرچی پارتی ئیسلامی هەیە سەر بە ئیخوان و هەندێ پارتی دیڕێنی دیکەن، فیکرەکە لەوێیەوە هاتووە، پێشتر هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نەبوو، هەر فەرمانێك لەوێ دەربکرایە، لێرە جێبەجێ دەکرا، بەڵام ئێستا ناچارن ڕەچاوی هەندێ بەرژەوەندی و ڕەچاوی سروشتی خەڵکەکە بکەن، بە تایبەتی دەزانن کە تەوژمی نەتەوایەتی لێرە باوە. من بەو کەسانەی ئێرە و تەنانەت بە سعودیەکانیشم

**حزبی ئیسلامی لە کوردستان دروست نەبووە دروستیش نابێت و دورستبونیشی زەحمەتە، بۆچی؟ دەمێکە من تەمەننای ئەوەم دەکرد کە حزبێکی ئیسلامی کوردی سەربەخۆ دروست بکەین، بەڵام ناتوانین، لەبەر ئەوەی هەرچی پارتی ئیسلامی هەیە سەر بە ئیخوان و هەندێ پارتی دێرینی دیکەن**

ڕاگەیاند کە پێویســـت ناکات ئێوە مەزهەبی حەنبەلی بەسەر خەڵکی ئێرەدا بسەپێنن کاتێك هەندێ هاوکاریان دەکەن، پێویست ناکا خەڵکی ناچاربکەن لە مزگەوتەکاندا و لە کاتی نوێژدا خەڵك قاچیان بڵاوبکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی پێکدادانیان لەگـــەڵ مەلاکاندا و ئەو کاتە ناتوانـــن هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت، لێیان گەڕێن با مەزهەبی شافیعی پەیڕەو بکەن. دواتر پاساوی دروستبوونی پارتە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕەنگە هەبێت لەبەر ئەوەی چەندین ســـاڵە پارتە نەتەوەییەکان حکوم دەکەن بەڵام نەیانتوانیوە هیچ دەستکەوتێك بۆ خەڵکەکە بەدەســـت بهێنن، بەڵام خۆ ئێمە هێشتا دەوڵەتیش نین، ئەگەر بوبینە دەوڵەت و ماوەیەك پارتە نەتەوەییەکان حکومڕانیان کرد و شکستیان هێنا، ئەو کاتە دەتوانین حزبێکی ئیسلامی دروست بکەیـــن و بڵێین ئێوە هیچتان پێنەکرا و دەبێت دەســـەڵات بدەنە دەست ئێمە.

*** ئیخوان لەســـەرەتاوە ڕەوتێکی ئەخلاقی و پەروەردەی بوو، بەڵام بۆچی دەستی بۆ سیاسەت برد؟**

- لە ڕاســـتیدا ڕەوتی کۆمەڵایەتی و ئیسڵاحی لە سەردەمی شـــێخ محمەد عەبدەدا هەبوو، بەڵام دواتر ڕەشـــید ڕەزا هات و هەڵوێســـتێکی توندی وەرگرت، شـــێخ حەسەن بەننا هات و لە چوارچێوەی حزب و ڕێکخســـتندا کۆیکـــردەوە و تەنانەت مەفرەزەی چەکداریان هەبوو، هەرچەندە بانگەشـــەی ئەوەیان دەکرد کە بۆ پارێزگاری کردنـــە لە خۆیان، بەڵام دوای ئەوان ســـەید قوتب هات و بە ئاشـــکرا داوای جیهـــاد و ڕوخاندنی دەسەڵاتی دەکرد، ئەبو ئەعلای مەودودی زۆر توند بوو.

*** بەڵام بۆچی ئێمە ئەفکاری دەرەوە بهێنین و لە کوردستاندا تاقیبکەینەوە، خۆ کوردســـتان کێڵگەی تاقیکردنەوە نیە، ئێمە شـــیوعیەتمان لە ڕوسیاوە هێنا شکســـتی خورا، بۆچی ئێستا ئیخوان لە میسرەوە بهێنین؟**

- لە ڕاســـتیدا ئێمە هەموو شـــتێکمان هەر لە دەرەوە هێناوە، کاتی خۆی تەریقەتی نەقشـــبەندیمان لە هیندســـتانەوە هێنا، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە وڵاتی ئێمە شاری گەورە بوونی نیە، ئەفکاریش لە شارە گەورەکاندا دروست دەبێت لەبەر ئەوەی خەڵکی تێکەڵی یەکتری دەبن و بیر لە شێوەڕێکخستنی ژیانیان دەکەنـــەوە، تەنانەت ئەفکاری حزبی ئیســـلامیش لە تەسەوف وەرگیراوە، حەسەن بەننا سوودێکی زۆری لە تەسەوف وەرگرتووە، مەرج نیە تەنها لە یەك ڕێگەی تەســـەوف بەڵکو لە قادری، تیجانی و نەقشـــبەندی و هتد، بۆ نموونە هەندێ مەســـەلە دەبێت بە نهێنی بن. لەڕاســـتیدا کوردســـتان بۆتە کێڵگەی تاقیکردنەوە، بـــەڵام ئایا تا چەند ئەو تاقیکردنەوانە سەرکەوتوودەبن، ئەوا ئەمە پرسیارەکەیە.

*** باس لـــەوە دەکرێت کە لە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئیخوان فتوایی ئەوەی نەداوە کە دەبێت جیهاد لە دژی بەعس بکرێت، بۆ نموونە بزوتنەوەی ئیسلامی فتوای جیهادی داوە، بەڵام ئیخوانە کوردەکان بە ناو ئۆردوگاکاندا گەڕاون و خەڵکیان پەشـــیمان کردۆتەوە و وتویانە ئێمە باوەڕمان بە چەك نیە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئـــەو کاتە هـــۆکاری جیابوونەوەی بزووتنەوەی ئیســـلامی هەســـتکردن بوو بـــەو زوڵمەی لە نەتەوەی کـــورد دەکرا، واتە هۆکارەکە دروستبوونی هۆشیاریەکی نەتەوەیی بوو کە تێکەڵی ئاینەکەیـــان کرد، بەڵام ئیخوان ڕازی نەبوون بە دروســـتبوونی ئەم هۆشـــیارییە نەتەوەییە و دەبو عەرەب ئەم هۆشـــیارییەی هەبوایە، لەبەر ئەوە ڕایانگەیاند هەرکەســـێك جیهاد بکات ئێمە دەری دەکەین.

*** بەڵام بۆچی ئیخوان ئەم جیاوازیەی دەکرد؟**

- لەبەر ئەوەی فیکرەی ئیخوان توندترە لە ئیسلامی ڕاستەقینە، بۆ نموونە ئەگەر لە ئیسلامدا کەسێك ببوایە بە موسڵمان زەمانی عەرەبیان بەسەردا نەدەسەپاند، بەڵام ئیخوانەکان ئەوەیان دەسەپاند کە دەبێـــت هەوڵی فێربونی زمانی عەرەبـــی بدات، یاخود بە لای کەمەوە نەدەبوایە هەوڵی زیندووکردنەوەی زمانێکی غەیرە عەرەبی بدات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو کەسانەیان وەرنەدەگرت کە فیکرەی نەتەوەییان هەبوایـــە. بەڵام من لەو باوەڕەدانیم کە دوای دروســـتبوونی یەکگرتوو لە ســـاڵی ١٩٩٤دا دەق و دەق پابەندبن بەو فیکرە ئیخوانیانەی ئەوســـاوە. ئیخوانەکانی ئەو کاتە لە کەســـێکی تورکیایان قبوڵ دەکرد، تورکچێتی بکات، بەڵام لە کوردێکیان قبوڵ نەدەکرد کوردایەتی بکات.

*** بۆچی؟**

- لەبـــەر ئەوەی پێیان وابـــوو چونکە کورد دەوڵەتی نیە، ئەمە لە کاتێکدا تورکـــەکان یان ئێرانیـــەکان دەوڵەتیان هەبوو. واتە لەســـەرەتادا لە ســـاڵانی پەنجاکاندا ئیخوان لە کوردیان قبوڵ نەدەکـــرد کوردایەتی بکات، ڕازی نەدەبـــون. بەڵام ئەم پارتە ئیسلامیانەی ئێستا ناتوانن بە کەسێك بڵێن ئەگەر کوردایەتی بکەیت فەسڵ دەکرێت.

*** بەڵام بۆچی کوردایەتی ناکەن؟**

- ئـــەوان لە ڕوانگەی خۆیانەوە نەك هـــەر کوردایەتی دەکەن، بەڵکو موزایەدە لەسەر یەکێتی و پارتیش دەکەن.

*** با باس لە ڕەوتە توندڕەوەکان بکەین، ئەوان پێشتر تەکفیری پارتـــە عەلمانیەکانیان دەکرد، تەکفیـــری پەرلەمانیان دەکرد، کاتێك لە دانوستاندابوون لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەوڵی تیرۆرکردنی د.بەرهەمیاندا ئەمە لە کاتێکدا دەڵێن ڕێز لە ڕێککەوتن و گفتوگۆ دەگرین، چۆن دێن ئێســـتا سوود لەو ئازادیە وەردەگرن کە لە ئارادایە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمانە لایەنگەلێکی توندڕەون و پێیان وایە ئەوەی ســـەردەمی جاهلیەتی پێ ئیســـڵاح بوو، دەکرێـــت بۆ ئەم ســـەردەمەش بەکاربهێنرێت، واتـــە دەیانەوێت بمانگەڕێننەوە بۆ ســـەردەمی خولەفای ڕاشدین، بەڵام هەل و مەرجی ئەو کاتە جیاوازبوو لەگەڵ بارودۆخی ئێســـتادا، ئەو کاتە دوژمنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی هێندەی دەوڵەتانی ئێستا بەهێز و پێشکەوتوونەبوون. ئەم توندڕەوانە بانگەشەی

**پاساوی دروستبوونی پارتە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕەنگە هەبێت لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە پارتە نەتەوەییەکان حکوم دەکەن بەڵام نەیانتوانیوە هیچ دەستکەوتێك بۆ خەڵکەکە بەدەست بهێنن**

ئـــەوە دەکەن کە ئەگەر هەمووەمان ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا ببینەوە ئەوا ســـەرکەوتوو دەبین، کە زۆرجار ئەمەش دەبێتە پاســـاوێك بە دەســـت ڕۆژئاواوە بۆ ئەوەی هەندێ جار هێرشـــبکەنە سەر جیهانی ئیسلامی. کوردستان بە ڕادەیەکی گەورە نەکەوتۆتە ئەم هاوکێشـــەیەوە، بەڵام دەوڵەتانێکی وەك ســـعودیە و میسر تێـــوەگلاون، وڵاتـــە عەرەبی و ئیســـلامیەکان هەڵوێســـت و سیاســـەتی جیاوازیان هەیە لە ئاست مەسەلەکاندا، بۆ نموونە لە شـــەڕی غەززەدا، هەندێ لەو وڵاتانە لایەنگری حەماس بوون، هەندێکیان پشتگیریان لێنەدەکرد، هەروەها هیچ وڵاتێکی بوێری ئەوەی نەدەکرد هێرشبکاتە سەر ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی شـــەڕی جەبهەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەم ڕەوتە توندڕەوانـــە پێیان وایە بەڵێنیان لە خوا وەرگرتووە و هەر کاتێك تێکڕای موسڵمانەکان بەشداریان کرد لەشەڕەکەدا ئەو دەتوانین ڕۆژئـــاوا بڕووخێنین. بـــەڵام زۆربەی لایەنـــەکان، بۆ نموونە دەوڵەتەکان پێیان وایە ناتوانن بچنە شەڕەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا، لەبـــەر ئەوەی پێیان وایە چەکیان جیاوازە، مەشـــقیان جیاوازە، زۆربەی دەوڵەتەکان ڕایانگەیاندووە کە ئەوان شەڕی جەبهەییان پێناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە ســـەردەمی شـــەڕە شمشێر نییە، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی هاوسۆزیشـــن لەگەڵیاندا وەك سوریا



پێیـــان ڕاگەیاندوون کە ئێمە شـــەڕمان پێناکرێت و ئەگەر ئێوە دەتوانن بەو شێوەیە ئیسرائیل بێزاربکەن، ئەوا بیکەن، بەڵام ئێمە ناتوانین بچینە شـــەڕەوە، بەڵام ئەوان پێداگیری دەکەن و دەڵێن پێیـــان دەکرێت و ئەوان خائینن. حەمماس بەو کەســـانە ناڵێت کافـــر، بەڵکو دەڵێت خائین، بۆ نموونـــە هەندێ لە ئەندامانی فەتح کە ســـیخوڕیان بۆ ئیســـرائیل کردووە و لای حەمماس زیندانین، پێیان ناڵێت کافر، پێیان دەڵێت خائین.

*** مامۆســـتا ئێوە وەك پیاوێکی ئاینی چۆن ســـەیری ئەوە شەڕەدەکەین، ئێمە باســـی قوربانیە مەدەنیەکان ناکەین، لەبەر ئـــەوەی هەموکـــەس هاوســـۆزە لەگەڵ ئـــەو منداڵانەی لە قوتابخانەیەکدا هێرشیان دەکرێتەسەر؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە لە لایەك دڵمان بۆیان دەسوتێ کە لێکترازان و کەرتبـــوون بـــەدی دەکەین لە نێوان فەتح و حەمماســـدا، لە لایەکی دیکەش هەســـت بە تووڕەیی دەکەین لە ئاســـتیاندا کە بۆچی بـــەو شـــێوەیە ڕەفتاردەکەن. دواتر هەمـــو لایەك ئەو ڕاســـتیەی لەبەرچاوبوو کە حەمماس شـــەڕێکی ناهاوسەنگ و نابەرامبەر دەکات، چونکە ئیســـرائیل ئاســـمانی کۆنترۆڵ کردبـــوو و بە فڕۆکە بۆردومانـــی دەکرد، ئەگەر ڕاوێژ بە من بکرایە من پێم باش نەبوو ئەو هەموو خەڵکە بەکوشتن بدەیت و هیچیش بەدەست نەهێنیت، دەبوو لەگەڵ فەتحدا بگەیشتایەتە ڕێککەوتن، ناکرێت خەڵکی خۆت بە کوشت بدەیت، تەنها لەبەر ئەوەی بڵێیت من ئازام و دەتوانم خۆم بە کوشـــت دەدەم، خەڵك قوربانی دەدات و خۆی بە کوشـــت دەدات بۆ بەدەســـتهێنانی دەستکەوتێك.

*** هەندێ شـــت لە نیشتماندا پیرۆزە، وەك سرودی نیشتمانی و شەهیدانی قۆناغی ڕزگاری، بەڵام لە هەندێ بۆنەدا یاخود لە کاتی لێدانی سرودی نیشـــتمانیدا خەڵکی وەك ڕێزلێنانێك ڕادەوەســـتن، بۆ نمونە لە پەرلەماندا کاتێك ئەم ســـروودە لێدرا، هەمو لایەك وەك ڕێزلێنان بۆ گیانی شەهیدان هەستانەوە، ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمان بەرهەمی خوێنی شـــەهیدانە، بەڵام مەلا عەلی باپیر ڕانەوەســـتا و ووتی ئەمە پێچەوانەی شەرعە، ئێوە وەك مامۆستایەکی ئاینی بیروبۆچونتان چییە لەم ڕووەوە ئایا ئەمە پێچەوانەی شەرعە؟**

- من خۆم هەڵدەستم لەم کاتانەدا، ڕاستە ئەمە ئەرکێکی ئاینی نییە، بەڵام ئەرکێکی نیشتمانییە، زۆرجار هەندێ ئەرکی دیکە هەن ئەرکی عورفین، بەڵام ئەگەر ئەنجامیان نەدەیت بەرامبەر وا هەست دەکات سوکایەتیت پێکردووە، بۆ نمونە دانانی پرسە و چـــوون بۆ تەعزیە، ئەمە لە هەموو کتێبەکاندا مەکروهە، بەڵام ئەگەر نەچی خاوەنی تەعزیە لێت عاجز دەبێت، لەم حاڵەتەشدا ئەگـــەر ئەم ئەرکە ئەنجام نەدەیت ئەوا وا هەســـت دەکرێت کە ســـوکایەتیت بەم ڕەمزە نیشـــتمانییە کردووە و خەڵکانێك پێی کاریگەر دەبن.

*** بـــەڵام ئایا ئاین ڕێ لەوە دەگرێت کەســـێکی وەك جەنابت ببێتە پێشـــمەرگە و بەرگری لە نیشتمانەکەت بکەیت، ئەگەر**

●●●

**کە لە وڵاتی ئێمە شاری گەورە بوونی نیە، ئەفکاریش لە شارە گەورەکاندا دروست دەبێت و بیر لە شێوەڕێکخستنی ژیانیان دەکەنەوە**

●●●

**پێویست بکات؟**

- نەخێر ئایین ڕێگە ناگرێـت، تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی یەکێتی زانایان ماوەیەك پێشمەرگە بوون و چەکیان پێ بوو.

*** بـەڵام ئایا کاتێك بەو پێشـمەرگانە ناوترێت شـەهید کە گیانی خۆیان بەخت کردووە، ئایا ئەمە سووکایەتیکردن نییە بە پیرۆزییەکانی میللەتێك؟**

- لە ڕاسـتیدا ئەگەر مەبەستمان لە شـەهید ئەو کەسە بێت کە وەك لە شـەرعدا هاتووە بۆ ئەوە شەڕی کردبێت کە "لتكون كلمة الله هي العليا" ئەوا ئەو شـەهیدە لەم سەردەمەدا بوونی نەماوە، تەنانەت ئەوانەی فەلەسـتینیش کە لە دژی ئیسرائیل شـەڕ دەکەن هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئیسـرائیل خاکی ئەوانی داگیرکردووە، ئەوانیش شـەهید نین بەو تەفسیرە بەرتەسکەی شـەرع کردویەتی، بەڵام ئەگەر کەسـێکی وەك پێشمەرگە کە دەکوژرێت و ئێمە پێمان وایە ئەوە کارێکی پیرۆزی کردووە ناوی شەهیدی لێدەنێین ئەوا هیچ پێچەوانەی شەرع نیە.

*** ئایا دەسەڵاتی کافرکردن لە دەستی کێدایە، چۆن دەتوانین کەسـێك بێ ئەوەی بە ئاشکرا شـەریکی بۆ خوا دانابێت پێی بڵێین کافر؟**

- مەسەلەی کافرکردن مەسـەلەیەکی قورسە، بۆ نموونە من کەسێك دەناسـم کە ئێستاش دەڵێ من شیوعیم، بەڵام لە پێش منەوە لە مزگەوت ئامادە دەبێت، من چۆن پێی بڵێم کافرە. بێ دانانی شـەریك بۆ خوا بە شێوەیەکی ئاشکرا ناتوانین بە کەس بڵێین کافر، بەڵام هەندێ ڕێسـا و یاسـاش هەیە کافربوونی دیاری کردووە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك باوەڕی بە خوا نەبێت بە ڕۆژی دوایی نەبێت، باوەڕی بەوە نەبێت کە نوێژکردن فەرزە.

*** ئیزدواجیەتێك بەدی دەکرێت لەنێو پارتە ئیسـلامیەکاندا، بۆ نموونـە لە بارەگاکانیاندا دەرسـی ئاینـی دەڵێنەوە و لە سـەر تەلەفزیۆنیش باس لەوە دەکەن ئاو نییـە، کارەبا نییە و خزمەتگوزاری نیە، ئێوە چی دەڵێن لەم ڕووەوە؟**

- ئەو مەسەلانە هەر بەو شێوەیە هاتووە، بۆ نموونە زۆرجار کەسانێك کە هەژاران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر دەوڵەمەندبن، ئەوا دەسـت دەکەن بە چاکە و خێرکردن، بەڵام ڕەنگە وا دەرنەچێت، سـەنگی مەحەك ئەوەیە کاتێك دەسـەڵاتت لەدەستدابوو چی دەکەیـت، واتە ئەم پارتانە ڕەخنەدەگرن و دەڵێن ئەگەر بگەینە دەسـەڵات بەو شـێوەیە کاردەکەن، هەر ئەوەشیان لێ پێشبینی دەکرێت و ئەوان دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات. ئەمە لە ڕابردوودا و بۆ هـەژاران ڕەنگە تەنها خۆهەڵکێشـانێك بوایە، بەڵام لە حاڵەتی ئێستادا ڕەنگە سوودی ئەوەی هەبێت ببێتەهۆی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بۆ بدات. لە ڕاستیدا خزمەتکردنی دەسـەڵات بەو شـێوەیە دەبێت کە ڕەخنەبگرێت و چارەسەریش پێشکەش بکەیت، بەڵام ئەوان ئامانجیان ئەوەیە بگەنە دەسەڵات نەك خزمەتکردنی دەسەڵات.

*** باشـە با لـە ئاین بگەڕێیـن و وەك عەقیـدە بمێنێتەوە ئەگەر خەڵك سیاسـەت بکات و تێکەڵ بە ئاینی نەکات ژیان خۆشترنابێت؟**

- ئەوان بانگەشـەی ئەوە ناکەن خەڵك دەبنە بەهەشت، ئەوان ڕای دەگەیەنن کە باشتر کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن.

*** واتە ئەوان خۆیان ئاینیان لە سیاسەت جیاکردۆتەوە؟**

- بەڵێ.

*** ئێسـتا دیاردەیەکی دیکە دروست بووە، هەر گۆرانیبێژێکی فارس یان تورك گۆرانی بە سـەر ئاینـدا بڵێن خێرا دەیکەنە کـوردی و بڵاوی دەکەنـەوە، واتە خەریکە بـرای کوردمان لێدەکەنە برای موسـڵمان، وەك ئەوەی کەس لێرە سرودی ئاینی نەڵێـت و پێغەمبەری( د.خ) خۆش نەوێت، ڕای ئێوە چیە لەم سەر ئەم مەسەلەیە؟**

- کاتی خۆی پرسـیاریان لە شـێخ شـەعراوی کـرد و وتیان بارودۆخی میسر بە چی چاك دەبێت، لە وەڵامدا وتی "اذا كان اكلك من فاس غيرك يكون عقلك من راس غيرك و اذا كان اكلك من فاسك يكون عقلك من راسك"، مانای وایە ئەگەر یارمەتیت لە لایەنێکەوە بوێت ئەوا عەقڵت لەسـەر ئەوەدایە، بەڵام ئەگەر پشت بەخۆت ببەستیت و ژیانت بەرهەمی کاری خۆت بوو ئەوا بە عەقڵی خۆت بیردەکەیتەوە، واتە هەندێ مەسەلە هەیە ڕەنگە ئامانجەکە بەدەستهێنانی یارمەتی بێت، بەڵام ئەگەر هاوکاریت



**ئیخوانەکانی ئەو کاتە لە کەسێکی تورکیایان قبوڵ دەکرد، تورکچێتی بکات، بەڵام لە کوردێکیان قبوڵ نەدەکرد کوردایەتی بکات**



## کریستۆفەر داڤیدسۆن بۆ گوڵان:

# زۆربەی پارتە ئیسلامییەکان هەوڵی گەڕاندنەوە بۆ سەدە کۆنەکانی رابردوو دەدەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو ئازادبوونە کۆمەڵایەتییەی ئافرەتان و ئەو کرانەوە دیموکراسییەی هاتۆتە ئاراوە

**•••**
**قەومییەت وەک ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی سەرکەوتونەبوو، ئێستا مەیلێکی زیاتر هەیە بۆ تێکەڵکردنەوەی ئایین و سیاسەت**
**•••**

**پرۆفیسۆر کریستۆفەر داڤید سۆن ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە Middle east policy council و دەرچووی زانکۆی سکۆتلاندایە و وانەبێژە لە زانکۆی شێخ زاید لە ئیمارات و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتی ئیسلامی، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی بە سیاسیی کردنی ئایین و هۆکاری هەڵکشانی دیاردەی بەسیاسیی کردنی ئایین لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر داڤید سۆن کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**• بۆچی جیهانی مۆدرێن هەوڵدەدات ئایین و سیاسەت لیکجیابکاتەوە، بەڵام لە جیهانی عەرەبی ئیسلامی هەوڵێك هەیە بۆ تیکەڵکردنەوەیان ؟**

- سەرەتا هۆکاری بوژانەوە و گەڕانەوە بۆ تێکەڵکردنی ئیسلام و سیاسەت، بۆ شکستی رەوتی نەتەوەخوازی عەرەبی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی خەڵکی ئەم وڵاتانەدا، ئەم رەوتە نەیتوانی ئیسرائیل تێکبشکێنێت و فەلەستین رزگاربکات، نەك هەر ئەوە رژێمی عێراقی روخێنرا و وڵاتەکە داگیرکرا، واتە قەومییەت وەك ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی سەرکەوتونەبوو، لەبەر ئەوە ئێستا مەیلێکی زیاتر هەیە بۆ تێکەڵکردنەوەی ئایین و سیاسەت، هەروەها بەهۆی ئەو سستبوونە ئابوورییە جیهانییەی دروست بووە، پێشبینی دەکرێت زیاتر ئەم تیکەڵاوکردنە پەرەبستێنێت. ئەوەی پەیوەندی بە مەترسییەکەوە هەیە، ئەوا پەیوەستە بەو کەمینانەی لەم وڵاتانەدا بوونیان هەیە، وەك مەسیحی و جولەکە و قیبتییەکان و هتد، واتە ئایا بە چ شێوەیەکی رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**• پارتە ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی تا ئەو کاتە باوەڕیان بە هەڵبژاردن هەیە کە دەگەنە دەسەڵات، بەڵام دواتر ئەم بنەما دیموکراتییە بە مەسەلەیەکی نایاسای دادەنێت کە پەیوەستە بە رۆژئاواوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا بنیات بنرێت لە کاتێکدا ئوسوڵییەتی ئیسلامی هەڕەشەی سەرەکییە بۆ سەر دیموکراسی؟**

- هەمیشە ئەو مەترسی و نیگەرانییە هەیە کە ئیسلامییەکان سیستەمی دیموکراسی رۆژئاوا بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و، ئەو کاتەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، تەنیا یاسای شەریعەت بە یاسا بزانن و ئەو سیستەمە هەڵبووەشێننەوە کە ئەوانی گەیاندە دەسەڵات.

**• ئایا دیموکراسی ئەمە قبوڵ دەکات؟**

- هەمیشە ئەوە جێی باس و خواس بووە کە ئایا ئەو ئازادبوون و کرانەوە سیاسییەی لە رۆژئاوادا روویدا، دەکرێت لەم وڵاتانەدا دووبارە بکرێتەوە کە هێزگەلێکی کولتووری بەهێز هەیە لەم کۆمەڵگەیانەدا و هێشتا سیاسەتی عەشیرەتگەری لە ئارادایە لە قاڵبی ئەوەی پێی دەوترێت شورا، کە پێناچێت پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبێت. واتە ئایا دەکرێت دیموکراسی لەگەڵ کولتووری ئەم وڵاتانەدا بگونجێنرێن، من

پێم وایە بنەما دیموکراسییەکان بنەماگەلێکی جیهانین، بۆ نموونە ئازادی رادەبڕین و فرەیی سیاسی و هتد، بەڵام ناکرێت سەربازانی ئەمەریکا بهێنێتە عێراقەوە و لە ماوەیەکی کورتدا دیموکراسییەتی جۆرج واشنتۆن لەو وڵاتەدا جێگیربکەیت، ئەمە پێویستی بە کارکردن و دانانی نەخشەی رێگا هەیە بۆ ئەوەی بهێنرێنەدی.

**• باس لە بوونی پارتی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو دەکرێت لە کاتێکدا هەردوولایان قورئانی پیرۆز بە بناغە و بنچینە دادەنێن، ئایا بە تێڕوانینی تۆ توندڕەو و میانڕەو هەیە لە ئیسلامدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکانی کوەیت ئیسلامین، هەرچەندە سەر بە لیستێك یان پارتێکی ئیسلامی دیاری کراونین، بەڵام ئەم ئەندامە پەرلەمانانە هەوڵی پەرەپێدانی لێبوردەی ئیسلامی و گونجاندنی دیموکراسی دەدەن لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەدا، بەڵام بە داخەوە زۆرێك لە پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئاسیای ناوەڕاست نەیانتوانیوە قەناعەت بە خەڵك بکەن کە میانڕەو و لێبوردە دەبن کاتێك دەگەنە دەسەڵات.

**• ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کە هاوپەیمانی ئەمەریکان، بەڵام هاوڵاتییەکانیان بە تەواوەتی دژی رۆژئاوان و لە هەڵبژاردنەکاندا ئیسلامییەکان رێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست دەهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی ئەمەریکایە، یاخود گەلانی ئەم ناوچەیە پەرۆشی دیموکراسی نین؟**

- ئەوە خاڵێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتی هەناردەکردنی دیموکراسییەی بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتیانەبەر لە ئاست عێراق و ئەفغانستاندا بووە هۆی زیادکردنی شەعبیەتی ئەو پارتانەی ئیسلامیان کردۆتە بنەمای دروستبوون و کارکردنی خۆیان. ئەم پارتانە توانیان خەڵك لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی داگیرکار و داگیرکارانیان دەکرد، لەبەر ئەوەی بە تەنیا دانانی ئیسلام بە سەرچاوەی شەرعیەت لە لایەن ئەم پارتاناوە دەیانکاتە هێزێکی دژە رۆژئاوایی.

**• ئیخوان موسلمین بانگەشەی ئەوەدەکات کە توندڕەو نییە، بەڵام حەماس کە سەر بە ئیخوان موسلمینە، خەباتی چەکداری دەکات، ئایا ئەم بانگەشەیە تەنیا بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە؟**

- من نازانم لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا لە لایەن ئیخوان موسلمینەوە چۆن بەرژەوەندییە دەرەکییەکان دەپارێزرێن، چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمینەی قیبتییەکانی ئەو وڵاتەدا دەکرێت، رەنگە ئیخوان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان هەڵوێستی میانڕەوانە بگرێتەبەر، بەڵام روون نییە ئایا بە چ رەوتێکی خێرا دەگۆڕێت کاتێك دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئەمە بۆ وڵاتی ئوردنیش راستە کە هەلومەرجەکە جێی مەترسییە بەتایبەتی لە رووی ئەگەری دروستبوونی ناسەقامیگری سیاسییەوە.

**• هەموو پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان لە دەرەوە کۆمەك دەکرێن، بۆ نموونە لە رووی داراییەوە یارمەتی دەدرێن، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داراییان نادات؟**

- ئەوە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو بنەماڵە دەوڵەمەندانەی ئەم کارە دەکەن لە وڵاتانی سعودیەو، ئیمارات، یان قەتەر هتد نیشتەجێن کە هەندێ لەم وڵاتانەی بنکەی ئاسمانی و دەریایی ئەمەریکی تێدایە، ئەم بنەماڵانە شەرعییەت و پشتوانییەکی ناوخۆییان هەیە بۆ ئەو کارەی دەیکەن و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کارێکی زۆری لەدەست نایەت لەم رووەوە بیکات.

**• هەندێ لە شارەزیانی رۆژئاوا پارتە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵات بە پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوا، بەڵام رەنگە ئەم پارتە مەسیحیانەی رۆژئاوا هەوڵی ئەوە نەدەن کە ئەورووپا بگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەگەر پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات ئەوا ئەزمونی تاڵیبان دووبارە دەکەنەوە، ئایا تا چ رادەیەك دەکرێت ئەم بەراوردە بکەین؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە ئەمە بەراوردکردنێکی خراپە، راستە مەترسی و نیگەرانی ئەوەیە کە زۆرێك لە پارتە ئیسلامییەکان هەوڵی گەڕاندنەوە بۆ سەدە کۆنەکانی رابردوو دەدەن و رەنگە ئەمەش ببێتەهۆی پێچەوانەکردنەوەی ئەو ئازادبوونە کۆمەڵایەتییەی ئافرەتان و ئەو کرانەوە دیموکراسییەی هاتۆتەئاراوە، بەو پێیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ئەم پارتانە بە پارتە مەسیحییەکانی ئەڵمانیا یان فەرەنسا بەراورد بکرێن.




**ئەو مەترسی و نیگەرانییە هەیە کە ئیسلامییەکان سیستەمی دیموکراسی رۆژئاوا بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و، ئەو کاتەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، تەنیا یاسای شەڕیعەت بە یاسا بزانن و ئەو سیستەمە هەڵبووەشێننەوە**

فەرهات هەق بۆ گوڵان:

# تاڵیبان لە ناوچە سنورییەکاندا تەحەددای دەسەڵاتی پاکستانی دەکات، هەڵدەستێت بە سوتاندنی قوتابخانەی کچان و داخستنی ئەو دوکانانەی بەرهەمی گۆرانی و موسیقادا دەفرۆشن



**خاتوو فەرهات هەق ئوستادی بەشی حکومەتە لە زانکۆی کۆرنێڵ و بەرەگەز پاکستانییە، پاکستانیش لەو رۆژەوەی لە هیندیستان جیابۆتەوە پاشان بوون بە پاکستان وبەنگلادیش، نەیانتوانیوە حکومڕانییەکی سەرکەتوو پیادەبکەن و بەردەوام وڵاتی کوشتنی سیاسیی و کودەتای سەربازی بووە، هۆکاری سەرەکیش ئەو تەوژمە ئیسلامییە بووە کە لە پاکستان سەریهەڵداوە، لەلایەکی دیکەوە پاکستان دراوسیێ ئەفغانستانەو دەکرێت ئەم ناوچەیە بەسەرچاوەی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ بزانرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونی پاکستان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی و ئێستاش لە ناوچە باکوورییەکانی پاکستان لەگەڵ پاشماوەی تاڵیباندا، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر فەرهات هەق کردوو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> **لە کاتی تێکەڵکردنی ئایین و دەسەڵاتدا، مەترسییەکە ئەوەیە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی و شمولی سەرهەڵبدات**

**• پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەوڵی ئەوە دەدەن ئایین تێکەڵ بە سیاسەت و دەوڵەت بکەن، لە کاتێکدا لە جیهانی هاوچەرخدا لێکدابڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە مەترسی ئەم تێکەڵکردنە چییە؟**

- لە کاتی تێکەڵکردنی ئایین و دەسەڵاتدا، مەترسییەکە ئەوەیە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی و شمولی سەرهەڵبدات، لەبەر ئەوەی بەرگێکی پیرۆزی دەکات بە بەر هەموو یاساکاندا و بە یاسای ئاسمانیان دادەنێت کە نابێت گومانیان لێبکرێت. ئەوەی زیاتر جێی مەترسییە و سەرنج و بایەخێکی کەمی پێدراوە ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە پتر زیان بە ئایین دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە کەسانێکی گەندەڵ نوێنەرایەتی ئایین دەکەن و بە ناوی ئایینەوە رەفتار دەکەن، هەر بۆ رەواندنەوەی ئەم مەترسیانەش هەوڵی پیادەکردنی عەلمانییەت دراوە.

**• بە حوکمی ئەزموونی ئێوە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە پاکستاندا، ئایا تا چ رادەیەك ئیسلامی سیاسی زیانی بەو وڵاتە گەیاندووە؟**

- پاکستان نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی شەست ساڵی رابردودا، پارتە ئیسلامییەکانی ئەم وڵاتە نەیانتوانیوە لە هەڵبژاردنەکاندا دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هاوپەیمانێتیان پێکهێنا. لە لایەکی دیکەوە نوخبەی دەسەڵاتداری پاکستان هەمیشە ئاینی کردۆتە ئامرازێك بۆ رەوایەتیپێدان و پاساوهێنانەوە بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی، ئەمەش هەم زیانی بە ئایین و هەم زیانی بە دیموکراسی گەیاندووە. من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پاکستان خوازیاری تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت نین، نموونەش لەم رووەوە ئەو پشتیوانییە گەورەیەبوو کە دوو ساڵ پێش ئێستا لە بزووتنەوەی پارێزەرانی ئەو وڵاتە کرا، کە داوای چەسپاندنی سەروەری یاسا و یەکسانبوون لەبەردەم یاسا و نەهێشتنی جیاکاری لە سەر بنەمای جیاوازی ئایینی دەکرد.

**• بە دڵنیاییەوە تاڵیبان نمونەیەك بوو لە حکومڕانی ئیسلامی، ئایا تا چ رادەیەك مەترسی گەڕانەوەی تاڵیبان هەیە بۆ ناو پاکستان؟**

- تاڵیبان لە ناوچە سنورییەکاندا تەحەددای دەسەڵاتی پاکستانی دەکات، لەو ناوچانەدا هەڵدەستێت بە سوتاندنی قوتابخانەی کچان و تەنگپێهەڵچنینی خەڵك و داخستنی ئەو دوکان و بازاڕانەی سەروکاریان لەگەڵ بەرهەمی گۆڕانی و موسیقادا هەیە،

خەڵکی ئەم ناوچانە پشتگیریان ناکەن، بەڵکو ئەوان دووچاری ترس و سەرکوتکردن بوونەتەوە و لەبەر ئەوەی حکومەتی پاکستان نەیتوانیوە بیانپارێزێت ئەوا رووبەڕوی تاڵیبان نابنەوە، مەبەستم ئەوەیە تاڵیبان تەنیا کەمینەیەکی بچوکە لەو ناوچانەدا و بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتگیری لێناکرێت، بەڵام نیگەرانی هەیە لە ئاست بە تاڵیبانی کردنی کۆمەڵگەی پاکستانی.

**• لە دیموکراسیدا رەهایی و بەرنامەی پیرۆز بوونی نییە، ئەمە لە کاتێکدا ئوسوڵییەتی ئیسلام و ئیخوان موسلمین بەرنامەکانی خۆیان بە پیرۆز دەزانن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دیموکراسی ئەمە قبوڵ دەکات؟**

- لە دیموکراسیدا ئەبێت رێگا بە هەموو بیروبۆچونەکان بدرێت، بۆ ئەوەی ئازادانە و بە شێوەیەکی ئاشکرا گوزارشت لە خۆیان بکەن، زۆجار باس لەوەدەکرێت کە دەبێت لەم رووەوە سنوورێك هەبێت و دەرفەت بە پارت و هێزە ئوسوڵییەکان نەدرێت، رەنگە ئەمە بیرۆکەیەکی سەرنجراکێش بێت، بەڵام ئەمە لە مەودای دووردا گیروگرفتی زیاتر دروست دەکات. واتە دەبێت رێگا بدرێت هەموو لایەنەکان بەشداربن لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بە مەرجێك پابەندبن بە رێساکانی دیموکراسی و بە دەستوورەوە، راستە مەترسی ئەوە هەیە لایەنە ئوسوڵییەکان دەسەڵات بگرنەدەست و لایەنەکانی دیکە دووربخەنەوە، بەڵام من پێموایە کێشەی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە دەبێت پتر بەرەو کرانەوەی دیموکراتی بڕوات و دواتر بە پێی تێپەڕبوونی کات دەتوانین کێشەکانی دیکەش چارەسەربکەین.

**• باس لە بوونی پارتی ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو دەکرێت لە کاتێکدا هەردوولایان قورئانی پیرۆز بە بناغە و بنچینە دادەنێن، ئایا بە تێڕوانینی تۆ توندڕەو و میانڕەو هەیە لە ئیسلامدا؟**

- ئاوێتەکردنی پارتە ئوسوڵییەکان کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی تێڕوانین و تێگەیشتنی پارتە ئوسوڵییەکان بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون، تێڕوانینێکی زۆر بەرتەسکە، بۆ نموونە ئەوان پێیان وایە لەبەر ئەوەی پاکستان دەوڵەتێکی ئیسلامییە، دەبێت هاوڵاتییەکانی موسڵمان بن، ئەگەرنا ئەوا هاوڵاتی پلەدوون، لە دیموکراسیدا نابێت ئەم جیاکاریە بکرێت، بەو پێیە کۆمەڵێك رێسا و بنەمای بنەڕەتی هەیە کە تەنانەت دەبێت رەوتە ئوسوڵییەکانیش پێوەی پابەندبن و جێبەجێی بکەن.

**• ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کە هاوپەیمانی ئەمەریکان، بەڵام هاوڵاتییەکانیان بە تەواوەتی دژی رۆژئاوان و لە هەڵبژاردنەکاندا ئیسلامییەکان رێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی ئەمەریکایە، یاخود گەلانی ئەم ناوچەیە پەرۆشی دیموکراسی نین؟**

- هیچ بەڵگەیەك نییە کە گەلانی ئەم ناوچەیە پەرۆشی هێنانەدی دیموکراسی نەبن، بە داخەوە ئەوەی پەرۆش نییە و خواستی هێنانەدی دیموکراسی نییە حکومڕانەکانی ئەم وڵاتانەن، بڕوانە میسر لە سەردەمی موبارەکدا کە ماوەیەکی دورودرێژە حکومڕانێتی دەکات، هەروەها عێراق لە سەردەمی سەددام حوسێندا. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە مەرج نییە ئەم بەرهەڵستکارە ئیسلامیانە لە پارتە عەلمانیە حکومڕانەکان باشتربن و بتوانن کێشەکانی رۆژانەی خەڵك چارەسەربکەن، لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێت کە خەڵکی خوازیاری دەسەڵاتێکی ئایینی بن کە شەریعەتیان بەسەردا بسەپێنێت و شێوە ژیانیان دیاری بکات و پێیان بڵێت کێ موسڵمانی باشە و کێ خراپ، راستە خەڵکی نزیکن لە ئاینەوە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوان لە حکومەت ئەوەیە کێشە ئابوورییەکانیان بۆ چارەسەربکات، سەروەری یاسا جێگیربکات و کێشەکانی دیکەیان بۆ یەکلابکاتەوە.

**• ئیخوان موسلمین بانگەشەی ئەوە دەکات کە توندڕەو نییە، بەڵام حەماس کە سەر بە ئیخوان موسلمینە، خەباتی چەکداری دەکات، ئایا ئەم بانگەشەیە تەنیا بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە؟**

- سروشتی حکومڕانیکردن بەو شێوەیە کە هەرلایەك دەسەڵاتی گرتەدەست، دەبێت هەڵوێستەکانی نەرمتر و میانڕەوتر بکات، تەنانەت ئەگەر پێشتریش پارتێکی توندڕەو بێت، بە پێچەوانەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردنەکاندا و دەرئەنجامی باش بەدەست ناهێنێت، بۆ نموونە ئەو پارتە توندڕەوە هیندۆسییەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا ناچاربوو بە هەڵوێستەکانیدا بچێتەوە. بەو پێیە من پێموایە چارەسەرەکە ئەوەیە کە کرانەوەی زیاتر و دەرفەتی زیاتر بخولقێنین، بۆ ئەوەی دەرفەت بە هەموو لایەك بدەین، ئەگەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و لە ماوەی حکومڕانیدا بە باشی رەفتاریان نەکرد ئەو پشتگیری دەنگدەران لە دەست دەدەن، بەو پێیە دەسەڵاتیش لە دەست دەدەن.

**• هەموو پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان لە دەرەوە کۆمەك دەکرێن، بۆ نموونە لە رووی داراییەوە یارمەتی دەدرێن، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی داراییان نادات؟**

- ئەوە راستە کە ئەم گروپە ئیسلامیانە پتر لە دەرەوە پشتگیری دەکرێن وەك لەوەی لەناو کۆمەڵگەکەوە پاڵپشتی بکرێن، من هیوادارم کۆتایی بەو ئۆکسجینە بهێندرێت کە دەدرێت بە ئیسلامییەکان، مەبەستم ئەو سیاسەتە شکستخواردووەیە کە ئەمەریکا گرتیەبەر و بووە هۆی درێژپێدانیان، هەرچەندە ئەمە تەنیا ئومێد و خۆزگەیەکە نازانم دێتەدی یان نا.

**• هەندێ لە شارەزیانی رۆژئاوا پارتە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵات بە پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوا دادەنێن، بەڵام رەنگە ئەم پارتە مەسیحیانەی رۆژئاوا هەوڵی ئەوە نەدەن کە ئەوروپا بگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەگەر پارتە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات ئەوا ئەزموونی تاڵیبان دووبارە دەکەنەوە، ئایا تا چ رادەیەك دەکرێت ئەم بەراوردە بکەین؟**

- جیاوازی و ناکۆکییەکی ئایینی هەبوو لە ئەوروپا و تەنانەت خۆیناویترین ناکۆکییەکان لە ئەوروپادا روویاندا کە ناکۆکی ئایینی بوون، بە داخەوە ئەمە لە عێراق و چەند شوێنێکی دیکە روویاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن رێیان لێبگرین، من پێموایە جیاوازی و مشتومڕ هەر دەمێنن، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو لایەك رێك بکەون لەسەر چەند بنەمایەکی دەستووری و پێوەی پابەندبن، بۆ نموونە یەکسانی بەرامبەر یاسا، ئەو کاتە ئاساییە پارتگەلێکمان هەبێت کە لەسەر بنەمای ئایینی دروست بوبێتن، مادەم پابەنددەبن و لەم رێسا دەستوورییانە دەرناچن.

**تێڕوانین و تێگەیشتنی پارتە ئوسوڵییەکان بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون، تێڕوانینێکی زۆر بەرتەسکە**

**لە دیموکراسیدا نابێت ئەم جیاکاریە بکرێت، بەو پێیە کۆمەڵێك رێسا و بنەمای بنەڕەتی هەیە کە تەنانەت دەبێت رەوتە ئوسوڵییەکانیش پێوەی پابەندبن و جێبەجێی بکەن**